دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
مەیدانی الخلانی شەقامی « الجمهوریة »
بەغدا ـ س٠پ ١٤٠١٦ تەلەفۆن ٣/٦٨٣١١ خەت

سەرنووسەر : محمد امین محمد

● دووشممە ٣٠ی کانوونی دووەمی ١٩٧٨ ژمارە ٤١١ ●

هاوکاری

٨ لاپەڕە

٢٥ فلسە

سالی ١٩٧٠ دامەزراوە

یەکێ لەلایەنە بنەڕەتیەکانی تاقیکردنەوە دیارەکەی شۆڕش کە ڕۆژگار ڕاستی و سەرکەوتنیانی سەلماند ، ئەو بەرنامە ڕاستو نەگۆڕە بوو کە لەڕەفتارکردن لەگەل جەماوەرو لەدروستبوونی بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخوازو لەچارەسەرکردنی مەسەلەی کورددا پشتی پێ بەستبوو ٠ سەرۆکی فەرماندە احمد حسن البکر

● الاثنین ٣٠ کانون الثانی ١٩٧٨ العدد ٤١١ ●

لە بەرنامەکانی سەروکی فەرماندە بوسەروکانی لیبیاو یەمەنی دیموکرات :

عیراقی شۆڕش ڕێی ڕاستی بەرەنگاری نەخشەکانی ئیمپریالیزم وزایۆنیزم دەست نیشان دەکات

دوێنێ سەرۆکی فەرماندە بەڕێز احمدحسن البکر دوو نامەی تایبەتی ئاراستەی سەرۆکی لیبیاو سەرۆکی یەمەنی دیموکرات کردوە ٠ ئەم دوو نامەیەش پەیوەندیان بەباری ئیستای ناوچەی عەرەبیەوە هەیەو ٠

وە دوێنێ بەیانی سەرۆکی بەڕێز احمد حسن البکر لە مەکتەبی ڕەسمی خۆیدا لەگۆشکی کۆماری چاوی بە هاوڕێ طارق عزیز ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوەیی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کەوتووە بەبۆنەی چوونەوەی بۆ دەرەوەی وولات ٠ بەڕێز طارق عزیز نامەیەکی تایبەتی سەرۆکی بەڕێز بردووە بۆ سەرۆك معمر القذافی ٠

هەروەها دوێنێ بەیانی سەرۆکی بەڕێز احمد حسن البکر لە مەکتەبی ڕەسمی خۆیدا لە کۆشکی کۆماریی چاوی بەبەڕێز محمد محجوب ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەزیری بەرەوەردە کەوتووە بەبۆنەی چوونەوەی بۆ دەرەوەی وولات ٠ بەڕێز محجوب نامەیەکی تایبەتی سەرۆکی بەڕێزی بردوە بۆ سەرۆك سالم ربیع علی سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی لە کۆماری یەمەنی دیموکراتی میللیدا ٠

هەروەها دوێنێ عەسر هاوڕێ طارق عزیز ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوەیی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش نێرراوی سەرۆکی بەڕێز احمد حسن البکر بۆ لای ئەمینداری گشتی کۆنگرەی گشتی گەل لە کۆماری عەرەبی لیبیا عەقید معمر القذافی گەیشتە ئەڕابلس ٠

هاوڕێ طارق عزیز لە فڕۆکەخانەی ئەڕابلس ڕای گەیاند کە نامەیەکی دەستنووسی لە سەرۆك احمد حسن البکری بەڕێزەوە پێ یە بۆ عەقید معمر القذافی سەبارەت بەو دۆخو بارەی ئیستای عەرەبو ئەو ڕێبازانەوە کە زامنی ڕووبەڕوو بوونەوەی نەخشەو پیلانە ئیمپریالی یە زایۆنی یەکانو سیاسەتی خۆبەدەستەوەدان ئەکا ٠

هەروەها نێرراوی سەرۆکی بەڕێز وتی ، ئەو سەردانە بەشێکە لە ڕاوێژکردنێکی بەردەوامی نێوان هەردوو سەرکردایەتی عیراقو لیبیا ، سەبارەت بەوەی کە پەیوەندی یەکی برایانەی چەسپاوو تێگەیشتنێکی قووڵ دەربارەی مەسلەحەت جوهەریەکانی عەرەب بەیەکەوەی بەستوونەتەوە ٠

لەوەڵامدانەوەی پرسیارێکدا کە نوێنەری ئاژانسی دەنگوباسی لیبیا سەبارەت بە پەیوەندی نێوان عیراقو سوریا لێی کرد ، هاوڕێ طارق عزیز وتی ، ئێمە گیروگرفتێکی گەورە لە پەیوەندی ئێستای نێوان

بروانە ل٧

سەرۆکی فەرماندە :

چەندە شۆڕشەکەمان مەوقعی بەرەوپێشدەوە بگرێ ڕووبەڕووی ژمارەی زیاتری دوژمن ئەبێتەوە

سەرۆکی فەرماندە بەڕێزاحمد حسن البکر بایەخی ئەو دەورە پێشڕەوەی دووپاتکردەوە کە چینی کرێکار لەو کاروبارە گۆڕانکاریە سۆشیالیستیدا ئەیگێڕی کە وڵاتەکەمان ئەیبینێ ، بەو جۆرەی سەرکەوتنی ئەو تاقیکردنەوەیەئەسەلمێنێت کە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست شۆڕشگێرانە سەرکردایەتی ئەکات تا وڵاتەکەمان سەرچاوەی تیشگدانەوەی ناوچەی عەرەبو هەمووجیهان بێ ٠

سەرۆکی فەرماندە ئەم قسانەی لە بەردەم ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی یەکیەتی گشت نەقابەکانی کرێکاراندا کرد کە دوێنێ ئێوارە لە بارەگای یەکیەتی سەری لێدا ٠

بەڕێز سەرۆکی فەرماندە باسی ئەو پیلانانەی کرد کە لە لایەن ئیمپریالزمو کۆنەپەرستەوە روو بەرووی شۆڕشکەمان ئەبێتو ووتی چەندە شۆڕشەکەمان مەوقعی بەرەو پێشەوە بگرێ زیاتر روو بەرووی دوژمن ئەبێتەوە ٠

دیسان سەرۆکی فەرماندە داوای کرد هێزەکانی دوژمن بە شۆڕش دەسنیشان بکرێو ئەمەش پێویستی بە زیاتر هوشیارکردنەوەی تینو توانای باڵا هەیە لە ڕێزی چینی کرێکارو ڕۆنەکانی گەلدا بۆ بەردەوامی کاری بنیاتنانو گەشەپێدانو پێشخستنی بەرهەم ٠

سەرۆکی بەڕێز مەدحی هوشیاری چینی کرێکارانی کرد لە ماوەی سەرنجدانی یەوە ئەکاروانی سەرکردایەتی ئەقابیوە گەمارۆدانی سەلبیاتی ئیشوکار بەشێوازی دیموکراتیانەی ساغ ، دیسان ڕاسپاردەو ئامۆژگاری خۆی ڕاگەیاند کە پێویستە بەردەوام بن لە سەرنجدانی هەئەو سەلبیاتدا بۆ پێش خستنی ئیشوکار بەو جۆرەی گەشەپێدان لە وڵاتدا فرمان ئەکا ٠

ئەوە شایانی باسە سەرۆکی فەرماندە لە لایەن هاوڕێ قاسم شریف ئەندامی مەکتەبی مەرکەزی کرێکاران لە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی یەوە پێشوازیەکی گەرم کرا ٠

عیراق گوێ نادات بانگەوازی بەستنی کۆبوونەوەی باڵا لەجەزائیر کە ئەو لایەنانەی بەیاننامەی کۆنفرانسی طرابلسیان مۆرکردوە تێدا بەشدار ئەبن

عیراق دووپاتی کردەوەکە گوێ ناداتە بانگەوازی بەستنی کۆبوونەوەی باڵاکەی جەزائیر بۆ ئەو لایەنانەی کە بەیاننامەی کۆنگرەی ئەرابلس یان مۆرکردوو ٠

لەم ڕووەوە قسەکەرێکی ڕەسمی ئەمەی خوارەوەی ڕاگەیاند :

حکومەتی عیراق ئاگاداری ئەو کۆشش و تەقەلایانەبوو کە هەندێ وڵاتی عەرەبی بۆ ئەوە کە بەستنی کۆبوونەوەیەکی باڵا لە جەزائیر لە کۆنایی ئەو هەفتەیەدا بۆ ئەو لایەنانەی کە بەیاننامەی کۆنگرەی ئەو دواییەی ئەرابلس یان مۆرکردووە ٠

حکومەتی عیراق ئاشکرای ئەکا گوێ نادانە ئەو بانگەوازە چونکە کاتی خۆی لەبەر ئەو هۆیانەی بۆ جەماوەرانی عەرەبو هەموولایەنە بەسەدارەکانی خستەڕوو ، لەکۆنگرەی ئەرابلس گشاوەتەوە ٠

عیراق کە هەئوتستیکی ئەگۆڕی بەرامبەر بەسیاسەتی خۆ بەدەستەوەدانو ئەخشە ئیمپریالیە زایۆنی یەکان گرتۆتەبەر ناتوانێ لە هیچ کۆنگرەیەکدا بەشدار بێت ئەگەر پێشەکی دڵنیایی لەئامادەبونی ئەو پێداویستە ڕاستەقینانەی ئەنجامیکی ئەوتۆ بەدەستەوە دەدەن کە توانای بەکردەوەی خۆڕاگرتنو بەرەنگاربونی دژی ئەخشە ئیمپریالی یە زایۆنی یەکانو سیاسەتی خۆبەدەستەوە دان دەرەخسێنن ، ئەوپێداویستانەی کە بەلای هیچ کەسێکەوە شاراوەنین ٠

حکومەتی عیراق هەئوتستی خۆی بەرامبەر هەر کۆبوونەوەو کۆنگرەیەك لەبەرڕۆشنایی ئەو ئامانجە بەکردەوانە بڕیار ئەدا کە بەوئاستە دەیگۆڕێ ٠

سەرچاوەیەکی لێپرسراو لە وەزارەتی دەرەوە :

ئوودەنگوباسانەی بەدرۆخستۆتەوە لەسەرئاژانسی دەنگوباسی پرۆژئاوابدوویان کردۆتەوە

سەرچاوەیەکی لێپرسراولە وەزارەتی دەرەوە هەواڵەکانی هەندێ لە ئاژانسەدەنگوباسەکانی ڕۆژئاوا بە درۆخستەوە کە گوایە (٣٥)هاووڵاتی عیراقی داوایان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کردووە کە بەپەنا بەرە سیاسیەکان وەریان بگرێتو ووتی ئەو ڕوپاگەندانە بەهیچ شێوەیەك ڕاست نین ٠ سەرچاوەکە ڕاگەیاند کە قسەکانی ئەو ٣٥ هاووڵاتیە لە فڕۆکەخانەی نیویۆرك کە گوایە لەڕووی ئایینەوە چەوسێنراون لە بنەڕەتدا ڕاست نیە ٠

سەرچاوەکە ووتی وەکو ناشکرایە ئەم ڕووداوە هەر لە خۆیەوەنە هاتۆتەکایەوەبەڵکو لەڵ لایەنی جۆربەجۆرەوەو لە پێش هەموویانەوە وە کالەتی موخابەراتی مەرکەزی ئەمەریکا بەوناوەوە کە هەمیشە لە ڕەفتارەکانیدا دژێ چارەنووسی گەلانو شۆڕشە نیشتمانیەکانەویە جێ بەجێ کراوە ٠ هەروەها سەرچاوەکە ووتی دەزگاکانی حکومەتی مەغریبیش تاوانبارن لەم مەسەلەیە لە ڕێگای درۆودەلەسەدە ئاوی عیراق بەخرابە ببەن ٠

سەرۆکی فەرەنسی ڤالیری جیسکار دیستان لەگەڵ کۆبوونەوەیدا لەگەڵ قسطنطین کرامنلیس سەرۆك وەزیرانی یونانەدا لە کۆشکی ئالیزیە ٠

وینە بە ڕادیو تایبەت بە ئا٠د٠ع

لە بروسکەیەکدا بۆ سەرۆکی فەرماندەو بەڕێز صدام حسین

پێشەنگاکانی مواکبی حسینی دەستی ڕێز لە هەڵوێستی سەرکردایەتی سیاسی ئەنێن

بەڕێزان پێشەنگەکانی مەواکبی حسینی کە لە پارێزگاری کەربەلادانسلاویان ئاراستەی هەڵویستی سەرکردایەتی سیاسی کردوەبەرامبەر کاروباری چارەنووسی نەتەوەکەمانوهەڵویستی ئازایانەی بەرامبەر ڕەدکردنەوەی چارەسەرە خۆیە دەستەوەدەرانەکان ، دیسان دەستی ڕێزیان ناوە لەوسەربەرشتی و بایەخە گەورەیەی کە لەلایەن سەرکردایەتیەوە بۆ پێشەنگەکانی حسینی ئەنوێنرێ ٠

ئەمەش لەو بروسکەیە دایەکە دوێنێ ئاراستەی سەرکردەی گەل احمد حسن البکرو تێکوشەر صدام حسین کراوە بەبۆنەی تەواوبوونی زیارەتی چلەوە ٠

بەڕێز سەر کۆمارو سەرکردەی گەل تێکوشەر احمد حسن البکر

بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

بەبۆنەی دوای هاتنی زیارەتی چلەوە پێشەنگەکانی مواکبی حسینی سۆپاسو ڕێزی بێ پایان دەرئەبڕن بۆ ئەو بایەخو سەربەرشتیە گەورەیەی بەڕێزتان بەرامبەر مواکبی حسینی نواندوتانە لەو ماوەیەدا کە لە پارێزگای کەربەلابوون بۆ بەجێ هێنانی ئەرکی ئاینی ٠

ئێمە ئەی سەرۆکی بەڕێز لە کاتێکدا سلاو لە هەڵویستی سەرکردایەتی سیاسیمان ئەکەین بەرامبەر کاروباری چارەنووسی نەتەوەکەمان لە سەرویانەوە مەسەلەی فەلەستینو هەڵویستی ئازایانەی لە ڕەفزکردنی چارە سەری خۆبەدەستەوەدەرانەدا بەتوندیش نارەزایی دەرئەبڕین بەرامبەر پێگەیشتنی خیانەتکارانەی خائینی عەرەبایەتیو ئیسلام انور السادات لەگەڵ زایۆنیە تاوانبارەکاندا کە بەمەبەستی چەسپاندنی بونی ڕەگەز پەرستانەی زایۆنیزمویوە لە خاکی عەرەبماندا و جێبەجێ کردنی چارەسەری خۆ بەدەستەوەدەرانە بۆ باکۆدانی مەسەلەی فەلەستین ٠ ئێمە پەیمان ئەدەین کە سەربازی ئەتەوەکەمان بین لەپشت سەرکردایەتیە شارەزاکەمانەوەو چاوکراوە بوەستین بەرامبەر هەر تەقەلایەك بیەوێ زیان بە شۆڕشو دەستکەوتە مەزنەکانی بگەیەنیو سلاوتان لێبێ ٠

ئیمزا پێشەنگەکانی مواکبی حسینی لە کەربەلا

پەردەلادان لەسەر پرۆژەیەکی تری ئەمەریکا بۆ ڕێکخستنی سادات ودوژمن

ڕۆژنامەی « القبس » ی کوێتی دوێنێ پەردەلەسەر هێلەگشتی یەکانی ئەو پرۆژەیە هەڵمالی کە ڕژێمی سادات و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو زایۆنی دوژمن لەسەری ڕێکەوتوون ٠ ڕۆژنامەکە لەسەرچاوەیەکەی عەرەبی شارەزاوە ئەمەی وەرگرتووەو وتویەتی ڕێکەوتنەکە بریتیە لەبنیاتنانی یەکێتی یەکی فیدراڵی کە ئەردەن و قەوارەی زایۆنی و ئەوەی ناونراوە دەوڵەتی فەلەستینی لەکەناری ڕۆژئاواو کەرتی غەزەدا بکرێتەوە ٠

ڕۆژنامەکە ڕاگەیاند کە هەریەکێ لەم سێ قەوارانە دەستووری تایبەتی خۆی ئەبێتو سنووری لەگەڵ قەوارەکانی تردا جیاواز ئەبێت ٠٠ هەروەها هەریەکێ لەم قەوارانە ئالاو یاسای تایبەتی ئەبێتو سنووریان بەکراوەیی ئەمێنێتەوە ٠

ئەمەو لەلایەکی ترەوە دوێنێ حکومەتی زایۆنی دوژمن بڕیاریدا کە ڕوفائیل ئیتیان بە سەرۆکی ئەرکانی دەزگای سەربازی زایۆنی دابمەزرێنێت ٠ بەڵام ڕادیۆی دوژمن کە ئەوەمەواڵەی ڕاگەیاند هیچ شتێکی تری نەخستە سەر ئەنیا ووتی کە ئیتیان لەمانگی نیسانی داهاتوودا کاروباری خۆی ئەگێڕێتە دەستو جێگای مردخای غور سەرۆکی ئیستای ئەرکان ئەگرێتەوە ٠ ئیتیان لەکاتی خۆیدا سەرکردەی یەکێ لەلیواکانی پەرەشووتی زایۆنی بوو کە لەدەستدرێژی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٧دا هێرشی بردە سەر ڕفحو غەزەو خانیونس دا ٠ هەروەها لە ساڵی ١٩٧٤دا کرابوو بە فەرماندەی هێزەکانی دوژمن لەبەرەی سوریاو لەدواییدا لە ساڵی ١٩٧٧دا بووە سەرۆکی کاروباری جەنگ لەسوپای دەرەوەدا ٠

سەردانی سادات لە ئەمەریکاوهەندێ دوڵەتانی ئەوروپا بۆزووهەڵسوڕاندنی کاروباری سازاندن لەگەڵ زایۆنی دوژمن

دوێنێکە ئالفرید ئەثەرتۆن یارمەتیدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا دوای سەردانێکی دوو ڕۆژی لە ئوردون کە تیا مەلیك حسین لەدوا ئالوگۆڕی باری کاوچەی عەرەبی ئاگادارکردلە چوارچێوەی ئەو سازاندنە خۆبەدەستەوەدانەومکە لە گۆڕێدایە ، شاری عەممانی بەجێ هێشتو بەرەوفەلەستینی داگیرکراو ملینا ٠ ئەثەرتۆن لەسەردانەکەیدا بۆئوردن لەگەڵ باتوێزمکانی ئەمەریکا لە ژمارەیەك لەوڵاتانی عەرەب و فەلەستینی داگیرکراودا کوبووە بۆیاس کردنی دوا ڕووداوی دۆخوباری ناوچەی عەرەبی ٠

سەرچاوەکانی باڵوێزخانەی ئەمەریکا لە عەممان ڕایان گەیاند کە لەوانەیە ئەثەرتۆن لە قودسەوە بەرەو قاهیرەبڕوا بۆ ئەوەی گفتوگۆ لە گەڵ انور السادات دا بکا سەبارەت بە دەستپێکردنەوەی ئیشوکاری هەردوو لیژنە سوپایی و سیاسی یەکەی نێوان قەوارەی زایۆنی و ڕژێمی سادات ٠ لەلایەکی ترەوە دوێنێ ڕۆژنامەی عالهەمیشاری زایۆنی کە لەخاکی داگیرکراو دەرئەچێ ڕای گەیاند کە سەرۆکی ئەمەریکا جیمی کارتەر لەسەردانەکەی ساداتدا بۆ واشنتۆن داوای لێ ئەکا کە شێوازی وتووێژکردنی نهێنی لەگەڵ زایۆنی دوژمندا بگرێتەبەر ٠

ئەو ڕۆژنامەیە لە لێدوانێکیدا دەربارەی ئەو گەشتەی سادات کە بۆ ئەمەریکاو هەندێ لە دەوڵەتانی ئەوروپای ئەکا بەنجەی بۆ ئەوە کێشا کە ئەو گەشتە بەسەردەتای کارێکی نوێی دیبلۆماسی یانە لە قەلەم ئەدرێ بەئامانجی دەستوبرد کردن لە گەیشتن بەسازاندن لەگەڵ زایۆنی دوژمندا ٠

لە کۆتۆمبۆنەوە ڕۆژنامەی (سەندای تایمز) کە لە سریلانکا دەرئەچێ دووباتی کردەوە کە ناتوانرێ هەموو ئەو زەویە عەرەبیانەدا کە داگیرکراون ٠

ئەو ڕۆژنامەیە دوێنێکە ڕای گەیاند کە سادات بەردەوامە لە زیاتر پێشکەشکردنو پێهێنانە خوارەوە لە زۆر ماف بۆ زایۆنی دوژمن لەپێناو هێنانەدی سازاندنێکی خۆبەدەستەوە دەرانەدا ، ئەمە لە کاتێکدا کە قەوارەی زایۆنی سوورە لەسەر هێشتنەوەی خاکی داگیرکراو لەدەستخۆیدا لەگەڵ دامەزراندنی گەلێ نیشتەجێی تر

بروانە ل٧

شۆڕشگێڕەکانی ئەرتیریا زیانێکی گەورە بە دوژمن ئەگەیەنن

هەفتەی ڕابردوو شۆڕشگێڕەکانی ئەریتریا دەستیان گرتووە بەسەر شەش ئوردوگای سەربازی سەر بەهێزەکانی ڕژێمی ئەسیوپیا ٠ سەرچاوەیەك بەناوی شۆڕشگێڕەکان ئەمەی ڕاگەیاندوو ووتی دەستە شۆڕشگێڕەکانی ئەریتریا توانیان لەم شەڕانەی دواییەدا ژمارەیەك لە سەربازەکانی ئەسیوپیای دوژمن بکوژنو بریندار بکەنو دەست بەسەرچەکێکی زۆرو ئازووقەیەکی لە ئەندازە بەدەربگرن ٠

سەرچاوەکە ڕاگەیاندکە شۆڕشگێڕەکان لەم دواییەدا هێرشێکی گەورەی ئەسیوپیا کە بەسەر ناوچەی بەندەری (مصوع) هێنابووی پووچەڵ بکەنو زیانێکی گەورە لە ڕووی گیان وجەبەخانەوە بەهێزە دەست درێژکەرەکان بگەیەنن ٠ ئاژانسی دەنگوباسەکان وایان دەرخستوە کە ڕژێمی ئەسیوپیا خەریکی نەخشەدانانە بۆنەوەی هێرشێکی نوێ بکاتە سەر هەرێمی ئۆگادن کە لەلایەن هێزەکانی بەرەی ڕزگاریخوازی صۆمالەوە ڕزگارکراوە ٠ سەرچاوەکەووتی دەسەڵاداریتی ئەسیوپیا ئێستا کە خەریکی کۆکردنەوەی هێزێکی گەورەیە بۆ ئەم مەبەستە ٠٠ دەنگوباسەکان ژمارەی ئەو هێزانە بە ١٢٠ هەزار سەرباز لەقەڵەمیان داوە ٠

ئەم هێرشەی دوایش بۆنەوەیە کە تۆڵەی خۆی لە هێزەکانی بەرەی ڕزگاریخوازی صۆمالی بکاتەوە کە لەشەڕە دژوارەکانی دەوربەری نزیك هرر زیانێکی گەورەیان بەگیانو جەبەخانەوەلێیان داوە ٠

Institut Kurde de Paris

لیکولینەوەی | سیاسی

تیشکێ لەسەر ووتارەکەی « سادات » ئەودرۆیانەی « ١٠٥ » دەقەی خایاند

ساداتی کلۆڵپاش ١٠٥دەقیقە قسەکردن ، هەناسەی سواربوو ، لەناوگەرمەی شڵەپ‌وهورِی چەپڵەی ئێسقان خۆروشان تەکێنەکان لەئەندامانی « ئەنجومەنی گەل » وای هەست‌کرد کە هەموودرۆودەلەسەو « پاکانە » کانی جێی خۆی گرت ٠٠ هەروەکوچەماوەرانی عەرەب ، توانای یادکردنەوەو هەلسەنگاندنی کردەوەو قسەکانی پێشوی سادات خوێیان نەمابێ ٠٠

چونکە گەورەترین درۆی‌سادات ئەوەبوو کەگووتی چاوەڕانی ئەوەنەبو کە ئیسرائیل رەفزی مافەکانی گەلی فەلەستین‌بکات ونەیەوێ‌بگەڕێتەوە سنوورەکانی ساڵی ١٩٦٧ هەموو جیهانو گەلانی‌عەرەب دەزانن کە ئیسرائیل لە هەموو کاتێکداو لەسەرزمانی کارگێڕەکانی وەکو گولدا مائیرو رابین‌و بیریزتا ئەگاتە سەر پیاوکوژی ناسراو مناحیم بیگن هەمیشەبە ئاشکرا سیاسەتی داگیرکردنو دەربەدەرکردنی‌میللەتی فەلەستینیان‌کردوە بە سیاسەتێکی رەسمی چونکەزایۆنیەکان بە ئاشکرا خۆیان بەخاوەنی کۆنی خاکی گەلی‌فەلەستین دانەنێن ! لەبەرئەوە هەموو تاوانێك ئەکەن بۆدەربەدەرکردنی گەلی فەلەستین وداگیرکردنی هەموووولاتەکەی ٠٠ ئیتر سادات چۆن دەیەوی گەلانی عەرەب‌بڕوای پی‌بکەن کە گوایا چاوەڕانی ئەوە ئەکرێت لەئیسرائیل مل بدات بۆ داخوازیەکانی ٠٠٠؟!

لەمەش‌سەیرتر پاش‌ئەوەی‌کە لەووتارەکەیدا دانی‌نابەوەدا کەدەست پێشکەریە« ئاشتیانەکەی » سەری‌نەگرت ، کەچی‌هەرسوورە لەسەری دەبەمەموو چاو قایمی‌یەکەوەدەڵێت من وازناهێنم لە « چارەسەرکردنی ئاشتیانە »وە ئەم نیازی‌نیە « هەرەشە » لە ئیسرائیل بکات ٠٠ چونکە« هەرەشەکردن » دورە لە « لەرەوشت‌بەرزی » و گیانی‌جەنتلمانی !! ئەم قسانە سەربەقورِ دەهێنێتە پێ‌کەنین٠چونکە ئەك هەر ئیسرائیل هەموو خەلك ئەزانن کەرژێمی‌سادات هیچی‌نەماوە تاکو « هەرەشەی » کەسی پێ‌بکات‌ئەوە ئەبی کە داوای چەك لە ئەمەریکا بکات بۆ « شەرەفی » هاوبەشی کردن لە بەگژاچوونی بزوتنەوەی‌رزگاری گەلانی ئەفەریقا ٠٠

زۆر کەس ئەم بزوتنەوەی‌دوایی ساداتی بە هەوڵدانێك ئەزانێ بۆ ئەوەی پاڵبنی‌بە ئەمەریکاو دەوڵەتەکانی ئەوروپای رۆژئاواوە تاکوزەغت بخەنەسەر ئیسرائیل مل‌بدات بۆ داخوازیەکانی‌سادات لەمەشدا سادات سەرنەکەوت چونکە خۆی‌لە پێش هەموو کەسێکدا دەیزانی کە ئەم زەغتەلەسنوری ستراتیژی ئیمپریالزمی جیهان‌ناچێتەدەرەوە کەمەبەستی تێشکاندنی بزوتنەوەی‌رزگاریخوازانەی نەتەوەی عەرەبە یاهەروەکو سەرەك‌کارتەر گوتی :

« ساداتی برادەرمان ئەبێ‌زۆر بشت بە ئێمە نەبەستی بۆ زەغت‌کردنەسەرحکوومەتەکەی بیگن چونکە خۆش بلش ئەوانی کە ئێمەتەنسیرێکی ئەوتومان بەسەریدانیە » ٠

بەڵام لەگەل ئەم هەموو ئاشکرایی‌یەی سەرەك کارتەردا ، سادات هەریەشان‌و باهوی ئەمەریکاو سەرۆك کارتەردا هەڵی‌داو بەرامبەر ئەو تەقەلا « بە شەرەفانەی »کەئەیدەن لەم رووەوە !! هەرچەند لەلایەکی‌ترەوە هەروەکو سەرخۆش قسەبکات دەڵێت‌یارمەتی‌و پرچەك‌کردنی ئەمەریکا بۆ ئیسرائیل ،بۆتەهێزی ئەوەی کە سواری سەری خۆی ببی‌و بەرینی‌خۆی‌نەبینی ٠ باشە ئەگەر سادات خۆی دان بەم‌راستی‌یەدا ئەنێ ، ئەی چۆن داوا لە ئەمەریکا ئەکات‌چەکیش بەوبدات وەئەمە چوار ساڵە لە ٥ فروکەی‌گواستنەوە زیاتری دەست نەکەوتوە لەوکاتەی هەموو جیهان دەزانی کە ئیسرائیل لە ١٥ ملیار زیاتر چەکی لەئەمەریکا وەرگرتوە !!؟

سادات بۆ ١٠٥ دەقیقەقسەی‌کرد ئەگەر دەئەوەندە زیاتریش قسەبکات ناتوانی‌زێرکەوتنی سیاسەتە سەرشۆڕانەکەی بشارێتەوەهەروەها ناتوانی خیانەتو دەستدرێژکردن بۆ دوژمن‌لەکەس‌بکات بە « ژیری » و « دیبلوماسیەت » و « جەنگی‌ئاشتی » ٠٠ چونکە هەموو ئەوەی عەرەبو گەلانی‌جیهان دەزانن کە زایۆنیزم بزوتنەوەیەکی رەگەزپەرستی‌ئیمپریالیزمانەی جانەوەرە وەبەخەباتی شۆڕشگێرانەی‌یەکگرتوی گەلی عەرەب خۆی‌و بەپاڵپشتی کردنی هێزی‌ئازادی جیهان نەبێ ناتوانری ئەم ناوچەیە لەم بەڵایە پاك‌بکرێتەوە ٠٠

جموجۆڵی تازەی ژاپۆن لە ڕۆشنایی سیاسەتی بازدان بەسەر تەنگ وچەڵەمەی دنیای سەرمایەداریدا

جموجۆڵی تازەی ژاپۆن لەمانگی ئابی رابردوودا ، کە بریتی‌بوو لە سەفەری (تاکیوفوکودا) سەرەك وەزیرانی ژاپۆن بۆ شەش دەوڵەتی‌ئاسیایی ـ مالیزیا ، سنگاپۆرە ، نایلەند ،ئەندۆنیسیا ، بورماو فلیپین ـ و هەروەها سەفەری وەزیری‌دەرەوەی ژاپۆن بۆ ئێرانو کویتو سعودیەو ابو ظبی لەمانگەدا . ئەم جموجۆڵە سەرنجی چاوەدێری‌کەرەسیاسیەکانی بۆلای خۆی راکێشاوە ٠

هەندێك لەوان لە لێکدانەوەی خۆیاندا وای بۆ چوون کە گەشتەکە بۆ قال‌کردنەوەی زیدەیی بازرگانی ژاپۆنە کە لە ساڵی ١٩٧٧دا گەیشتۆتە زیاتر لە هەشت میلیاردو نیو دۆلار ٠ هەرچەند فوکودا لەبەردەم پەرلەماندا رایگەیاند کە گەشتەکەی سروشتێکی ئابووری هەبووەو لە سنووری گەڕان بە دوای بازارێکی نوێ بۆ کەلوپەلی ژاپۆنەدا تێ نەپەڕیوە ، بەڵام گەشتەکەی هەوڵو تەقەلای وەدەستهێنانی نەوتی خاویشی لەگەڵدا بوو . چونکە پێویستی‌ی ژاپۆن بە نەوت لە ٩٩٪ زیاترە ٠

پێوەندی بازرگانی ژاپۆن بە دەوڵەتانی ئاسیاوە کە زیاتر لە نیوەی شتوومەکی خۆی بۆ ئەو وڵاتانە دەنێرێ ، رووکاری سیاسی ئەو گەشتە دەردەخاو نیشان‌دەدا کە ژاپۆن دەیەوێ لەو ناوچانەدا کە نەکەوتوونە ژێر سەرمایەدانانی ئەمریکاوە ٠٠ هەندێك جێ‌پێی تازە بدۆزێتەوە کە قازانجێکی ئابووری زۆریان لێ وەدەست بێنێ ٠ ژاپۆن دەیەوێ بەم جموجۆڵە دەری بخا کە دەتوانێ بە قازانجی ئابووری‌و سیاسەتی ئەمریکا ئەرکی زۆر قورس بگرێتە ئەستۆی‌و هەروەها نیشان‌بدا کە دەسەڵات ڕۆیشتنی ئابووری ژاپۆن بەسەر ناوچەی خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا بەو سەقامگیری‌و پتەوی‌یەدا دەردەکەوێ کە پارەی ژاپۆن لە بازارەکانی گۆڕینەوەی دراوەکانی ئاسیادا هەیەتی ، بە پێچەوانەی ئەو وەزعە کە لە بازارەکانی ئەوروپادا هەیەتی ٠

هەروەها بانکی ژاپۆن تەئسیرێکی گەورەی لەوەدا هەیە کە بە کڕینی رادەیەکی زۆر لە دۆلاری ئەمریکا لەکاتی شێواوی نرخی پارەکاندا ئەو پارەیە لە نزم بوونەوەی نرخەکەی بپارێزێ‌و بەپتەوی بیهێڵێتەوە ٠ ئەم کارە تەنیاو تەنیا هەنگاوێکخستنە لە نێوان ژاپۆن‌و وڵاتە یەکگرتووەکاندا ، کەوابوو هیچ سەیر نیە کە فوکودا لە گەشتەکەیدا هەوڵی داوە بۆ گێرانەوەی نفووزی سیاسی‌و ئابووری ئەمریکا لە ناوچەکەدا ٠

لە بارەی پێوەندی‌یەکانی دەرەوەی ژاپۆنەوە ، ئەو وڵاتە هەوڵ دەدا بەیەکانێکی دۆستایەتی‌و هاوکاری لەگەڵ چین مۆر بکاو چاوەڕوان دەکرێ کە ڕێژەها توچوێك لە نێوان هەردوو وڵاتدا هەبێ ، پاش ئەوەی کە ئەم سیاسەتە لە ناو حیزبی فەرمانڕەوای لیبرالدا بەگشتی پەسند کراوەو لە رادەی تەنسیری ئەو پێوەندی‌یە ئەسەر پێوەندی ژاپۆن بەیەکێتی سۆڤیەت لە لایەك‌و وڵاتە یەکگرتووەکان لە لایەکی ترەوە کۆڵراوتەوە ٠

چاوەدێری‌کەران هەروەها لەو باوەڕەدان کە گەشتی وەزیری دەرەوەی ژاپۆن بۆ ناوچەی عەرەبی‌و ئێران بەرهەمی ترس‌و نیگەرانی ژاپۆنە لە مەترسی‌یەکی تازەی نەوت ٠ ئەوەش کە سونودا لە کۆنفرانسی رۆژنامەگەری خۆیدا لە ابو ظبی گوتی : (ژاپۆن لە دوارۆژیشدا وەك سەرچاوەیەکی بنەڕەتی‌ی وزە دەڕوانێتە نەوت‌و لەو بارەوە پشت بە دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست دەبەستێ) ، خۆی ئاشکراکردنی ئەو لێکدانەوەیە ٠

سیاسەتی دووسەرەی ژاپۆن ئێستا بە تەواوی ئاشکرابووە ، لە سەرێکەوە ژاپۆنە لە مەترسی‌یەکی تازەی نەوت ٠ ئەوەش کە سونودا لە کۆنفرانسی رۆژنامەگەری خۆیدا لە ابو ظبی گوتی : (ژاپۆن لە دوارۆژیشدا وەك سەرچاوەیەکی بنەڕەتی‌ی وزە دەڕوانێتە نەوت‌و لەو بارەوە پشت بە دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست دەبەستێ) ، خۆی ئاشکراکردنی ئەو لێکدانەوەیە ٠

سیاسەتی دووسەرەی ژاپۆن ئێستا بە تەواوی ئاشکرابووە ، لە سەرێکەوە پشت بە تەئسیری ئابووری‌و سیاسی خۆی لە سەر دەوڵەتانی خوارووی رۆژهەڵاتی ئاسیا دەبەستێ‌و لە سەرێکیشەوە هاوسەنگی‌یەك لە پێوەندی‌یەکانی لەگەڵ وڵاتە عەرەبیە خاوەن نەوتەکاندا پێك بهێنێ ٠ لێکدانەوەکان هەر چۆنێك‌بن ، ئامانجی ڕاستەقینە ئەم جموجۆڵە چارەسەرکردنی گیروگرفتی وزەیە کە ژاپۆن بەیەکێك لە گرنگترینی ئەو هۆیانەی دادەنێ کە یارمەتی دەدەن بۆ بازدان بەسەر تەنگ‌و چەڵەمەی دنیای سەرمایەدا ٠

باس‌کردنی پەیوەندی‌دووقۆڵی نێوان چین‌و کەنەدە

دوێنێ وەزیری دەرەوەی‌کەنەدە دۆناڵد جێسۆن بەسەردانێك بۆ چین کەشەش‌ڕۆژ ئەخایەنێ گەیشتە چین ٠ ئەو سەردانەش لەدوای ئەوسەردانەوە دێ کە وەزیری دەرەوەی چین هوانك هوالەدوا بەدوای ساڵی رابوردودا بۆ کەنەدە کردی هەردوو کاربەدەست دەربارەی پەیوەندی دووقۆڵی‌و ئاڵوگۆڕی بازرگانی‌و ڕۆشنبیری نێوان هەردووولات ئەدوێن ٠

موحاکەمەکردنی هەندێ لە خۆپێشاندەران لەئێران

(مدعی) گشتی ئێران‌داوای‌کرد (١٨) کەس بۆ ماوەی ٢ تا ٤ ساڵ بخرێتە بەندیخانەوە بەتاوانی ئەوەی کە لەو خۆپێشاندانانەدابەشداربوون کە لەو دواییە لە تارانی پایتەختدا رووییان‌داوە ٠

دادگای پێنجەمی سزاکان‌لەمانگی داهاتودا سەیری مەسەلەی (١٦) کەس لەمانەئەکا کە گەلێ جۆرە تاوانبار ئاراستەکراوە لەو تاوانانەزیان‌گەیاندن بەماڵو موڵکی گشتی‌و ئاسایش تێکدان‌و هەڵگرتنی شتی ئەوتۆ کە خەڵکی پێ‌بریندار ئەکرێ ٠

دادگایەکی‌تریش سەیری‌مەسەلەی ئەو دوو کەسە ئەکا کە تاوانی شکاندنی‌شوشە پەنجەرەی ژمارەیەك لە شوێنە گشتی‌یەکانیان‌ئاراستەکراوە لەکاتی رووداندنی ئەو خۆپێشاندانەدا کە پێش‌سێ‌هەفتە لە تاراندا رووییاندا ٢٩ کەسیش لە گیراوەکان‌بەردران لەبەر ئەوەی هیچ بەڵگەیەك دژیان نەبوو ٠

فرید ئاژرتونی یاریدەدەری‌وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لەکاتی کۆبونەوەیدا لەگەڵ حسینی مەلیکی ئەردن کە باسی جموجۆڵی ئەمەریکایان‌کردوە سەبارەت بە پیلانی سازاندن لەگەڵ دوژمن ٠

وینە بە رادیو تایبەت بە ئاەدع

شەڕلەخوارووی فلیپین درێژەی هەیە

ئەوە بۆ (٥) ساڵ دەچی شەر لە نێوان « بەرەی ڕزگاریخوازی مۆرو » و هێزەکانی حکوومەتی‌دا درێژەی هەیە ٠ شۆڕشگێرانی ئەو بەرەیەداوای سەربەخۆیی‌و مافی بەرامبەر دەکەن ٠ لە پێناوی ئەوداوا ڕەوایەدا تووشی تەنگ‌و چەڵەمەو بەرەنگاری هێزەکانی حکوومەتی بوون ٠ بەدرێژایی هەریمی خوارووو ، بەتایبەتی لە دەوروبەری شاری « زامبوانگا » کە کەوتۆتە باشووری رۆژئاوای دورگەی « میندانائو » ، شەڕ درێژەی هەیە ٠ ئەوە زیاتر لەمانگێکە ئەو شەڕە توندتر بووەو شورشگێرەکان زەبری زۆر توندیان لەسەربازانی حکوومەت داوە ٠ بەڵام لەبەر ئەوەی کاربەدەستانی حکوومەتی نامادەنین هیچ هەواڵێك لەبارەی شەڕ بڵاو بکەنەوە ، بەزەحمەت دەتوانرێ ژمارەی کوژراوو بریندارەکانی سەربازانی حکوومەتی بێتەدەست ٠

ئەوە لەلایەك ، لەلایەکی ترەوە حکوومەت ژمارەی کوژراوانی شورشگیرانیش بڵاو ناکاتەوە ، بۆ ئەوەی باسێك لەنارەزایەتی وەزعی ناوخۆی نەیەتەسەر زاروزمان‌و ڕابەرینی موسوڵمانان وەك جووڵانەوێکی رزگاریخوازی جیهان لەقەڵەم نەدرێ ٠

هەروەها کاربەدەستانی حکوومەتی ڕیگانادەن هەواڵنووسانی هەندەران بچنەنێو ناوچانەی کەشەریان تێدایەو هەتا بوشیان بکرێ بەرگری لەوەدەکەن کە هەواڵنووسان لەگەڵ بەرەی رزگاریخوازی مۆرو پێوەند بگرن ٠

قسەکەرێکی بەرەی رزگاریخواز ڕای‌گەیاند کە : شۆڕشگێڕەکان کوژراوو بریندارەکانی هەن ٠ چونکە ئەو تاکتیکەی شورشگێرەکان بەرێوەی دەبەن ، حکوومەت تا ئێستا ،نەیتوانیوە پێشگری لێ‌بکاو لە ئەنجامدا هێزەکانی حکوومەتی بێ‌دەست پاراستن ناوچەکە دەدەنە بەر دەسترێژی تۆپەقورسەکان ، لە چەندمانگی ڕابردوودا زیاتر لە ٦ هەزار کەسی بێ‌تاوان کوژراون‌و بریندارەبوون ٠

لاویکی شۆڕشگێری سەربە بەرەی رزگاریخوازی مۆرو ڕای‌گەیاند کە حکوومەت بە هیچ جۆرێك نایەوێ داخوازیەکانی بەرە جێ‌بەجێ بکاو لەو بارەوە کەندوکوسپ‌و فێڵو تەڵەکەی زۆر دەخاتە سەرێگاو شۆڕشگێران بە جیا موونەوەخوازو یاخی بوویان ناودەبا ٠ بۆیە شۆڕشگێران زیاتر لە هەموو وەختێك خەریکی پتەوتر کردنی ریزەکانی خۆیانن‌و بۆ خەباتێکی دوورو درێژ خۆیان ئامادە دەکەن ٠

لەلایەکی ترەوە کاربەدەستانی حکوومەتی وای دەردەخەن کە بەرەی رزگاریخواز بە پێچەوانەی بەهاری رابردوو دەجووڵیتەوەو دەیەوێ تەواوی دورگەی « میندانائو » بخاتە ژێر دەستەلاتی خۆی ٠ بەڵام ناشکرایە کە ئەم دەربڕینەی کاربەدەستانی حکوومەت ڕێگا خۆشکردنێکە بۆ لیدانی جووڵانەوەو بەربەرچ دانەوەی پەرەگرتنی رۆژ لە دوای رۆژی خەباتی توندوتیژی بەرەو بەربڵاوی ریکخراوەکانی لەناوچە جۆربەجۆرەکانی ئەو هەریمەدا ٠

(ماركوس) سەرکوماری ئەو وڵاتە دەیەوێ هەرچی زووتر چارەسەرێکی ئەو مەسەلەیە بکرێ ٠ چونکە لەو باوەڕە دایە ئەگەر هەر ئاوا بمێنێتەوە دوورنیە وڵاتانی ئیسلامی لەو بارەوە بێ‌دەنگ دانەنیشن ، هەر بەو مەبەستەبوو کە ماوەیەك لەمەوپێش دەستی لە « مالایا » ، (ناوچەیەك کە لەنێوان مالیزیاو فیلیپین داکێشەی لەسەربوو) هەڵگرت ٠ بۆ ئەوەی بتوانی دەستی یارمەتی دانی مالیزیا لە شۆڕشگێران ببڕی‌و ڕێگای پێگەیشتنی یارمەتیان لێ‌بگری، هێندێك لە کاربەدەستانی عەسکەری فیلیپین لەو باوەڕەدان کەدەتوانن لەو ڕێگایەوە سەرکەوتن وە دەست بێنن ٠ هەربۆیەش هێزەکانی حکوومەت هێرشی درندانەی خۆیان لەزوربەی ناوچەکاندا توندتر کردوە ٠

سەرچاوە ئاگادارەکان لەو باوەڕەدان کە مارکوس زۆرباش دەزانی ئەو هێرشی‌و خوێنڕێژیەی هێزەکانی حکوومەتی دژی شورشگیران لەناوەوەی وڵاتەوە ، بەرهەمێکی باشی‌نابێ‌و سەرنجی هێزە پێشکەوتوەکانی جیهان بۆ پشتگری‌و یارمەتی بەرەی رزگاریخوازی مۆرو ڕادەکێشی ٠

لەم دواییانەدا حکوومەتی فیلیپین ڕاپورتێکی لەسەر وەزعی شڵەژاوی خوارووی ئەو وڵاتە بڵاوکردۆتەوە ٠ لەو ڕاپورتەدا دەڵی : « کێشەو دەست دانەچەکی یاخی بووەکانی ئەو هەرێمە زیاتر لە وەزعی ناهەمواری ئابووری سەرچاوەدەگری ، ڕێگای چارەسەرکردنی ئەو ئاڵۆزیە بردنەپێشی باری ئابووری‌و کۆمەڵایەتی موسوڵمانانی ئەو ناوچەیە بە جۆرێك کە ئەو بردنە پێشەبگاتە رادەی ژیانی مەسیحیەکان » ٠

بەڵام شتێکی ئاشکرایە کە مەسەلەکە زۆر لەوە قووڵترە کە بەو جۆرە لێکدانەوانە چارەسەربکرێ ، مەسەلەیەك کە لەپێناوی ئازادی‌و سەربەخۆیی دا بەدی‌هاتوەو بە هەزاران ڕۆڵەی فیداکارو لەغۆ بوردوو خۆی کردۆتە قورباندی ٠

- ڕزگار -
ئامادی کردوە

ڕێکخراوی جاسوسی ئەمەریکا « سیا » دەنگ‌وباسی درۆ لەچاپەمەنیەکانی ئەمەریکاوجیهانی دابڵاودەکاتەوە

لیژنەی « مەسەلەکانی ئاگاداری » کونگرەی ئەمریکا ڕۆژی ٢٧ی مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٧٧ کوبوونەوەکانی خۆی ، بۆ باسو لیکۆڵینەوەی پێوەندی « سیا » لەگەڵ چاپەمەنیەکاندا دەستپێکرد ٠ کوبوونەوەکە لەژیرناوی « سیاوچاپەمەنی »دا بەستراوە ، جاسووسەکانی « سیا »و ڕۆژنامەنووسەکان لەولیژنەیەدا شایەتیان داوە « کولبی » سەروکی پیشووی ریکخراوی جاسوسی ئەمریکا لەساڵەکانی ١٩٧٣ تا ١٩٧٥ دا دەری‌خستبوو کەلەساڵەکانی ٥٠ دا ریکخراوی جاسووسی ئەمریکا شەریکی راستەقینەی تەبلیغاتی لەجیهانیدا بەرپاکردبوو ٠

مەبەستی ئەم سیاسەتە تەبلیغاتی‌یە ئەوەبو کە ڕۆژنامەنووسەکان بەکری‌بگرن‌و بەقازانجی ئەمریکا لەڕۆژنامە وئامرازی ڕاگەیاندن و پێوەندیەکانی گشتی‌دا ، دەنگ‌وباس بڵاوبکەنەوە » ٠ بەتایبەتی ساڵەکانی ١٩٧٠ ـ ١٩٧٣ شیلی کەوتبوە بەر ئەم سیاسەتە ٠ بێجگەلەوە « سیا » بۆ ئاڵوزکردن و گومراکردنی بیروڕای گشتی وڵاتان ، دەنگ‌و باسی هەڵبەستەودرۆی بڵاوکراوەی نهێنی‌دا بڵاودەکردەوە ٠

« کولبی » بونموونەباسی دوو وڵات دەکاوناویان‌ناهێنی، دەڵی « لەسایەی خەرج‌کردنی پارەیەکی زۆردا، « ریکخراوی جاسوسی ئەمریکا » توانی حکوومەتی ئەم دووڵاتە بخاتە ژێر چاوەدێری حیزبی بچوکی دژبەکۆمۆنیست ، « ئەسپن » سەروکی لیژنەکە ڕایگەیاند : « سیاەوڵاتەکانی کە مەبەستی بوون ، « سیا » دەیتوانی بەتەلەفون بەمودیری ڕۆژنامەکان بڵێ کەگوێ‌نەدەنە فلان دەنگ‌وباس کە لەفلان‌وڵاتەوە گەیشتوە » ٠

هەرلەوکاتەدا « کولبی » بێشنیاردەکا : « ئەگەر لەداهاتوودا ، دەنگ‌وباسیکی کە بەرهەمی دەزگای ریکخراوی جاسوسی ئەمریکایە لە چاپەمەنیەکانی جیهانیدا بڵاوبێتەوە ، بەر لەوەی بکرێتە خەبەریکی گەورە ، دەبێ بیروڕای گشتی ئەمریکا ئاگادار بکری ٠ بەسەر کۆماریش بگوتری کە گوێ‌نەداتە ئەو دەنگ‌وباسانە » ٠

سەروکی پێشووی ریکخراوی جاسوسی ئەمریکا دەری‌خست کە « لەماوەی دەسالی دوایی‌دا مەئمورەکانی « سیا » لەژیر پەردەی سوپای ئاشتی ، خویندکارانی بورس فولبرایت ، ئاژانسی ئەمریکایی یارمەتی دەری پەرگرتن ، ڕۆژنامەنووسی ، کاریان‌کردوە ٠ ئیستا ئیتر ئەوپەردەلادراوەو « سیا » ناتوانی بەوناوانە کاربکا » ٠

ڕۆژنامەی نیویورك تایمز ڕاپورتێکی مسوگەری لەبارەی پیوەندی ریکخراوی جاسوسی ئەمریکاو چاپەمەنیەکاندا بڵاوکردوتەوە ٠ « نیویورك تایمز » دەنووسی : « لە سەرەتای ساڵەکانی ٥٠دا ، لە چاپەمەنیەکانی ئەمریکادا خەبەریك بڵاوکرایەوە کە هیزە چەکدارەکانی چین بو یارمەتی بەڤێتنامیەکان دژی فەرەنسە بەرەو « هیندی‌چین وەرێ کەوتوون » ئەو خەبەرە درۆیەو ریکخراوی جاسووسی ئەمریکا سازی‌کردبوو ٠

ڕۆژنامەی نیویورك تایمز قسەکانی جاسوسیکی پیشوی ریکخراوی جاسوسی ئەمریکای بڵاوکردوتەوەو لەقەولی ئەوەوە دەنووسی :

« سیا ، لە پێ‌تەختی هەموو وڵاتێکدا ڕۆژنامەیەکی هەبوە٠ « « ترنیر » سەروکی ئیستای « سیا » ئەمری‌کردوە کەلەمەودوا ریکخراوی جاسوسی ئەمریکا بوکاری جاسوسی نابی لەڕۆژنامەنووسان کەلك‌وەربگری ٠ بەلام « ئاسپن » سەروکی لیژنەی لیکولینەوە لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئەمری سەروکی « سیا » لەبارەی کەلك‌وەرنەگرتن لە ڕۆژنامەنووسان بو کاروباری جاسوسی هەر قسەو جێ‌بەجێ ناکری ٠

Institut Kurde de Paris

هەڵچوونی دەروونیی پاڵەوان نزیک‌بینی نووسەر لە چیرۆکی

ئەوشەوانەی بۆت ئەگەڕێم وئەو ڕۆژانەی لە بیرم ناچێتەوە..!

کاتێك کە ژمارە (٤٤)ی‌گۆڤاری (بەیان)م وە چنگ کەوت ، بە بەلە دەستم کردبە قۆزتنەوەی بابەتەکانیو هەر لەیەکەم دێڕی یەکەمڵابەڕەوە تا دوا دێڕی دوا لاپەرە یەکە یەکە هەموویانم‌خوێندەوە ، لە ئەنجامدا لە ناو هەموویاندا چیرۆکەکەی‌کاك (عەبدوڵلا عەباس) لە هەموویان زیاتر سەرنجی‌ڕاکێشام ، سەرنجەکانیش هەروا بەئاسانی نەیانهێشتبە سەریا قورتاربیو ڕابوورم هەتا بە هۆی ڕۆژنامەی« هاوکاری » ئازیزەوە توانیم ئەم چەند تێشکی سەرنجوتێبینیم بهاوێژمە سەر چیرۆکەکەو بیخەمە بەرچاوی‌خوێنەرانی ئازیز ٠

● چیرۆکەکە زمانێکی باراوی هەیەو ئەوەی ئەیخوێنێتەوە هەست بە هیچ هەناسەبڕکێو بێزاریەك ناکات ، ڕستەکانی کورتو پرمانان ، چیرۆکنووس بە ئارەزووی خۆی یاری بە کاتو شوێنی چیرۆکەکە کردووە بە بێ ئەوەی لە مەبەستەکەی لابدات هەروەك لەسەرەتادا پاڵەوانی چیرۆکەکە لە ماڵەوە یە ئەنجا بە ئوتومبیل بۆ دائیرە دەڕوات ، لە ئوتومبیلەکەدا بیر لە شەوو لە دوێنێ ئێوارە دەکاتەوە ، هەر لە چوار-چێوەی ساتەکانی (دوێنێ ئێوارە) شدا بۆ ڕۆخی دیجلە دەچێت ئەنجا بۆ گازینۆ دوایی بە (تەداعی) دەگەڕێتەوە بۆ وەبیر هێنانەوەی ساتەکانی خۆشەویستی ڕابوردووی لە مەلبەندی سازگارو دڵڕفێنی گوندو چیاکاندا لە باشدا دووبارە بۆ گازینۆکەو ئەنجا گەڕانەوەی بۆ ماڵەوەو چۆنیەتی بەسەر بردنی شەوو ئەنجا دێتەوە ناو ئوتومبیلەکە ٠

ئەمە گەشتێکی دوورو درێژی فکری پاڵەوانی چیرۆکەکەبوو کە تەنها لەو ماوە دوورەی نێوان ماڵەوەو دائیرەدا بێ‌ی هەڵساوە ، کە ئەمە لایەنێکی سەرکەوتووی چیرۆکەکەی دەخەنە نیشان‌کردووە

● نووسەر زمانێکی شیعری بە پێزی بەکارهێناوە لە چیرۆکەکیدا ، هەتا ئەم زمانە شیعریە ناونیشانی چیرۆکەکەشی گرتۆتەوە (ئەو شەوانەی بۆت ئەگریەو ئەو ڕۆژانەی لە بیرم ناچێتەوە) ، وە وای لێ هاتووە لە هەندێك شوێندا ڕستەی شیعری تێکەڵ بووە وەك (ڕێگام ئەوەی سەرگوزشتەی حەزمەکەمان ، بۆ هاوینی ئەم شارە تەماویە بگێڕمەوە ٠٠؟! ڕێگام ئەوەی ، ئاوازی دڵداریەکەمان ، بکەم بە گۆرانیەکی ئاشکرا ٠٠؟ ، ئەگریایەو پێ ئەکەنین ، پێ ئەکەنینو ئەگریاین ، ئەرویشتم کەچی ٠٠ هەر لەگەتابووم و ئەڕۆیشتیو هەر لە گەلمابووی) ٠

ئەم زمانی شیعریە تا ڕادەیەك زەمینەی چیرۆکەکە پتەو ئەکات کە لە ڕادە دەرچوو ، لە چیرۆکیش دەر ئەچێتو ئەچێتە بەرگی پەخشانەوە ، لێرەدا کاك عەبدوڵلا (شاعیریەتیەکەی) زاڵبوو بەسەریداو زۆربەی هەڵویستی چیرۆکەکەی پێ تەنیوەتەوە ، بەبێ ئەوەی خۆی هەستی پێ‌بکات ، چونکە خۆی شاعیرە ٠

● ئەو (ئەو)ەی کە لە چیرۆکەکەدا هاتووە پاڵەوانی چیرۆکی خستۆتە گێژاوێکی بێ بنەوە کە نووسەر هەروەکو خۆی پاڵەوانی چیرۆکەکەی بێ جۆتە ناخی‌یەوەو حاڵەتە دەروونی‌یەکانی بە تەواوی شی کردۆتەوەو بەیەکاڵایی خستۆتیە بەر چاوی خوێنەران ٠

● وەکو من بۆی بچم (کچم بچکۆلە چاوشینەکە)ی پاڵەوانی چیرۆکەکە گرێ‌یەکەو پێویستی بە کردنەوە هەیە ٠ کە ئەڵێم (گرێ) مەبەستم لەوەیە کە چیرۆکەکەی ئاڵۆزکردووە ، بەڵکەشم بۆ ئەمە ، هێنانەکایەوەی چەند پرسیارێك بەهۆی ئەو کچە بچکۆلە چاوشینەوە :

★ بوونی کچە چاوشینە بچکۆلەکە وامان تێ ئەگەیەنێ کە کچی پاڵەوانی چیرۆکەکەیە واتە پاڵەوانی چیرۆکەکە ژنی هێناوە ، ئەمە لە لایەك لە لایەکی ترەوە ئەگەر ژنی هێنابێو ئەو کچەیان بووبێ ، مەسەلەی خۆشەویستی‌یە بەتینەکە بە پرسیارێکی بێ وەڵام لامان ئەمێنێتەوە ، هەروەك لەوتەی پاڵەوانی چیرۆکەکەدا دەر ئەکەوێ :

(ـ ئەمشەو لە خەوما ٠٠ کچە چاوشینە نازدارەکەم گلەیی لێ ئەکردم ، پێی وتم بۆچی باسی منی بۆ ناکەیت ؟! بەڕەم باس ئەکردی ، وتم « هەر لەگەڵ یەکەم بینینا تێر تێر چاوە شینەکانی ماچ ئەکەم ٠٠ »

★ ئەگەر بڵێین ئەمە خەونێکی کۆنی پاڵەوانی چیرۆکبووە وەك لە وتەکەیا دەرئەکەوێ (ـ ئەمشەو لەخەوما) ئەی ئەو خۆشەویستی‌یە بەتینەی ئێستای لە پای چی ؟!!

● خۆشەویستی ناو چیرۆکەکە ـ نازانم چۆن باسی بکەم ـ چونکە گەیشتوتە ڕادەی فەنا بوون ، تا پاڵەوان لە بەردەمیدا چۆك دانەداو دەستەوسان دانەمێنێو هیچی بۆ ناکرێو هۆشی لەسەر لانەباتو وردە وردە دێتەو بێ دەسەڵاتتر ئەبێ تا ئەیخاتە گریانێکی بەکوڵەوە (ڕۆیشت ، زۆرتر پرسیاری کرد ، هەستی‌کرد ، فرمێسك گەیشتە لای لێوی ، دەستە هەڵپێکراوەکانی نەکردەوە ، وازی لە فرمێسکەکانی هێنا ٠ شۆڕبوونەوە ٠٠ ڕژان ، فرمێسکی ترو ٠٠ هی ترو ٠٠ بەکول گریا ٠٠! بێ دەنگ گریا) ٠ ئایا ئەو خۆشەویستی‌یە ئەوە ئەمێنێ کە ئەومرۆ ئەو زلو زەبەندە بخاتە گریانێکی بەکوڵەوە ؟!! باوەڕ ناکەم ! خۆشتویستو پێت ووتم « هەر لەگەڵ یەکەم بینینا تێر تێر چاوە شینەکانی ماچ ئەکەم ٠٠ »

★ ئەگەر بڵێین ئەمە خەونێکی کۆنی پاڵەوانی چیرۆکبووە وەك لە وتەکەیا دەرئەکەوێ (ـ ئەمشەو لەخەوما) ئەی ئەو خۆشەویستی‌یە بەتینەی ئێستای لە پای چی ؟!!

● خۆشەویستی ناو چیرۆکەکە ـ نازانم چۆن باسی بکەم ـ چونکە گەیشتوتە ڕادەی فەنا بوون ، تا پاڵەوان لە بەردەمیدا چۆك دانەداو دەستەوسان دانەمێنێو هیچی بۆ ناکرێو هۆشی لەسەر لانەباتو وردە وردە دێتەو بێ دەسەڵاتتر ئەبێ تا ئەیخاتە گریانێکی بەکوڵەوە (ڕۆیشت ، زۆرتر پرسیاری کرد ، هەستی‌کرد ، فرمێسك گەیشتە لای لێوی ، دەستە هەڵپێکراوەکانی نەکردەوە ، وازی لە فرمێسکەکانی هێنا ٠ شۆڕبوونەوە ٠٠ ڕژان ، فرمێسکی ترو ٠٠ هی ترو ٠٠ بەکول گریا ٠٠! بێ دەنگ گریا) ٠ ئایا ئەو خۆشەویستی‌یە ئەوە ئەمێنێ کە ئەومرۆ ئەو زلو زەبەندە بخاتە گریانێکی بەکوڵەوە ؟!! باوەڕ ناکەم !

هوشیار سیوەیلی سلێمانی

نەشم بیستووە هەتا شیرینو فەرهادو مەمو زینو یوسفو زلیخاش بەم چەشنەیان بەسەر نەهاتووە ٠ کەواتە چیرۆکەکە بووە ڕۆمانسی‌یەکی ڕووتو قووت ! نووسەر لە پێناوی خۆشەویستیا چیرۆکەکە ئەبێ تا ئەیخاتە دەست‌پێ‌نەکاتو هەر لە پێناوی خۆشەویستیشدا کۆتایی پێ‌ئەهێنێ ٠

● مەسەلەی زمانیش تێکرا سەرکەوتووە ، بەڵام من ئەوی ڕاستی‌بێ ، هەرچەند ئەم سەراوسەرم‌کرد لە وشەی (هەڵبێکان) نەگەیشتم کە ڕەگەکەی (هەڵبێك)ە شتی واشم نە بیستووەو نە بەر چاووم کەوتووە ٠

● وەکو لە پانتایی سیمای چیرۆکەکەدا دەر ئەکەوێ کە پاڵەوان بە بەردەوامی لە حاڵەتێکی هەڵچوونو کابووسیەتدایە (هەر ئاویەناوێ ، قەڵەمەکەی دانەناو بە دوو بەنجەی تووند ! نێتوان برژانگەکانی خۆیی ئەگوشیو لە پڕ دەستی شڵئەکردو سەری ئەخست بە پشتا ، ئەکەوتە بیر کردنەوە ، ئەگەڕایەوە سەر وەزعی خۆیو جگەرمیەکی دانەگیرساند ٠٠٠ هتد) لە کاتێکدا کە سەقامگیری ئەم دەروونی‌یەکانی بە تەواوی شی کردۆتەوەو بەیەکاڵایی خستۆتیە بەر چاوی خوێنەران ٠

● وەکو من بۆی بچم (کچم بچکۆلە چاوشینەکە)ی پاڵەوانی چیرۆکەکە گرێ‌یەکەو پێویستی بە کردنەوە هەیە ٠ کە ئەڵێم (گرێ) مەبەستم لەوەیە کە چیرۆکەکەی ئاڵۆزکردووە ، بەڵکەشم بۆ ئەمە ، هێنانەکایەوەی چەند پرسیارێك بەهۆی ئەو کچە بچکۆلە چاوشینەوە :

★ بوونی کچە چاوشینە بچکۆلەکە وامان تێ ئەگەیەنێ کە کچی پاڵەوانی چیرۆکەکەیە واتە پاڵەوانی چیرۆکەکە ژنی هێناوە ، ئەمە لە لایەك لە لایەکی ترەوە ئەگەر ژنی هێنابێو ئەو کچەیان بووبێ ، مەسەلەی خۆشەویستی‌یە بەتینەکە بە پرسیارێکی بێ وەڵام لامان ئەمێنێتەوە ، هەروەك لەوتەی پاڵەوانی چیرۆکەکەدا دەر ئەکەوێ :

(ـ ئەمشەو لە خەوما ٠٠ کچە چاوشینە نازدارەکەم گلەیی لێ ئەکردم ، پێی وتم بۆچی باسی منی بۆ ناکەیت ؟! بەڕەم باس ئەکردی ،

سەرنجێك دەربارەی پەندی پێشینان لە شیعری کوردیدا

عبدالرحمن مزوری

« پەندی پێشینان لە شیعری کوردیدا ، کتێبێکی بەنرخی مامۆستا کریم شارەزایەو کۆڕی زانیاری کورد ، چاپی کردوە ئەم هەوڵەی مامۆستا شارەزا ، کە لە بەرێکی باشی لە کتێبخانەی کوردیدا پڕکردەوەو گەلێك ماندوو بووە لەم ڕووەوە ، جێگای شانازیو ڕێزگرتنە لە لایەن هەموو ئەو کەسانەی کە بە ئەنگی ڕۆشنبیری‌ی کوردی‌یەوەن ، بەڵام ئەگەر مامۆستا ڕێگامان بدات سەرنجی بۆ لایەنێکی گرنگ ڕادەکێشین ، کە ئێستە نازانین هۆی خستنە پشت‌گوێی چی‌یە ؟! ئەویش یەکەمو زۆر مامۆستا شارەزا بۆ شیعری کرمانجی دەستی درێژ نەکردووە کە پەندی پێشینانیان تیا بەکار هێنراوە ، خۆ دیوانەکانی جزیریو خانیو مرادخانی بایەزیدی ٠٠ هەر لەشارەکەی مامۆستا خۆی کە هەولێرە چاپ کراون ، جگە لەو دیوانانەی کە لە شارەکانی تری عیراق وەکو بەغدا و دهۆك ، یان لە دەرەوە چاپ کراون ٠ بەبڕوای من چونکە کتێبەکە بە ناونیشانی ـ پەندی پێشینان لەشیعری کوردیدا ـ یە ، ئەبوایە بە گوێرەی توانا ، هەموو دایلکتەکانی کوردی بگرتایەوە ، ئەگینا ئەمە بە ناتەواوی‌یەك دەردەڕێتە قەڵەمو دەبوایە مامۆستا ئاوڕی بۆ ئەم لایەنە گرنگە بدایەتەوە ٠ ئەوە من چەند نموونەیەکی پەندی پێشینان لە شیعری کرمانجیدا ئەخەمە ڕوو ، هەر چەندە خۆم بە بابەتەکەوە خەریك نەکردووە ، کەشتێکی دوورو درێژ یان بە سوودو چاك پڕ بە پێستی ووتارەکە پەیدابکەم ، ئەمە بە هەزری من ئەبوایە مامۆستا شارەزا بە دوویا بکەڕایا وبێ گومان شتێکی بەپێیو چاکی پەدەست ئەکەوت ٠ ئەمەش هەندێك لەو نموونانەیە :

★ پەندی (پڕ بێژی کوری درێژ)

(خانی) ئەم پەندە لە ـ مەمو زین ـ ەکەیدا بەم جۆرەی خوارەوە بەکاری هێناوە :

هەر چەندە کەلام شوبهی در بت
بێ قەدر دیت دەما کو پڕ بت

م٠ب٠ رودنکو ـ مەمو زین ـ ل : ٩٤

★ پەندی (دیوار بگوهن !)

(جزیری) ئەم پەندەی بەکارهێناوە کاتێ ئەڵێت :

بەلکو دیواری بەگوهبن بەخودێ کەی بەخودێ
بەتو ڕەنگی نەکری ئاشکەرا ئەسراری حدوث !

دیوانی جزیری ڕفنگی ـ جـ ١ ل : ١٦٠

★ پەندی (تو دبێژی گووا لبەر کاشووانە)

دیسانەوە ـ جزیری ـ ئەم پەندەش بەکاری‌هێناوە کاتێ باسی حالی شێواوی خۆی ئەکا چۆن وەکو (تۆپێك) کەوتووەتە بەر لێدانی (گۆچانەکان) :

مثلی گویێ بێ سەروپا بومە لبەر ضربەو شەکان
لەو بچەوگانی جەفایا خوە ژدل هوریکرن

دیوانی جزیری ـ زفنگی ـ جـ ٢ ل : ٤٥٨

★ پەندی (کەو دۆزمنێ سەرێ خۆیە)

ـ ئەحمەدی نالبەند ـ ئەم پەندە کەمێك بەدەستکاری‌وە بەکاری‌هێناوە کاتێ ئەڵێت :

کەو بخو هەر ژێك بەلافن
قەبقەبا بێ فایدەیە
ئەهلێ نیچێری بچا فن
زوو گەهشتن ئەصرەتێ

★ پەندی (دونیا سیبەرا داری‌یە ، جار بومنە جار بوتەیە)

ـ ئەحمەدی نالبەند ـ ئەم پەندەش بەم جۆرەی خوارەوە بەکاری هێناوە :

دونیا نەیارا کەس ژمەیە
جار بو منەو جار بو تەیە

دیوانی نالبەند ـ چاپی دهۆك جـ ١ ل : ١١٢

پەندی (کەر بێهنا بیهێ نزانیت)

ـ جزیری ـ ئەم پەندە بەدەستکاری‌یەوە بەکاری‌هێناوە کاتێ هێرش ئەباتە سەر کابرایەکی گێلو نەزان :

بێژێ دکەت ژقەنجان ، زرەمزو نازو غەنجان
قەدرێ گولان چ زانت کەربەش دقێت کەرێ ڕەش !

دیوانی جزیری ـ زفنگی ـ جـ ١ ل : ٢٩٧

★ پەندی (تو دبێژی گێلما گافانی‌یە)

شاعیر ـ طه مائی ـ ئەم پەندەی بەکارهێناوە کاتێ ئەڵێت :

کو شول بو گێلما گافانی‌و هەریسە
دەفێ ـ مائی ـ گرێدەن بسەدوەریسە
دێ‌یا ڕاست بێت نەبێژن ئەم ئێشاندین

هاوکاری ژمارە ١٥٨ ساڵی ١٩٧٣

با ئەمەندە بەس بێ ، وەپێشینان ووتویانە (مشتێ نموونەی خراوێکە) و ئۆمێدمان وایە مامۆستا کەریم شارەزا هەر بتوانێت وەکو مۆم لەرێگای خزمەتی ئەدەبی کوردی‌دا بتوێتەوە ٠

تۆ خوای عەشوەو سەرتانی

نجیبە احمد

فەرمەنگەکان وورد ، وورد کەڕام ،
دیوانی شاعیرەکانیش ، هەموو کەڕام ٠٠
ووشە نەبوو ، نەبیستراوێ ٠٠
پینەکانی ، ئاوازیان بۆ دانەنراوێ ،
بیکەم بەدیاری ئەمجارەم ،
ناوی تۆم‌کرد بەملوانکەو ،
بەسنگمەوە هەڵم‌واسی !
دوێنێ شەو بوو ،
ئەرمە چرپەی ووشەکانت ،
ئەبارینە گونچکەی ناخی سپیمەوە
ئەزانم کێلکە ، پاش پەلەی شیعرو ، چرپە ،
چۆن سەوز ئەبێو ، چۆن باللندە تیا ئەخوێنێ ٠٠
بۆیە هەموو ئەندامێکی ئەم دەروونەم ،
گوێچکەیەکەو ، گوێی لەدەنگتە ٠٠
هەر دوێنێش بوو ،
منالێکی خنجیلەی جوان ،
لەسەر تەختەی قوتابخانەیەکی ڕووتا ،
وێنەی دەرگایەکی نەخشان ،
ووتی ئەگەر ئەم دەرگایە بکەیتەوە ،
خوا ، ئەبینی !
پێی پێکەنیم ٠٠
بەڵام کاتێ دەرگای دڵمم خستە سەرپشت ،
چەپکێ گڕی مۆزم بینی ٠٠
خوای عەشقو سووتانم بینی ٠٠
تۆم تیا بینی ٠٠٠

× × ×

ئەی شاعیرە هێمنەکە ،
وەرە بەدەنگی دەنگمەوە ٠٠
هەموو تاڵێکی ئەمقژەم
بوونەتە دارتەلی سپی ،
چرای دەنگتیان پیا هەڵواسە ٠
تك ، تك ٠٠٠ خوێنم تێریان‌کاتو ،
لەشەوانی ئەم شەرەدا ، دابگیرسین ٠٠!

ئەزبەرلە گۆ..

نووسی : غەسان کەنەفانی
گۆڕینی : کمال امین

شارەکە چاوی بەبیستنی هەواڵێکی جەرگبڕ کردەوە پادشا مرد ، کە پیاوێکی ڕاستو دادپەروەر بوو هەموو خەڵکی شارەکە خۆشیان ئەویست ، دڵتەنگی خەڵکەکە زیاتر لەبەر ئەوەبوو چونکە لەپاش مردنی هیچ ڕاسپێریەکی بەجێ نەهێشتبوو تەنیا کچە بچکۆلەکەی نەبێ کە توانای حوکم کردنی نەبوو ، بەڵام پاشا ڕاسپێریەکی بۆ کچەکەی بەجێهێشتبوو شتێکی کەمی تیا بوو ، ئەڵێ « ئەگەر ئەتەوێت ببیت بە شاژن ئەبێ ڕۆژ هەڵگری بۆ کۆشك ، ئەگەر توانای ئەم کارەت نەبێ سزات ئەوەیە کە ژیانت لەسندوقێکی داری داخراودا ببەیتە سەر » ٠٠

پاش خوێندنەوەی ئەم ڕاسپێریە بانگی ژانای کۆشکی کردو وتی نامەوێ ببم بە شاژن ، بەڵام زاناکە وتی دەستوری ووڵات لەکۆنەوە تۆمارکراوەو ڕێگای نەداوە ونادات ، بەمەرازی نەبێت ، هەروەها وتی ئەبێ کچی پادشا بەمە ڕازی بێ چونکە ووڵاتەکەمان بەسایەی باوکتەوە هەردەم بە خۆشی ئەژیا لەبەرئەوەی هەرکەسێ لەئێمە ئەرکی سەرشانی خۆی ئەزانێو درێغیش لە جێبەجێکردنی ناکات بۆیە یا ڕۆژ ئەمێنێتە کۆشك یا لەناو سندوقدا ئەژیت ٠٠

بەیانی ڕۆژی دووەم کچی پادشا بەسەر چیا کەوت ، بۆ هینانی ڕۆژ بەڵام سەیری‌کرد کەوا ڕۆژ ڕۆژ دوورە بەمرۆڤ ناگیری بۆیە بەغەمگینی گەڕایەوە کۆشك‌و دەرگای ژوورەکەی لەسەر خۆی داخستو دایە بڕمەی گریان ، پاش دوو ڕۆژ چاوی بەپارچە کاغەزێك کەوت کە تیایدا نوسرابو ، ناتوانیت ڕۆژ لە ژوورێکی داخراودا بەدی بکەیت ٠٠ کچەکە لەمە زۆر سەری سوڕما نەیزانی کێ نووسیویەتی ، بەڵام بریاری دا لەکارەکەی سڵ نەکاتەوەو ئەبێ ڕۆژ بێنێتە کۆشك ، بەیاننامەیەکی لە دیواری کۆشکەکەدا تیایدا نووسی ٠٠ هەرکەسێ بتوانێ ڕۆژ بێنێتە کۆشك پاداشتێکی چاکی گەوهەر وەرئەگرێت ٠٠ پاش چەند ڕۆژێ هەموو خەڵکە کە مەبەستیان زانی بەڵام کەس نەیتوانی یارمەتی بدات ، هەندێکیان ئەیانوت شتێکە چونکە ئەم کارە ناکرێ، هەندێکیشان ئەیانوت زۆر تێکەیشتووە چونکە ئەیوێت کارێکی وا بکات کە لەباردا نەبێت بەڵام کەسیان نەیاتوانی یارمەتی بدەن ، بۆ ڕۆژی دووەم زاناکە هاتە کۆشك‌و پێی ووت ئەو ماوەیەی پێم دابوو خەریکە تەواو دەبێ چونکە باوکت ڕایسپاردبوم پاش مردنی مۆمێکی گەورە دابگیرسێنم ئەگەر پێش ئەوەی بکەیتە ڕۆژ توایەوە ئەوا ئەبێ سزات بدرێ کچەکە زۆر خەفەتی خواردو زانی کە قەت ناتوانێ ببێت بە شاژن لەوکاتەی کە لەدەریای خەما مەلەی ئەکرد پیاوێکی پیر ئەیویست بێتە کۆشك بەڵام بەنە ژووەی ئەو حەلە لە ژوورەکەی هاتە خوارەوەو سوپاسالاریش لەتەکیا بوو بۆ ئەوەی پیاوە پیرەکەی پیشان بدات شوێنە لەبەر زۆری فانوس ببووە ڕۆژ نەیتوانی پیاوە پیرەکە بناسێ چونکە هەموو بەیەك ئەچوون وەنەشی ئەتوانی چاوی هەڵێنیت لەبەر ڕووناکی بەسوپا سالارەکەی ووت قەت نەمئەزانی ئەوەندە فانوسە لە شارەکەدا هەیە سوپاسالار ووتی دیارە لەدزی ئەترسێن بەڵام زاناکە ووتی نەخێر کە تاریکایی داوێ هەرکەسێ فانوسی بەدەستیەوە ئەگرێ بۆ زانینی ڕێگای خۆی ، لە پاشا ڕووی کردە کچی پادشاو پێی ووت ئایا ئەتوانی ئەمەندە فانوسە هەڵگریت ووتی نەخێر ووتی هەروا ڕۆژیش گەورەترە لەوەی کە یەکێ هەڵیگرێت ، کچی پادشا ووتی ئێستا لە هەموو شتێ گەیشتم ئەم هەموو فانوسانە ئەو ڕۆژەیە کە باوکم مەبەستی بوو ، زاناکە ووتی سەیری بەنجەرەکە بکە کە تیشکی ڕۆژی لێ‌ئەدات‌و کۆشکەکەی ڕووناك کردۆتەوە کچی پادشا ووتی ئەمە یەکەمین جارە شتی وا ڕووبدات زاناکە ووتی بەڵێ چونکە تۆ شورەو دەرگات ڕوخاند کە ئەمانە بەری ڕۆژیان گرتبوو پاش ماوەیەك تاجی شاهیشی لە سەرکردو ووتی ئێستا بویت بە شاژن چونکە ڕاسپێریەکەی باوکت بەجێ‌هێناو ڕۆژت گەیاندە کۆشك ٠

نووسی : غەسان کەنەفانی
گۆڕینی : کمال امین

پاسەوانەکان ڕێگایان نەئەدا کەچیرەکە زۆر چاورەق بووت نەئەگەڕایەوە ، کچەچاوی بەمە کەوتو گۆڕێ لێبوو ئەیوت ڕێگام بدەن‌بچمە ژوورەوە ئەمەوێ یارم کچی پادشا بدەم پاسەوانەکەش پێی ووت پیرەپارزاو چۆن دەتوانی یارم بدەیت ئەویش هاوی کرد « پێبەپێن بیاو ، پێر نەیتوانی بێتە کۆی چۆن چاوی لەویە ڕۆڵبێتە » ٠٠ لەودا پیاوە پیرەکە پشتی تێکچەکە ویستی بانگی بکەبەڵام لەبەرچاو ونبوو نا بەدلگیری گەڕایەوە ژوکەی‌و بیری لەقەی پێچێردەکە ئەکردەوە بەڵام مەتەکەی نەئەزانی لەپڕ باسوپاسالاری کرد کە پێی ئازا بوو ماوەی ١٠ سەلەخزمەتی کۆشکدا بوو با خواسی پیاوە پیرەکەی لێی ئەویش ووتی هەموو ڕ دێ بەڵام ڕێگای نا چونکە وا بیر ئەکەنەوە کە ، وتی وەسفیم بۆ بکە ، ئەویش وتی پیاوێکی هەزارەو فانوسێکی بچووك هەڵئەگرێ کچەکە ووتی ئەگەر بەیانی هات ڕێگای بدەن ، بەڵام نەهات کچەشی کەوتە گریانو لەناکاو چاوی بە کاغەزێکی تر کەوت لێی نوسرابوو « لە تەنگانەدای مۆمی گەورە نزیکە بتاوێتەوە گریانو خەفەت سودی نیە » ئینجا هەستی کرد کە ئەبێ شتێ بکا ئەگینا ئەبێ ژیانی لە سندوقێکی داخراودا ببات سەر ، لە ناکاو داوای سوپاسالاری کردو پێی وت هەرپیاوێ لەم شارەدا فانوسێکی بچوکی لەبەردەستابێ بیهێنە ئێرە سوپاسالارەکە هەموو سوپاکانی لە وڵات بڵاوکردەوەو داوای لێکردن تا ئێوارە چاوەڕوان بن کە دنیا تاریك بوو ئەوا هەریەکێکیان دی فانوسی بەدەستەوەیە بیهێننە کۆشك ئێوارە کچی پادشا لەبەر بەنجەرەکەیدا دانیشتو سەیری هاتنی ئەوکۆمەڵە پیاوانەی ئەکرد کە فانۆسەکانیان بەدەستەوەبو لەبەر دیمەنێکی زۆر سەیری دی هەزارەها پیاو لەم تاریکیدا فانوسیان بەدەستەوەیەو بەرەو کۆشکەکەی دێن پاش ماوەیەکی کەم گەیشتە دەرگای کۆشك‌و لەبەر بچووکی دەرگاکەی نەیانتوانی بێنە ژوورەوە ، کچە کە داوای کرد کە شوورە بەرزەکان بڕوخێنن‌و دەرگاکە فراوان بکەن بۆ ئەوەی خەڵکەکە بێنە ژوورەوە ئەو حەلە لە ژوورەکەی هاتە خوارەوەو سوپاسالاریش لەتەکیا بوو بۆ ئەوەی پیاوە پیرەکەی پیشان بدات شوێنە لەبەر زۆری فانوس ببووە ڕۆژ نەیتوانی پیاوە پیرەکە بناسێ چونکە هەموو بەیەك ئەچوون وەنەشی ئەتوانی چاوی هەڵێنیت لەبەر ڕووناکی بەسوپا سالارەکەی ووت قەت نەمئەزانی ئەوەندە فانوسە لە شارەکەدا هەیە سوپاسالار ووتی دیارە لەدزی ئەترسێن بەڵام زاناکە ووتی نەخێر کە تاریکایی داوێ هەرکەسێ فانوسی بەدەستیەوە ئەگرێ بۆ زانینی ڕێگای خۆی ، لە پاشا ڕووی کردە کچی پادشاو پێی ووت ئایا ئەتوانی ئەمەندە فانوسە هەڵگریت ووتی نەخێر ووتی هەروا ڕۆژیش گەورەترە لەوەی کە یەکێ هەڵیگرێت ، کچی پادشا ووتی ئێستا لە هەموو شتێ گەیشتم ئەم هەموو فانوسانە ئەو ڕۆژەیە کە باوکم مەبەستی بوو ، زاناکە ووتی سەیری بەنجەرەکە بکە کە تیشکی ڕۆژی لێ‌ئەداتو کۆشکەکەی ڕووناك کردۆتەوە کچی پادشا ووتی ئەمە یەکەمین جارە شتی وا ڕووبدات زاناکە ووتی بەڵێ چونکە تۆ شورەو دەرگات ڕوخاند کە ئەمانە بەری ڕۆژیان گرتبوو پاش ماوەیەك تاجی شاهیشی لە سەرکردو ووتی ئێستا بویت بە شاژن چونکە ڕاسپێریەکەی باوکت بەجێ‌هێناو ڕۆژت گەیاندە کۆشك ٠

وێنەیەك لە ژیانی ڕۆشنبیرە مەزنەکان

لەبەرەیەك لە یادداشتی فولگنر

نوسەری ئەمەریکایی بەناوبانگ (ولیام فولگنر) ١٨٩٧ ـ ١٩٦٢ هەمیشە زاڵبوو ، بەسەروشەدا ، بەڵام دەستەوسان ئەوەستا بەرامبەر بە میوانی ناوەخت کە هەراسانیان‌کردبوو ، تەنانەت پاش وەرگرتنی خەڵاتی نوبل زیاتر ژیانیان لی‌تاڵکردبو ، هەریەکەیان دەیەویست باسی پاڵەوانەکانی چیرۆکەکانی ببیستێ ، لەڕاستیدا فولگنر زیاتر دڵی بەوەوەبوو خۆی لەگەڵ پاڵەوانەکانیا بژی نەك لەبەرچاوی ئەوان ڕووتیان‌بکاتەوە ، هەندێ جار ناچارئەبوو باسی کەسانێکی ئەوتۆیکات نە لە چیرۆکەکانیا ناویان هەبێو نە بیریشی لەوە کردبوەوە بیانکات بە پاڵەوانی چیرۆکی لەسەودوایی ، بەڵام هەردەیەویست لە کۆڵی بینەوەو بەرۆکی بەربدەن ، کەچی لەگەڵ ئەوەشا زۆر بە بەرۆشەوە گوێیان پێ شل دەکردو ، گەلێ جار تا نیوەشەو بەدیاریەوە دەمانەوە ٠ لە پرێکا میوان نماو دەوری چۆڵبوو ، ئیتر بەئارەزووی خۆی کەوتە نووسینو خویندنەوە ، هاورێ نزیکەکانیشی سەریان لەم کارە سوڕمابوو چۆن وا بە ئاسانی لەیەخەی بوونەوە ؟ فۆلکنر لە یادا شتەکەی‌دا باسی ئەم مەسەلەیە دەکاتو دەڵێ :

« دوایین شەوێ کە ئەو میوانانەم تیادی شەوێك‌بوو کەوتمە گێڕانەوەی بەشێك لەو چیرۆکە تازەیەم کە هێشتا بڵاو نەبوبوەوە ، قارەمانی چیرۆکەکەم پیرەژنێکی دەوڵەمەندبوو ، هەرچەند ئەکەوتە ساڵەوە زیاتر قینی لە کەسو کارو دەورو پشتەکەی دەبوەوە ، زیاتر لەو خزمو ناسیاوانەی کە تا نیوەشەو بەدیاریەوە دەمانەوە ، چونکە دەیزانی ئەوانە خواخوایانە ڕۆژێك زوتر بمرێو بە سامانەکەی شادبن ، لە ئەنجاما پیرەژن شتێکی بە بیرداهات ، شەوێك هەمویانی بانگ کرد بۆ تانخواردنو خواردنەوە ، بەڵام هەر ئەوەندەیان خۆشی‌بوو تا ورگیان پڕکرد لە مالی مفت ، ئیتر بەرودوا هەریەکەیان لە عاستی خۆیەوە بەلادا ، دەهاتو دەمرد ، چونکە پیرەژن ئەوەندی ڕق لێیان بوو ، خواردنەکەی پڕکردبوو لە ژەهر ، پاش ئەوەی کە دڵنیابوو لە مردنیان دەستی دایە قەڵەمەکەیو کەوتە نوسینی وەسیتنامەکەی ، هەرچی سامانێکی هەبوو بەخشی بەو دەرو دراوسێو هاورێو دۆستانەی لە ژیانیا خۆشیان ئەویست بێ ئەوەی چاو بیرنە پارەو ماڵەکەی ، ئەمجا خۆشی کەوتە خواردنی چێشتە ژەهراوی‌یەکەو کۆتایی بەژیانی هێنا »

فولگنر ئەڵێ : دوای ئەوەی ئەم باسەم بۆ گێڕانەوە ئیتر بیرای بیرای چاوم پێیان نەکەوتەوەو شەوان دەوریان چۆڵکردم ، کاری پیرەژن ڕاستبێت ٠

ئامادە کردنی :
○ مصطفی صالح کریم ○

Institut kurde de Paris

سەرۆکی فەرماندە بروسکەیەکی سوپاسنامەی لە سەرۆکی کۆماری بەنگلادیشەوە پێ ئەگات

بەرێز سەرەك کۆمار احمدحسن البکر وەرامی ئەو بروسکەی پیرۆزباییەی لە سەرۆك ضیاء الرحمن سەرەك کۆماری بەنگلادیشی میللیەوەیی گیشتۆتەوە کە بەبۆنەی جەژنی میللی بەنگالیەوە بۆی ناردبو ٠٠ ئەمەش تەواوی بروسکەکەیە ٠٠٠

پایەبڵند موهیب احمد حسن‌البکر سەرەك کۆماری عیراقی بەرێز زۆر خۆشحالم کەسوپاسێکی گەرمی خۆم پێشکەشی ئێوەی بەرێز بکەمبۆ ئەو بروسکە پیرۆزبایی‌یە ناسکەی بە بۆنەی جەژنی‌ئیشتمانی بەنگلادیشەوە بۆتان ناردبوین ، لەکاتێکا لەگەڵ‌پایەبڵندی ئێوەدا هاوبەشی سۆزی ناسك‌و گەرمتان‌دەکەین ، من زۆر دلنیام کە ئەویش مایەی بەختەوەریە کەبەیوەندی برایانەی بەتینی نیوان هەردوو ولاتمان‌بەهێزتر دەبێت بە جۆرێك چاکەی هەردولای تێدابێت ٠

داوای تەمەنێکی درێژوتەندروستی‌یەکی چاك بۆ تۆو گەشانەوەو پێشکەوتن بۆگەلی عیراقی دۆست‌و برا دەکەین ٠

ضیاء الرحمن
سەرەك کۆماری بەنگلادیشی میللی

میوانداری کۆشکی کۆماری

دوێنی بەرێز پترێك فازگین یەکەم پتریکی گەورەی هەمو ئەرمەنی‌یە ئەرسودۆکسەکان چۆتە کۆشکی کۆماری‌و بەبۆنەی سەردانی لەولات ناوی خۆی لەدەفتەری میوانداریدا تۆمار کردوە ٠

هەروەها دکتۆر شتیفان تورێز بەریوەبەری گشتی‌ی پۆستەو هاتوچوی هەنگاری چۆتە کۆشکی کۆماری‌و بەبۆنەی سەردانی لەولات ناوی خۆی لەدەفتەری میوانداریدا تۆمار کردوە ٠ هەروەها بەرێزان ناسر عبدالقادر بالوێزی کۆماری عیراق لە دەولەتی بەحرێن‌و فالح عبدالرزاق بالوێزی کۆماری عیراق لە ولاتی عەرەبی سعودی چونەتە کۆشکی کۆماری‌و بۆ دوعاخوازی‌و گەرانەوە بۆشوێنی ئیشەکانیان ناوی خۆیانیان لە دەفتەری میواندا‌ریدا تۆمار کردوە ٠ هەروەها بەرێز دکتۆر عبدالحسن زلزلە یاریدەدەری ئەمینداری گشتی‌ی جامیعەی ولاتە عەرەبیکان چۆتە کۆشکی کۆماری‌و بەبۆنەی ئەوەوە کە لە بەغدایە ناوی خۆی لەدەفتەری میوانداریدا تۆمار کردوە ٠ هەروەها بەرێز ئامر خلیل احمد بەریوەبەری گشتی‌ی کۆمپانیای ئالفی ئاژەل چۆتە کۆشکی کۆماری‌و بۆ سوپاسکردنی سەرۆك بەدانانی لەم‌بلەنوێیەدا ناوی خۆی لەدەفتەری میواندا‌ریدا تۆمار کردوە ٠ هەروەها بەرێز یاسین عبدالله جاسم بەریوەبەری گشتی‌ی کۆمپانیای گشتی‌ی چنینی ئیشتانی چۆتە کۆشکی کۆماری‌و بۆ دوعا خوازی کردن ناوی خۆی لەدەفتەری میواندا‌ریدا تۆمار کردوە ٠

هەروەها بەرێز دکتۆر ضاری مشحن الحردان بەریوەبەری گشتی‌ی پرۆژەی ناوچەیی بۆ بەکارهێنانی زەوی‌و ئاو لەرۆژهەلاتی خوارودا چۆتە کۆشکی کۆماری‌و بەبۆنەی گەرانەوەی لەدەرەوی عیراق ناوی خۆی لەدەفتەری میواندا‌ریدا تۆمار کردوە ٠

پیشانگای سەرکردایەتی سوپای میللی

بەیانی رۆژی هەینی داهاتوهاوری طه یاسین رمضان ئەندامی ئەنجومەنی‌سەرکردایەتی شۆڕش فەرماندەی گشتی‌ی سوپای‌میللی لە گورەپانی تەحریر لەبەغدا یەکەمین پێشانگای‌سەرکردایەتی گشتی‌ی سوپای میللی دەکاتەوە ٠

ئەو پیشانگایەی ماوەی‌هەفتەیەك بەردەوام دەبێت بریتی دەبێت لە زمارەیەك‌وێنەی فوتۆگرافی کە لە شوێن مەشقەکاندا چالاکی‌یە جۆربەجۆرەکانی سوپای میللی نیشان دەدات ٠

وەزیری راگەیاندن لەکۆرێکی دەزگای گشتی ئیستگەوتەلەفزیۆن ئامادە ئەبێ

بەرێز سعد قاسم حمودی‌وەزیری راگەیاندن داوای ئەوەی کردوە کە هەموو‌تواناو تەقەللایەکی راگەیاندن بەشێوەیەکی وردبینی‌وریکوپێك بەرهەم بهێنرێ‌و بەپێی شێوازی دیموکراتیانەی‌بەکۆمەل بۆ خزمەتی کاری راگەیاندن‌و بلاوکردنەوەی‌ئامانجەو باوەڕەکانی سەرکردایەتی حزبو شۆڕش٠

وەزیری بەرێز کە لەکۆرێکی‌دەزگای گشتی ئیستگەو تەلەفزیوندا ئامادەبوو بۆلێکۆڵینەوەی ئەخشەی ساڵانەی ئەمساڵی وتی : کاری‌راگەیاندن‌و رۆژنامەگەری‌و هونەری دامینەرانە بەکاری‌هەرەوەزکاری‌و بە کۆمەل ئیش‌کردن پەرەئەستێنێ، لەگەڵ موماره‌سەی دیموکراتیانەداو بەپێی ئامۆژگاری مەرکەزی‌سەرکردایەتی حزبو شۆڕش٠

هەروەها بەرێز وەزیری‌راگەیاندن بایەخی ئەو دەورەی دووبات کردەوە کەئیستگەو تەلەفزیون لەگەیاندنی راگەیاندنی حزبوشۆڕشدا بە هەموو ریزەکانی گەل ئەیگێرێ ٠

وەزیری گواستنەوە چاوی بە لێپسراویکی هەنگاریا ئەکەوێ

بەرێز دکتۆر مکرم جمال‌وەزیری گواستنەوە دوێنی بەیانی پێشوازیی بەرێز ئیستیفان تورێز بەریوەبەری گشتی‌ی دایەرەی پۆستەوهاتوچۆ لە وەزارەتی پۆستەو هاتوچوی کۆماری هەنگاریای‌میلی‌و وەفدەکەی تەکی کردوە

کردنەوەی چەند پرۆژەیەکی خزمەت گوزاری لە بیرەوەری «١٥» هەمینی شۆڕشی «٨»ی شوباتدا

وەزارەتی کارو کاروباری‌کۆمەلایەتی لە بیرەوەری پانزدەمینی شۆڕشی ٨ی‌شوباتدا چەند پرۆژەیەکی خزمەت‌گوزاری‌و کۆمەلایەتی‌دەکاتەوە هەر وەك بەردی بناغەی چەند پرۆژەیەکی‌دیکەش دادەنێ ٠

بەم بۆنەیەوە ٣ کۆشکی نیشتەجی‌بون لە گەرەکی ٧ی نیسان‌دا دەکرێتەوە لەگەڵ عەماریکی پەستەڵ‌و دایەنگایەکی سەربە مەلبەندی کۆمەلایەتی لەپارێزگای میساندا ٠ هەروەك بەردی بناغەی ٣ دایانگا لە پارێزگای نەینەواو نەجەف‌و قادسی‌یە دادەنرێت ٠ وە لەلایەکی ترەوە دوێنێ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلایەتی کۆبونەوەیەکی فراوانی بۆ ئامادەکردنی وەرەقەی‌کاری دایەرەکانی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلایەتی لە ناوچەی ئۆتۆنومیدا کردوە ٠

لەو کۆبونەوەیەدا کە لە دەزگای خانەنشینی‌و زامنی کۆمەلایەتی کرا بو باسی رابەراندن‌و چالاکردن‌و کورچ‌کردنەوەی ئیش‌وکاری دایەرەکان وەزارەت کراوە لەکەل دۆزینەوەی رێگاو چارەسەری بۆ ئەو گیروگرفتانە بەجۆرێك لە گەل خواستەکانی سەرکردایەتی سیاسی حزبو شۆڕشدا بگونجێت لە بەرزکردنەوەی وزەی بەرهەم هێنان‌دا ٠

لە کۆبونەوەکەدا بەرێز دکتۆر محمد زبیر ئەمینداری گشتی‌ی کاروباری کۆمەلایەتی ناوچەی ئۆتۆنومی‌و ژمارەیەك لە بەریوەبەرە گشتی‌یەکان‌و سەرۆکی دەزگاکانی وەزارەت بەشداربون ٠

ئا٠ د٠ ع٠

زۆرکردنی بەرهەمی برنج

بەرێز عزة ابراهیم ئەندامی‌ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش‌و سەرۆکی ئەنجومەنی‌بەرزی کشتوکال داوای‌کردوە کە ١٠ هەزار دۆنم لە زەوی‌وزارەکانی هەرەوەزکارێکان لە سەرشێویەکی تەکنەلۆژی تۆی‌لە پارێزگای نەجەف قادسیە بکرێت بە چەلتوك ٠

سەرچاوەیەکی ئاگادار بە ئاژانسی دەنگوباسی عیراقی راگەیاندوە کە ئەنجومەنی ناوبراو وەزارەتی کشتوکال‌و چاککردنی کشتوکالی ناوەتە بەرئەرکی جێبەجێکردن‌و سەرپەرشتی‌کردنێکی راستەوخۆی ئەو کارە بۆ ئەوەی بتوانرێ‌تەواوی بۆ ئامادەکات ٠ هەروەك داوای پێك‌هێنانی لیژنەیەکی کردوە بۆ دەستی رێزلێنان‌و خەلاتکردنی ئەو باڵەو جوتیارانەی کە لە هەرەوەزکارێکاندا بەرهەمێکی‌زۆریان بەرهەم‌هێناوەو لە پارێزگای نەجەف ئەم ئاقی‌کردنەوەیەیان سەرخستوە ٠ ئەم هەنگاوەش‌لەبەر روناکی ئەمۆزگارێکانی کۆنگرەی حەوتەمی ساڵانەیەبۆ فرەوان‌کردنی بنکەی کشتوکالی زانیاری‌و سەرخستنی کشتوکالی تەکنەلۆژی چەلتەکە لە پارێزگای نەجەف ٠

ئەوەی شایانی باسە بۆیەکەم جارە کە کادیری مەیدانی کشتوکال توانیویانە لە وەرزی کشتوکالی رابوردودا تەکنەلۆژیا بخەنە کشتوکالی برنجەوە‌و ٣٠٠ بەسەرکەوتنێکی تەواوەوە کراوە برنج‌و بەرهەمێکی زۆری داوە بەدەستەوە ، ئەویش وەك گونجانێکی تەواو لەگەڵ رێبازی شۆڕشدا‌و ئەوردانەوەیەك لە خواستەکانی‌و سوربون لەسەررویشتن بەرەو بەرهەم‌هێنانێکی تەواو زیادکردنی ئەوەو بەرهەمانە بەجۆرێکی شێوەنمای کە لە راپۆرتی‌سیاسی حزبی بەعسی سۆشیالیستی فەرەبدادیاری‌کراوە ٠

کردنەوەی ٥٨قوتابخانەی نوێ لە هەولێر

ئیدارەی محەلی پارێزگای‌هەولێر موناقەسەی ٥٨ قوتابخانەی سەرەتای‌و ١٠قوتابخانەی ناوەندیی داوە بە قونتەرات‌چێکان کەسەرجەمی ئەم کارانە ٣٠٠ هەزار دینارییان تێدەچێت ،ئەم قوتابخانانەش دەکەونە ناو شاری هەولێرو قەزای‌شەقلاوەو زێبارو کویسنجاق‌و جومان ناحی‌یەی شیروان‌مەزن‌و دیانەو گەلالەو خەبات‌و ٤٨ گوند لەچەند ناوچەیەکی‌ئەو پارێزگایەدا ٠

وەئیستا کار بەردەوامە لەدروست‌کردنی ٤١ قوتابخانەی سەرەتایی‌و ناوەندی‌ئامادەیدا لەچەند ناوچەیەکی ئەو پارێزگایەدا کە ئەم کارەش ٦٤٠ هەزار دیناری تێدەچێت ٠

وەلەلایەکی ترەوە جیهازەتەکنیکیەکانی ئیدارەی محەلی لەمەسەلەی دیاری‌کردنی ئەوزەویانە دەکۆڵنەوە کە بڕۆژەکانی نەخشەی‌پەرەپیدانی ئەم ساڵی پارێزگاکەی لە سەرجێ‌بەجێ‌بکەن ٠

دروست‌کردنی چوار گوندی هاوچەرخ لە دهۆك

دوێنی دەزگا تایبەتێکانی پارێزگای دهۆك موناقەسەی ٤ گوندی هاوچەرخیان بۆ کۆکردنەوەی جوتیاران داوە بە قونتەراتچێکان ئەم‌پرۆژەیە ملیونێك‌و ٣٠٠ هەزار دیناری تێدەچێت‌و وا چاوەڕوان دەکرێت کە لەسەرەتای مانگی حوزەیرانی داهاتودا ئیش‌وکاری قوتاربێت ٠ ئەم گوندانەی هەریەکەیان دەورەبەری ٨٠٠ خانو دەبێت بەسەر ناوچەکانی دەشتی زی‌و دێرەلۆك‌و ئلقەوش‌و سوریدا دابەش دەبن ٠ بەمجۆرە ئەو گوندانەی لەمانگەدا بریار لەسەر دروست‌کردنی دراوە زمارەیان گەیشتۆتە ٧ گوند کە ئەوانیش برێتین لە ١٥٠٠ خانوبەرەو دوو ملیون‌و ٢٥٠ هەزار دیناریان تێدەچێت ٠

هەرەوەزێکی پاکوتەمیزی لە سلێمانی

پزیشکایەتی تەندروستی سلێمانی چەند چێکایەکی گشتی داخستوە ، ئەویش لەبەر ئەوەی پەپوەی پاکوتەمیزیان تەکردوە ٠ بەوبۆنەیەوە کافیتریای‌حەیامی داخستوە لە گەڵ حەمامی سورەت کە خاوەنەکەی حاجی علی احمدو شوێنی فرۆشتنی چیسی داخستوە کە خاوەنەکەی آزاد حسن ـ ٥ هەروەها سەروبی‌خانەی کمال حمە صالح‌و نانەواخانەی محمود حسین‌و دووکانی قەسابی بهاءالدین کریم‌و چاخانەی کەمال حمە صالح‌و چاخانەی ظاهر محمدو دوکانە سەوزە فرۆشەکانی محمد قادر کریم ئاغاو رووف محمدو عمر احمدو حسین عمرو قادر احمد محمودو حسین حمە امین‌و محمد مرادو عمر مصطفی ٠

نەخشەی رۆشنبیری ساڵی ١٩٧٨ی وەزارەتی رۆشنبیری وهونەر

دایەرەی کاروباری گشتی‌ی‌رۆشنبیریی نەخشەی ساڵی ١٩٧٨ی خۆی داناوە کەئەویش برێتی‌یە لەتەواوکردنی ئەوکتێبانەی لە ساڵی١٩٧٧موە ماونەتەوە کە ژمارەیان ٧٦ کتێبە ٠٠

هەروەها داواکردن بۆلێکۆڵینەوەی ئەونە لەکەلەپوری زانستی عەرەبی‌و بەناوبانگ ترینیان فەرهەنگە عەرەبێکانە لەگەڵ وەرگیرانی‌چەند لێکۆڵینەوەیەکی رەخنەیی لەوانەی لە ئەدەبی جیهانیدابەناوبانگن لەگەڵ دەرکردنی هەڵبژاردەی نوێ لەئەدەبی‌هاوچەرخی عیراق لە شیعرو چیرۆکدا هەروەها بەستنی‌پەیوەندی لەگەڵ مەلبەندە رۆشنبیریە رۆژهەلاتیکان کەئامانجی رێزلێنانی رۆژهەلات‌ناسە گەورەکانە ،ئەوانەی خزمەتی کەلەپوری عەرەب‌و ئیسلامیان کردوەسەرەرای گرتنەخۆی وەرزی رۆشنبیری‌و زاراوەی‌رەخنەگرتن‌و هاندانی ئەوکەسە لێهاتوانەی کەتازەپێدەگەن‌و سنگ کردنەوە بۆ هەموو دەستپێش‌کەریەك ٠

ئەم نەخشەیە لەرۆژی١ـ١ـ١٩٧٨موە دەست بەجێ بەجێ‌کردنی کراوە ٠

بانقی پیشەسازیی ١٢ملیون‌و ٤٩٨ هەزار دیناری بەقەرزداوە

بانقی پیشەسازی لەساڵی‌رابوردودا ١٢ ملیون‌و ٤٩٨ هەزار دیناری بەقەرزداوە کەئەمەش دوومليون‌و ٢١٤ هەزار دیناری لە ساڵی ١٩٧٦زیاترە ٠

ئەمهەواله سەرچاوەیەکی‌ئاگادار لەبانقی پیشەسازی رایگەیاندوە ووتویەتی ٠٠ کەبانقەکە پیشکەوتنێکی چاکی لەئیش‌وکارەکانی خویدا وەدی‌هێناوە ئەویش بۆ پشتگیری کردنی پیشەسازیی نیشتانی لە مەیدانی پارەدان‌و بەرهەم‌هێنانی خزمەت‌گوزاری بانقدا ٠

ئەوسەرچاوەیە لەبارەی چالاکێکانی بانق دواوە بەتایبەتی لەکۆتایی ساڵی رابوردودا لەوبارەیەوە ووتویەتی ٠٠ بانق لەو ماوەیەدا توانیویەتی ٢٨٦ داخوازی قەرزپێدان جێ‌بەجێ‌بکات کە نرخەکانیان گەیشتۆتە دوو ملیون‌و ٨ هەزار دینار کە ئەویش بەسەر دەست‌گرتن‌و قەرزپێداندا دابەش‌دەبێت ، وە لەبارەی بەرهەم‌هێنانی پیشەسازیەوە سەرچاوەکە ووتویەتی ٠٠ لەکەرتی پیشەسازیی تێکلاودا لە ساڵی پاردا گەیشتوتە ١١ ملیون ٤٠٢ هەزار دینار بەرامبەر ٧ ملیون‌و ١١١ هەزار دینار کە لە ساڵی پاردا بەقەرزی داوە ٠

٣ ملیون دینار بۆکرینی ئامیری پزیشکی نوێ

وەزارەتی تەندروستی ٣ ملیون‌و ٣٦٦ هەزار دیناری بۆ کرینی ئامیرو کەرەسەی نوێی پزیشکی تەرخان‌کردوە بۆ ئەوەی دابەش‌کات بەسەر دەزگاکانیدا ٠

لەم ساڵدا دەزگا تەندروستیکان هەمویان جیهازی بەهۆش هێنانەوەو نەخشەکێشانی دڵو جیهازی گورچیلەی دەست‌کردو کەرەسەی شوشتنەوەی فلیم‌و ئەشیعەی هەمە جۆریان بۆ ئامادەدەکرێت ٠

تیکۆلینەوە لەگیروگرفتەکانی ئاودێری

وەزارەتی ئاودێری بریاری ئەوەی داوە کە دیدەنی مەیدانی بۆ کاربەدەستانی پێك‌بهێنی بۆ ئەوەی شیوەی بەریوەچونی ئیش‌و کاری پرۆژەکانی لە پارێزگاکاندا ببینن‌و بزانن ئەو پرۆژانە بێویستیان بەچی‌یەو چۆن چارەسەری بۆ دەدۆزنەوە ٠

ئەم هەواڵەش دوێنی ئەندازیار عبدالوهاب محمود عبدالله وەزیری ئاودێری بەئاژانسی دەنگوباسی عیراقی راگەیاندوەو وتویەتی کە ئەمرۆ بۆ ئەو مەبەستە دەچێتە دیدەنی پارێزگای میسان‌و بەسرا ٠ هەروەها وتویەتی ٠٠ لە دیدەنیەکەی پارێزگای بەسرەیدا لەگەڵ لێپرسراواندا سەبارەت بۆژانەوەی پرۆژەی شەتی عەرەب‌و پرۆژەئاو دێرێکانی دیکە گفتو گودەکات بە جۆرێکی ئەو تۆ خزمەتی ئەخشە کشتوکالیکان بکات‌و پێویستی‌یەکانی پرۆژەی (نازمی شەتی عەرەب) بەسەرکاتەوەو ئامادەواوی‌و پەرەپیدانی مەیدەکات ٠

بەرێز وەزیری ئاودێری ئەوەی دیاری کردوە کە ئەم دیدەنی‌یە مەیدانی‌یە بۆ ئەوەیە تێکەلاویەکی بەکەلك پێك‌بهێنی بۆ دۆزینەوەی چارەسەری بۆ ئەو گیروگرفتانەی دێنە رێگای چالاکی بەریوەبردنی ئیشوکارەکان ٠

هاوکاری لە سلێمانی نووسیویەتی ئەلێ :

پێك هێنانی لیژنەیەك بۆلێکۆڵینەوەی کاروباری پەروەردە لە سلێمانی

کۆتایی مەفتەی رابوردوو مامۆستا محمد محجوب ئەندامی ئەنجومەنی شەرکردایەتی شۆڕش‌و وەزیری پەروەردە لە چوارچێوەی گەشتەکەیدا بە ناوچەی کوردستانداو گەڕان بەسەر دەزگا پەروەردەییەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا گەیشتە سلێمانی‌و لە لایەن بەرێز ارشد محمد احمد پارێزگاری سلێمانی‌و هاوری محمد زمام ئەمینداری نهێنی (شعبه)ی سلێمانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست‌و بەرێز بەرێوەبەری پەروەردەی سلێمانی‌و سەرۆك دائیرەکانی ترەوە پێشوازیەکی گەرمی لێ‌کرا ٠

مامۆستا محجوب بەگەیشتنی بۆ شاری سلێمانی سەری لە زوربەی قوتابخانەکانی شارەکەدا ٠ لە مانە قوتابخانەی ئامادەیی کشتوکال لە بەکرەجۆو ئامادەیی پیشەسازی‌و باخچەی ساوایان لەم سەردانانەدا ، بەرێز ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەزیری پەروەردە ، رووبەروو لەگەڵ قوتابیەکاندا قسەی‌کردو گوی لە داواکاریەکانیان گرت‌و داوای‌کرد کە هەموو پێویستیەکانیان رابپەرێنرێ ٠

هەروەها لە بارەگای پارێزگای سلێمانیدا کۆبونەوەیەکی فراوان بە سەرۆکایەتی مامۆستا محجوب بەسترا‌و لەم کۆبونەوەیەدا بریار درا بە پێك‌هێنانی لیژنەیەك بە سەرۆکایەتی بەرێز پارێزگاری سلێمانی‌و ئەندامیەتی جێگری پارێزگارو نوێنەری حزب‌و بەرێوەبەری پەروەردەو نوێنەری کۆمەلانی جوتیاران‌و نوێنەری یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی عیراق بۆ لێکولینەوەی کاروباری پەروەردەو دەست‌و بردکردن لە راپەراندنی پرۆژەکانی پەروەردەدا لە پارێزگاکەدا ٠

پاشان لە هۆلی کارگەری جگەرە ، بەرێز ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەزیری پەروەردە لەو کۆڕە فراوانەدا ئامادەبو کە بۆ باس‌کردنی چۆنیەتی خوێندن‌و کاروباری پەروەردەی ئەمساڵ سازکراو بەرێز مامۆستا محجوب ئەو پێشنیازانەی وەرگرت کە لەم کۆڕە داپێشکەش‌کرا ٠

«هاوکاری» و کۆمەلانی خەڵك

ئامادەکردنی : سەربەست بامەرنی

★ بۆ برادەر **بەرزە ـ لە بەکرەجۆ** و برادەران **دەرچووانی قوتابخانەی مامۆستایان ساڵی ٩٧٥ـ١٩٧٦** و بۆ هەموو ئەوانەی بۆ ئەم گۆشەیە ئەنووسن، هیوادارین ئەوەیان لەبەرچاو بێت کە هیچ بابەتێك لەم گۆشەیەوە بڵاوناکرێتەوە ، ئەگەر ناوونیشان‌و ئەدرێسی تەواوی لەگەڵ نەبێ ٠

دیارە ، ئەبێ رەخنەکە لەجێی خۆی‌بێت‌و مەبەستی خزمەتی کۆمەلانی خەلکی بێت‌و کە رەخنەکە وەیا داواکاری‌یەکە ئاوابێ ، ئەبێ خاوەنەکەی ، کە خۆی بە هەق‌و راست ئەزانێ ، بەبێ دودلی ناوی خۆی بنوسێت ٠

بێ‌گومانیش ئابێ ئەم گۆشەیە لەئاستی بلارتێ‌گرتن‌و تیروتوانجی بێ‌سوود بێت ، بەلکو ، بەبێچەوانەوە ، چاوەڕێی ئەوە ئەکەین لێ‌پرسراوان‌و ئەو دەزگایانەی کە بەیوەندی‌یان بە گیروگرفتانەوە هەیە لە مەسەلەکان بکۆڵنەوەو چارەسەری گیروگرفتەکان بکەن‌و « هاوکاری »ش وەکو رۆژنامەیەك بەدەوری خۆی هەلسێت لە خزمەت‌کردنی کۆمەلانی خەلکی

تکایە بەرێکوپێکی‌و لەسەر یەك دیوی پەرەکە نامەکانتان بنێرن‌و لەسەر زەرفەکە بنوسن گۆشەی (هاوکاری‌و کۆمەلانی خەلکی)

دائرەی پۆستە لە قوشتەپە

سێزدە ساڵ زیاترە ، دائرەی پۆستە لە ناحی‌یەی قوشتەپەدا هەیە ، بەلام ئەوەی بووە نزیکەی ساڵێك دائرەی پۆستەی قوشتەپە گواز‌رایەوە بۆ هەولێر !! ئەگەر بمانەوێ نامەیەك، بنێرین ئەبێ چاوەڕێی ئەوە بکەین یەکێك سەر لە هەولێر بداتو لەلایەکی تریشەوە ، هەفتەی جارێك بەریدمان بۆ دێت !! داوا لە بەرێوەبەری بەریدی هەولێر ئەکەین چارەیەکمان بۆ بکات لەگەڵ ریزو سوپاسمان ٠

ابراهیم حسین عبدالباقی
ناحیەی قوشتەپە

گەرەکی شۆڕیجە لە کەرکوك

زۆربەی دانیشتوانی گەرەکەکەمان رەنجدەرو کرێکارو کاسبکاری بچووکن ، کە هەموویان ئەم چەند گیروگرفتانەیان هەیە :

١ ـ کۆڵانەکانی گەرەکەکە قیرتاو نەکراون‌و بەلایەنی کەمەوە ئەو شەقامەی لە (مصلی)وە دەرئەچێت بۆ جنگلاوە (رێگای لیلان) قیرتاوبکرێت ٠

٢ ـ پاسی مەسلەحە ناگاتە ئەوپەری شۆڕیجە ٠

٣ ـ پچرانی کارەباو ئاو ، گیروگرفتی هەرە گەورەمانە ٠

٤ ـ ئەو ئاوە پیسەی کە تاکو جنگلاوە سەری‌گیراوەو لە دواییدا وازی‌لێ‌هێنرا ، بوەتە هۆی بۆنێکی پیس‌و مێشوولە لە هاویندا‌و (فیضان) لە زستاندا ٠

٥ ـ گرانی ئەو تاکسی‌یانەی کە ئەگەنە جنگلاوە ٠

محمد صالح فرج
گەرەکی شۆڕیجە پارێزگای تامیم
« گوندی تلیشان »

دێ‌یەکەمان سەر بە ناحیەی جەبارەیە لە قەزای کفری ، دانیشتوانی (٧٠) هەفتا خێزان ئەبن ، بەهۆی بێ‌ئاویەوە ناچارن ئاوی جوگە بەکار بێنن ، سەرەرای ئەوەی کە چەندجار داوای لێ‌دانی بیری نیرتوازی‌یان کردووە ، دیسان دێ‌یەکە قوتابخانەی تێدانی‌یە ، کە ئەمەش بوەتە هۆی دواکەوتنی ، هیوادارین ئەم داواکاری‌یە رەوایانەمان بۆ جێ‌بەجێ بکەن ٠

محمود زەنگەنە
ناوەندی مکاسب تامیم
بەکرەجۆو بێ‌ناوی

زمارەی دانیشتوانی بەکرەجۆ کە سەر بە سەرچنارە لە (٥٠٠٠) پێنج هەزار کەس زیاترە (٤٥٠) قوتابیش لە ئامادەیی کشتوکالدایە جگە لە دامودەزگای تر و فەرمانبەرانی ٠٠

نەبوونی ئاو بووە بە توشمانەوەو ئەو بیرانەی کە هەلکەندراون بەشی هەموو دانشتوان ناکات لەگەڵ ئەوەی کە ئاوەکە لێتەو مەرجەکانی تەندروستی تێدا بەدی‌ناکرێت‌و هەموو رۆژی (٣ ـ ٥) تانکەری ئاوی پاك دێت ، بەلام بەش‌ناکات‌و ئەبێ بە هەڕا لەسەری‌و دەیان گرفتی کۆمەلایەتی سەیر لەنێوان خەلکی پەیدا ئەبێت ٠ هیوادارین لێ‌پرسراوانی پارێزگای سلێمانی چارەسەرێکی ئەم گرفتەمان بۆ بکەن‌و لەم بارە تاڵوزە رزگارمان کەن ، کە دادو بێ‌دادمانە لە دەستی ٠

بروانە ل٧

Institut kurde de Paris

هاوولاتیان پێخۆشحاڵی خۆیان دەرئەبڕن بەبڕیارەکانی کانوون

عبدالقادر رؤوف — صباح غضا — محمد سعدون — هاشم محمد

● لەهەر چوارلای وڵاتدا مامۆستایان و پۆلیس و کرێکاران لەناخی دڵیانەوە پێخۆشحاڵی خۆیان دەرئەبڕن بەبڕیارەکانی کانوون کە سەرکردایەتی شۆڕش بە بۆنەی یادی دامەزراندنی سوپاوە بەخشینی یە گەلێ لایەنی جەماوەر - ئیمەیش هەر بەم بۆنەیەوە ئەم گفتوگۆیانەمان کرد لەگەڵ ئەم برایانە کە ئەوبڕیارانە ئەیانگرێتەوە .

● **ملازمی پۆلیس صباح غضا عبدالعزیز** لە بەریوەبەرێتی پۆلیسی سلێمانی ئەڵێ . ئەم بڕیارانە لەگەڵ ویستو خواستی بەشێکی زۆری جەماوەردا هاتن بەتایبەتیش بۆهێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ باشترین هۆی هاندەر بوو بۆتێکۆشانو خۆهیلاك کردنی زیاتر بۆباراستنی ئاسایشی هاوڵاتیانو پاشاوەی سەردەمەکانی پێشوی ئەهێشتو بوەهۆی بەرزکردنەوەی رادەی ژیانو گوزەرانیان .

● هەر لەم رووەوە ملازمی پۆلیسی **عبدالقادر رووف** لە بنکەی پۆلیسی سید صادق هەستی خۆی دەرئەبڕی و ئەڵێ- ئەم بڕیارانە ئاواتی هەمووان بوون ئەمرۆش کە ئەم ئاواتە هاتەدی بەلای هێزەکانی ئێمەوە کەخۆمان تەرخان کردوە بۆخزمەتی گەلو باشترین نمونەبوو بۆئەوەی کە سەرکردایەتی سیاسی گەل گرنگی بەملایەنەداوەو ئەیەوێ پێشی بخاتو گوزەرانیان باش بکاتو ئەم بەخشینەیش ئەبێتەهۆی ئەوەی کەزیاتر هەوڵبدەین و قوربانی زیاتربدەین بۆهێنانەدی باشترین ئیشوکار بۆ باراستنی ئیسراحەتو حەوانەوەی هاوڵاتیان .

● **مامۆستا علاءالدین عبدالخالق** مامۆستای قوتابخانەی ١٧ تموزی سید صادق وتی : ئەم بڕیارە شتێکی کوتوپڕی نەبوو بەلای دەستەوبەرەی بەرەردەوە چونکە سەرکردایەتی سیاسیو شۆڕش هەمیشە رای هێناوین لەسەر بەخشینی جۆراوجۆر ودەسکەوتە هەمیشەییە جۆراوجۆرەکان . ئەم بەخشینەش کەبڕیتی بوو لە مخصصاتی پێشەیی بۆ جەماوەری مامۆستایان کەبوەهۆی ئەوەی ئەم لایەنە گەورەیە هەوڵۆقەلای خۆی زیادبکات بۆ پەروەردەکردنو فێرکردنی نەوەی تازە بەگوێرەی بیروڕای پێش کەوتنخوا زبەوپەری دڵسۆزی و هەستبەڵێ بڕسێتەوە هەروەکو لەپێش بڕیارەکانەوە مامۆستایان سور ئەیانزانی کەشۆڕش رێزیان ئەگرێ و دیاری خویان بێ ئەبەخشێت . دەرچونی ئەم بڕیارانەیش بوبۆنەی یادی پەنجاوحەوت ساڵەی دامەزراندنی سوپاوە ئەوەی گەیاند کەجەژنی سوپا جەژنی مامۆستاو کرێکارو هەموولایەنەکانی تری گەلیشەو لەهەموو شتێکدا هاوبەشن .

● بەلام **مامۆستا حسین حبیب** ئەڵێ ئەم بڕیارانە لەوەفای شۆڕشەوە بۆ بەرانبەر بەهەوڵۆکۆششی مامۆستاو سەربازو کرێکارو پۆلیس کەهەوڵێکی یەکجارفراوان ئەدەن بۆ پێش خستنی وڵاتو جەماوەرو هۆیەکی باشماندەز بو بۆ ئەم لایەنانە کەزیاتر هەوڵبدەن هەرکەسە لەشوێنو کاتی تایبەتی خۆیداو زیاتر هەست بەوە بکەن کە شۆڕش لێیان ئەپرسێتەوەو بەتەنگ گوزەرانیانەوەن .

● وە **مامۆستا عبدالحسین حمود** ئەڵێ ئێمە هەمیشە چاوەروانی ئەم شتەبووین چونکە شۆڕشمان باشترین دەسکەوتمان ئەداتێو ئەم بڕیارانەش دوکەلکی هەبوو یەکێکیان بەرزکردنەوەی رادەی ئابووری بۆ دەستەوبەرەی بەروەردەو دوەمیش ئەوەیە کە قوتابیان هانئەدات بچنە ئەو کولیجانەی تیایانا ئەبنە مامۆستاو گەلێ کەلکی تریش .

● **مفوض محمد سەلمان حسین** کە لە بنکەی پۆلیسی **سید صادقە** هەر لەسەرەتادا گەلێ پێخۆشحاڵی خۆی نیشانداو ووتی گەرمترین

حسن کوکا

زۆری گیروگرفتو تەنگوچەلەمەی ئێمەی نەهێشت لەلایەنی مادیەوەو بوەهۆی بەرزکردنەوەی رادەی ژیانو ئابوریو گوزەرانمانو بە باشترین شێوە منالەکانمان بەخێوئەکەینو سوپاسی سەرکردایەتیمان ئەکەین کەوابەتەنگ هەموو لایەنەکانی جەماوەرەوە دێ .

● پۆلیسی چوارخەت **حسین کوکا** لە پۆلیسخانەی سید صادق ئەڵێ ئەم بڕیارانە باشترین دەسکەوتن بۆ ئەو جەماوەرانەی کە بڕیارەکە ئەیانگرێتەوە وهەستبەوە

حسین حبیب — علاءالدین عبدالخالق — عبدالحسین حمود

سلاوریزم بۆ سەرکردایەتی سیاسیو شۆڕش کەهەمیشە چینی رەنجدەرانی لەبیرەو لەسەرو هەمووشیانەوە باوکی تنکۆشەر احمد حسن البکرو هاوڕێی تنکۆشەر صدام حسینو ووتی لایەنی ئێمە باشترین پاسەوانی راستگری ئەبێت بۆ شۆڕشو ئەنەوەکەمان .

● بەرێکخراوی حزبی بەعسی سوسیالیستی ئێرەبەرینو هاوڕێ مفوضی پۆلیس هاشم محمد اسماعیلمان بینیو وتی . ئەم بڕیارە شۆڕشگێڕیە بەشی ئەکەن کەسەرکردایەتی بەتەنگ چینی جەوساوەوەیە .

ئەم رئیس عرفایە کە ١٩ ساڵی رەبەقە خزمەتی پۆلیس ئەکات گەلێ یادگاری هەیە لەگەڵ ئەشوکارەکاندا لەکاتی بەسەوانیشەوانو سەرمای زستانو گەرمای هاوینداو هەوو هیلاکیەکانی لە بیرئەچێتەوە لەکاتێکا کاتێ لەوە کە لەم ئەبینی هاوڵاتیانو وڵات ئارێزێت .

● حمە سعید حمە کریم ●

یەکێتی نافرەتانی هەولێر لەساڵی ١٩٧٧ چی بەدی هێناوە؟

شاهرە عثمان

یەکێتی نافرەتانی هەولێر رێکخراوێکی جەماوەری یەو پەیوەندیەکی راستەو خۆی بەجەماوەری نافرەتانی هەولێرە وەهەیەو ئەم رێکخراوە هەمیشە خزمەتی فراوانی پێشکەش ئەم جەماوەرە ئەکاتو بەلگەشمان بۆ ئەم قسەیە ئەوەیەکەوا لە ساڵی ١٩٧٧دا ئەندامانی یەکێتی (٢٠٠) ئەندام زیادی کردوەو وا تا گەیشتۆتە (٦٠٠) ئەندام ، ئەم خزمەتانەی یەکێتیش لەلایەن (١٢) ئەندامی هەیئەی بەرێوەبردنەوە پێشکەش ئەکرێنو ئەوانەش :

لێژنەی رۆشنبیریو لێژنەی چالاکی کۆمەڵایەتیو لێژنەی کاروباری یاسایی و راهێناون پێشخستنی نافرەتو لێژنەی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواریو لێژنەی تەندروستیو لێژنەی پێشخستنی نافرەتی لادێو لێژنەی هونەریو لێژنەی وەرزشە .

خوشکە « نافعە عثمان » سەرۆکی یەکێتی سەبارەت بە ئەرکی سەرەکی یەکێتی وتی : یەکێتیمان هەمیشە بۆ بەرزکردنەوەی پلەی نافرەت لە بواری رۆشنبیریو تەندروستیو کۆمەڵایەتیو سیاسیەوە تەقەللانەدات ئەویش لەرێگای بەستنی نەدوەوەنە ناو دەرەوەی پارێزگا داوڵەساتی رابوردوودا لە نەدوەکانماندا باسی دەوری نافرەت لە کۆمەڵداو باسی زیادکردنی بەرهەمی نافرەتی کرێکارو دەوری نافرەت لەم سەردەمەدا لەگەڵ باسی خرابی ئەو نەریتە کۆنانەکراوەو سەبارەت بەپێویستیەکانی

یەکێتیش خوشکە نافعە وتی :

هەر چەند ئێستا زور بەی پێویستیەکانمان بۆ جێبەجێکراوەو لەوانە تەرخان کردنی ٨٨٠٠ دینار بۆ بۆ دجەی یەکێتی بەلام دیسان هەندێ پێویستیمان ماوە وەکو بارەگا یەکی تازە بۆ یەکێتی لەگەڵ رێکخستنی پرۆگرامێکی تایبەتی بەیەکێتی لە نیزگەو تەلەفزیۆنو چەندلایەرەیەك لە کۆفاری نافرەتان بەکوردی دەربچێت .

قازی هەولێرو یەکێتی - ئەیچی دەربارەی گیروگرفتتان :

گیروگرفتی سەرەکیمان ئەوەنەریتو خوورەوشتە کۆنەکۆمەڵایەتیە یەکەوەك تەگەرەیەك لەرێی پەرەپێدانی چالاکی یەکێتیدا ئەوەستن .

راضیە احمد — پەڵ محمد — فریدە محمد

لەلەوەش ئێمە زۆرجار لەلا ئەدەین گیروگرفتی زانەکان لەگەڵ قازیدا لەبخەینو قەزیەکەپێش ان لەسەردانی درێتە ولینەوەی کۆمەڵایەتی بۆ ی ژیانی خێزانێتی تێك زنیت بەلام بە داخەوە ئەم مەتیە لەقازی هەولێر نینیو بەلکو هەر لەسەر انی خۆی ئەروات .

دەربارەی نەخشەی ئەمسال وشکە نافعە ، وتی .. مان هەیە چەند شوعبە ی تر لەعێنکاوەو هەریرو موز بکەینەوە لەگەڵ چەند مەلبەندێکی فێرکردنی دوورومانو فێرکردنی چنینی فەرش وە لەم رۆژانە واشیرخۆرگەی « دار الحضانة » یەکێتی ئەکرێتەوەو ماوەیەکیش لەمەوبەر دایەنەکانی ئەم شیرخۆرگەیە دەورێکی تایبەتیان تیادی . هەروەها نیازمانوایە ئەمسال « هەفتەی راگەیاندن » لەساڵی رابوردو زیاتر بکەین چونکە ئەم هەفتانە کارێکی راستەوخۆ لە جەماوەری ئافرەتان ئەکات .

خوشکە نافعە هەڵی قسەکردنی بۆ خوشکانی لێپرسراوانی لیژنەکان هێشتەوە ئینجا خوشکە شاهیرە عثمان مولود لێپرسراوی کاروباری تەندروستی وتی : ئەم لیژنەیە تەقەللائەدات هوشیاری تەندروستی لەناو جەماوەری ئافرەتانی لادێو گەرەکە دواکەو تووەکانی هەولێر بڵاوبکاتەوە ئەوەش

بروانە ل٧

نەخشەی کشتوکاڵ

کاری کشتوکاڵیش واتە کەلێچەشنیش لەروی یەرهەم هێنانەوە خاڵێکی یەکجار بایەخدارە .

خوێنەری بەرێز :

ئەم باسەی بەناونیشانی « نەخشەی کشتوکال » یە ئەندازیاری کشتوکالی کاك عبدالقادر احمد قادر سەرۆکی بەشی نەخشە لە ئەمانەتی گشتی ئیدارەی کشتوکالو چاککردنی کشتوکال ئامادەی کردوە . لەبەر بایەخی باسەکەو بەرەزامەندی ئەندازیاری ناوبراو پوختەکەی پیشکەش ئەکەین .

نەخشە بەشیوەیەکی تایبەتو زانیاری لەقەلەم ئەدرێو هەر بەم رێیەشدا پایەی گەشەپێدانی هەمولایەنێکو کشتوکال محکەم ئەکات .. چونکە نەخشە بنچینەیەکی تەواوی بەکارهێنانی ئەو بەرهەمە سروشتیانەیە کەهەن بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجە خوازانراوانەی لە بڕۆژەکانی کشتوکالدا هەنو خزمەتی وڵات ئەکەن .

بنچینەگشتیەکانی نەخشە

نەخشەی کشتوکال گەلێ لایەنی ئابوریو کۆمەڵایەتی ئەگرێتەوە لەبەر ئەوە :

أ - هێنانەناوەوەی نەکنۆلۆژیای نوێ لەسەر بنچینەیەکی زانیاری دابێو بەوردبینی ئەو وزەونوانایە لەکاروباری کشتوکالدا بەوردبینی ئەوزەونوانایە بەکاربێت بۆ ئەوانەی ئیش ئەکەن .

ب - نەخشەو دەستەهەلنەگرتن لەیەك جیانابنەوەو بەمسۆگەرکردنی ئەندامی لیهاتوی کەرتی کشتوکالو بەدەستنیشان- کردنی وردبینیو کاریگەر ئەنجامی باش وەدی ئەهێنرێت .

ج - لەنەخشەیەکی کۆڵراوەدا ئەتوانین پێویستیەکان سەرخستنی کاری کشتوکالان دەستکەوێت ئەمەش لەرێ دروستکردنی ئەو کەژەوە کە ئەبێتە هۆی بەرهەم .

شوینی کێڵگە لەنەخشەدا :

نەخشە ئەبێت بناغەی لەسەر بەروبومی ناوخۆ هەڵچنرابێ نەك لەسەر ئەوەی کە لەدەرەوە ئەهێنرێو جۆری کاری کشتوکالیش واتە کەلێچەشنیش لەروی یەرهەم هێنانەوە خاڵێکی یەکجار بایەخدارە .

بنیاتنانی بیروباوەڕی نەخشەی فراوانی کاروباری کشتوکالی هەمەچەشنە لەروی کشتوکالو بەرهەمەوە لەگەڵ دابینکردنی سەنگ لەنیوان ئەو ئامانجانەی پرۆژەکانی کشتوکالدا کەبەراوردبکرێ لەگەڵ ئامانجە ئابوریو کۆمەڵایەتیەکاندا ئەبێت لەچوارچێوەی سیاسەتی دەوڵەتدابێت .. هەروەها وەدیهێنانی پێشکەوتنی ئابوریو کۆمەڵایەتیو بەرزکردنەوەی پلەی ژیانی ئەوانە کەمعاشیان کەمە « جوتیارو کرێکار » پێویستیەکە کە ئەبێت نەخشەیەکی تەواو وەدی بهێنێ . لەگەڵ ئەوەشدا هەر کێڵگەیان پرۆژەیەك کەهەبێت ئەبێت نەخشە کشتوکالیەکەی لەقازانجی گشتی وڵاتو دەوڵەتەوە هەڵقولابێ .

هەڵسەنگاندنی وەرزو ساڵی بۆ نەخشە

هەمو پرۆژەیەکی کشتوکال دۆخوکەژی تایبەتی هەیە کەئەمەشی پەیوەندی بە شتی دەرونی ئەوانەوە هەیە کە ئیش ئەکەن ، جا ئەگەرهات کاروباری کشتوکال لەسەردەمی خویدابوو بەرێكوپێکی بو وانە پێویستی بەنەخشەی بەرنامەی وەرزی هەیە بۆئەوەی کەشێوەی کاردەستنشیان بکات واتە نەوەستانی کار بەوسەردەمەوە ببەستێ کەدێتە پێشەوە .

بەلای منەوە هەڵسەنگاندنی وەرزو ساڵە دو شتن یەکتر تەواوئەکەن چونکە دانەری نەخشەیەکی بنەرەتی پرۆژەیەك یان کێڵگەیەك دەستنیشانی زەمینەی کارێکی پێگەیشتوە وەك :

دەستکردنی بەدروستکردنی پرۆژەیەك یان کێڵگەیەك

بروانە ل٧

کتێبی هاوکاری

صدام حسین

خەباتمانو سیاسەتی نێودەوڵەتان

کەواتە کە سۆفیەتیەکان دێن بۆ رۆژهەڵاتی ناوەراست ئەم ناوچە ناسکەی وەك ئەمریکاییەکان بۆی ئەچن لەرووی باری ستراتیجیەوە ناسراوە ، مەسەلەکە چۆن ئەبێ ؟

لەمەوە من ئەمەوێ رێگای بیرکردنەوەمان روون بکەمەوە ، کە ئەمریکاییەکان لە حساباتی ستراتیجیاندا ئەم ناوچەیە بە گرنگ دائەنێن ، تەنیا لەبەرئەوەنیە هەروەك هەندێ لێکئەدەنەوە وڵاتانی خاوەن بترۆلی تیایەو بەس ، نە لەبەر ئەوەشە لە حساباتی ستراتیجیەتی عەسکەریداو لەروی مەوقعەوە ، ناوچەیەکی ناسکەو بەس ، بەلکو هۆیەکی ئەساسی هەیە لەم قۆناغەدا لەپێشەوەی هەردوو لایەنە سیاسیە تەکنیکیەوەیە ، ئەویش ئەوەیە هەر لایەنەی تاسیری بەراستی لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا هەبێ ئەوا تەسیر ئەکاتە سەر ئەورووپاو ژاپۆنیش ، ئەمەیە ئەو هۆ مەرکەزیەی کە لە پێشەوەی ئەو دوو هۆیەی پێشەوەدایەو لەپێشەوە دەستمان بۆکێشان ، کەواتە هێزی ئەمریکا لە کوێدایە، هۆی ئەساسی هێزەکەی لە دەرەوەی خاکی ئەمریکادا لە کوێدایە ؟ وەلام هۆی ئەساسی بریتیە لە هاوسویندی ئەوروپا بۆژاپۆن ، بەلام کاتی پترۆل سەربەخۆئەبێ ، ئەمە مانای ئەوەیە ژاپۆن مامەلەی راستەوخۆ لەگەڵ عەرەبدا ئەکات ، بەپێئەوەی لەم رووەوە پێویستی بە ئەمریکا هەبێ کە سوودی بپارێزێ ، هەروەك والێك ئەدرێتەوە ، لەبەرئەوەیش ژاپۆن دەوڵەتێکە هەموو پێویستیەکی پیشە سازیەکانی لە دەرەوە ئەهێنێ ، کەواتە خەتەکانی پێکەوە بەستنیو بەردەوامی پیشەسازیەکانی پشت بە ئەمریکاییەکان ئەبەستێ کە لەجیاتی ئەو خەتەکانی پەیوەندیو هاتوچۆی ئەپارێزن ، چونکە ژاپۆن لە شکرێکی بەتوانای نیە بتوانێ ئەو دەورە ببینێ کە ئەمریکاییەکان ئەیبینن ، ئەویش بەهۆی زروفی شەڕی دووەمی جیهانیو ئەنجامەکانی دواییەوە ، دیسان ئەمریکا بەتەواوی لەوە گەیشتوە کە سەربەخۆیی نەوتی عەرەبو مامەلەی ئەورووپاو ژاپۆن راستەوخۆ لەگەڵ عەرەبدا بۆ زامنکردنی پترۆل ، وا ئەکات دەستی بەسەر ئەورووپاو ژاپۆندا شل ببێتەوە .

کەواتە ئەمریکا ، وای دائەنێ هاتنی هێزێکی دوەمی بۆ موناقەسەی لە ستراتیجیەتی دوەلیدا لەم ناوچەیەدا شتێکی ترسناکە ، لێرەوە ئەمریکا وای دائەنێ هاتنی یەکێتی سۆفیەت بە هەر شێوازێك بێ ، بۆئەم ناوچەیە شتێکی ترسناکە ، ترسناکیە کوتوپڕیەکەش بەرادەیەکە ناچاری بکات بەنەرم ونیانیەکی نیسبی هەڵسو کەوت بکات لەخواروی رۆژهەڵاتی ئاسیادا بۆئەوەی جێ دەستی لەم ناوچەیەو ناوچەکانی تری دنیادا بەهێزبکات ، ئەمریکا بەشێوەی دەرکردنی مطلق لەخواروی رۆژهەڵاتی ئاسیا دەرنەکرا ، بەلکو دەرکراو لەهەمان کاتداکشاشەوە ، خواستی شەرکەرانەی زاتی جەنگاوەرەکانی فیتنامو پشتگیری یەکێتی سۆفیەت شتی حاسم بو لەدەرکردنی ئەمریکاییەکاندا ، بەلام هەموشتێ نەبو لەوەدا کەوا ئەمریکاییەکان بکات لەناوچەکە دەربچن ، لەوکاتەدا . چونکە ئەمریکاییەکان خۆیان لەبەردەم دوو هەڵبژاردنا دیەوە ، یان ئەوەتە قورساییەکی ئیستسنائی بخەنەسەر ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست ، یان پێکەوە پارێزگاری دوو مەوقعی هەڵچو بکەن ، بەومش تەقەللایان بڵاوئەبو کە لە هەردوو بەرەدا بێهێز ئەبو ، بێجگە لەزۆر هۆی تر ، کە پەیوەندیان بە زۆرانبازی چینو سۆفیەتەوەو لەترسی فراوانبونی دەسەڵاتی لایەکیان ، لە ئەنجامی بەردەوامی زۆرانبازیەکەداو لە پال چاوبڕینە ئەنجامو چاوەڕێکراوی زۆرانبازی سوود لەنێوان سۆفیەتو چینیەکانو فیتنامیەکاندا ئیعتباراتی زۆرانبازی ترەوە هەیە لە ناوچەکانی تری دنیادا ، ئەمەیە ئەو حساباتەی وای لە ئەمریکا کرد لەخواروی رۆژهەڵاتی ئاسیا دەربچن ، تاخۆیان لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست چەسپ بکەن بەپلەی یەکەمو ئینجا ناوچەکانی تری دنیا ، کە پێشەبرکیەك بێ بەسەرناوچەی خواروی رۆژهەڵاتی ئاسیادا .

کاتێکیش هەندێ عەرەب لۆمەی سۆفیەتەکان ئەکەن بەرامبەر سلەمینەوەیان ، یان خاویان لەپشتگرتنماندا ، ئەبێ ئەم حسابانە هەمو بخەینە بەرچاومان ، لێرەدا نامانەوێ « محامی دفاع » بین لەیەکێتی سۆفیەت بەلکو لەپێناوی ئەوەدایە تێبگەین ، سۆفیەتەکان چۆن بیرئەکەنەوەو پێویستە چۆن لەگەڵ سیاسەتی دەڵەتاندا هەڵسو کەوت بکەین بۆئەوەی مل کەچی نەبین و نەچینە ناو یاریەکەیەوەو پشتگوێشی نەخەین ، ئێمە لەعیراقدا وا لە سیاسەتی دەوڵەتان ئەگەین ، ئێمە مل کەچی نابین و ناکەوینە داویەوەو پشتگوێشی ناخەین ، بەلکو لەگەڵ هەندێکاندا وەك دۆست هەڵسوکەوت ئەکەین ئەویش لە شێوازی پێکەپشتنی ستراتیجیدا ، یان لەسوودا ، لەگەڵ هەندێکی تریشدا وەك ناکۆك یاخود دوژمن بەشێوازی جیاوازی لە ستراتیجیەت یان ئەو سوودانەدا کە سیاسەتیان لەسەربنیات ئەنرێ هەڵسوکەوت ئەکەین .

لەبەرئەوە ، ئێمە ، وا لەسیاسەتی سۆفیەتیەکان ئەگەین ، لەگەڵ ئەوەشدا کە میسر تاقی کردنەوەی لەگەڵیانا درێژترە لە ماوەی تاقی کردنەوەی ئێمە لە گەڵیان . بەپێی تەبیعەتیشیان (سۆفیەتیەکان) گرانە بە ئاسانی تێیان بکەن ، یان بە ئاسانی بزانرێ چۆن بیرئەکەنەوە ، دیسان بەگران خەلفیاتی بۆچونی ستراتیجیان ئەدرکێنن ، بەلام هەڵسوکەوتمان لەگەڵ سیاسەتی دەوڵەتانداو خەریك بونی بەردەوامان بەشی کردنەوەی بۆزامن کردنی شیوازی شوراو بەرگری زاتی لەنەفس ، لەباری قطریو نەتەوەییەوە هەمیشە وامان لێ ئەکات حاباتی سیاسەتی دەوڵەتانمان لەبەرچاویان بێ .

جا لەبەرئەوە ، ئێمە لەوباوەرەداین کە سۆفیەتەکان وابیرئەکەنەوە ، کەبۆیان نالوێ بۆسوودی هیچ لایەنێك لەلایەنەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست موغامەرە بکەن ، پەیوەندیان لەگەڵ ئەولایەنەدا هەرچۆنێ بێ ، بەبێ ئەوەی سەقامگیری ئەو پێوەندیە بۆ ماوەیەکی درێژ زامن بکەن ، بەو جۆرە بۆچوونەی کە خزمەتی ستراتیجیەتی خۆیان ئەکات . ئەمە سەرەڕای ئیعتباراتی ئاشتی جیهان وەك ئەوان تێی ئەگەن ، چونکە ئەوان بەرامبەر پارچەیەك زەوی دۆست لەم شوێنەدا ، پارچەیەك یان فرسەتێکی تر لەبەردەم پاڵەپەستۆی ئەمریکاو هاوسوێندەکانیا لە شوێنێکی تری دنیادا ئەدۆرێنن .

- ماویەتی -

Institut Kurde de Paris

پاویژۆک

پاویژۆك بەرهەمەكە ژ بەرهەمێت حەمەكورکی نوکە پێتبوینە رەنگەك ژ سترانێت فولکلورێ کوردی • پراستی هەکە ستران‌بێژەکێ دەنگ‌خش لدەمێ پاویژێ بۆ تە پاویژۆکا بێژیت ، تۆ ژ ئاوازو گۆتنێت پاویژۆکا تێرنابی •• پاویژۆکا ئاوازا خەیێ تایبەتێ هەی کو دناف دلو هنافێت مرۆڤی‌دا دچیتەخارێ دگەل وان سنکەگۆتنا • ئەڤە هندەکە ژوێ پاویژۆکێو یاکو من ژ ستران‌بێژەکی وەرگرتی :

لن هاتبوو پیرە پاویزە
دلێ مالخراب چەندێ کەتی بەر خەمێ
وەزێ کاغەزەکێ بنڤیسم
بەردەمە سەر دارکوکا حەراما ڤێ ئافێدا
خوزی ژ خێرەکا خودێ‌را منێ زانیبا
کا بێهنا شەنگە نازدارا من خۆشترە
یان یا ڕەش‌رحانا دناف حەودێدا
پەندەوارو سێ سەد بەندەوارەك هەر ئەزۆ
ئەزێ تالانکرێ زەرێو ئەسمەرانم
کوشتی‌یێ خزێم زێڕانم

× × ×

لە من هاتی پیرە پاویزە
نیشانێت پاویزا مال‌خرابا
شەڤ باکێت ب هرن
باکەکی لچەمانو بەرچەمان دابوو
خەزالزك‌و بەلك خەزالێ ژ دارو باری دفرن
هەی لێ کوڕۆ قەلەندەرۆ
ما سویکا ئاکرێ کمباخ‌بوو ؟
تە کراسەکی مەرەزی کتانی
بو من عەبدالا خودێ ئینانەبوو
مەمکێت من دخرکۆکەبوون
سەرێ مەمکێت من کولدکەن
بەندەوارەك‌و سێ سەد بەندەوار هەر ئەزۆ
وەزێ تالانکرێ زەرێو ئەسمەرانم
کوشتی‌یێ خزێم زێڕانم

× × ×

لە من هاتی پیرە پاویزە
دلێ مال‌باب خراب
چەندێ لبەر خەما کەڕو گێژە
گەلافێژێ سەرێ خۆ ژ کاقلە گوندا هەلاندبوو
پیرو قرازیکێت لبەرێك بووینە بڕێزە
هەیڤا بیان کەیفو خۆشی نەدابوونە شڤانو بێریا
هەیا هاڤینێ دابوونە خودانێت کەفنە رەزا
زێدەیاری جکێنێ مقامو لاوژە پێژا
بەندەواری‌و سێ سەد بەندەوارەك هەر ئەزۆ
وەزێ تالانکرێ زەرێو ئەسمەرانم
کوشتی‌یێ خزێم زێڕانم

× × ×

لە من هاتی پیرە پاویزە
کوچەرا دەستهاڤێتە مال‌بارکرنێ
بەراهیا کوچەری چووبوو رویبارێ ئاکرێ
دویماهیا کوچەری مابو کرویبارێ شوش‌و شەرمنێ
کچکێ دینێ مالزایێ
هەکە حەفت سالێ تمام ژ عەمرێ من‌و تە مابن
دێ لن هێتەڤە رۆژەك ژ ئەڤێت خاترخاستنێ
بەندەواری‌و سێ سەد بەندەوارەك هەر ئەزۆ
ئەزێ تالانکرێ زەرێو ئەسمەرانم
کوشتی‌یێ خزێم زێڕانم

محفوظ عبدالرحمن مانی
ـ ژ تەماکرنا ـ

گۆڵ وتەفشوییێ من

● سرفراز عەلی نەقشبندی ●

● گەلەك جانە مروڤی تەفشویەك هەبیت ، نەمازە هەکە بکارێت راستی‌ودروستی بکاربینیت • دیسان دڤێ مروڤ بزانیت نەخاسمەهەکە تەفشوی یێ سەقاکری بیت نەهێلیتە لبەر دەستێزاروا ژ ترسا هندێ خوینەلوکەن و تەفشوی ژی‌دەڤلوکەن ••

ڤێتن مروڤ یێ هشیار بیت‌خو سەقەت نەکەت جوداهێ د نافبەرا تەفشوی و بفری وداسێ دا بکەت و هەر ئێك ج یێ تێتە برین دا مروڤ‌گەزانێ شوینا هەفرستێ نەبرێت •

● ئەڤا من گوتی‌تێ‌بینیەکە لسەر وێ ئاقرێ ئەوا کاك (محفوظ عبدالرحمن‌مانی) بەلاف کری د هژمارا (٤٠٦)ێ دا ل هاوکاریا هێژا •

کو لسەر ئڤیسینا مـن‌ئینای (ئەز و گول) د هژمارا (٤٠٠) ێ دا ڤێجا من بباشی‌زانی بو کاك محفوظ و هەمی خوینەڤانێن هێژا راستیێ‌ڤەدەر کەم ژ نەراستیێ •

● براستی من و هەمی کەسەکێ دل سوژ یێ خوشە ئەدەب و تورێ کوردی زێرەڤانێن چاکهەبن ••• نەرێکیبا ئڤیسینێ بەلی‌کەن •

بەلێ پا ئەڤ کارە ژی نە هندێ بساناهییە • بێ‌گومان ئەوێن ژنوی دەست د هاڤێنە قەلەمی نکارن بچاکی ڤێ کاری بڕێڤە بەن و دڤێ ئەو بخو ژی رێکێ نە دەنە خو کو ڤی کاری بکەن •

دیسان ئەز نزانم کێ گوتی‌یە کاك (مانی) نەو پارچا من بەلاف کری ژ هوزانا نوییە • بەلکی گەلە جارا ئڤیسەڤان دێ پەخشانەکێ بەلاف کەت (بسەلیقەڤە) پێتر دێ جهێ خو گریت ژ هوزانێ ••

بشتی هێنگێ کاك (محفوظ) یێ بو من بویە (فالچی) رەنگا تەفسیر دکەت و (علم الغیب) خەبەر د دەت ، بێ‌گومان تەفسیرا ویژی بو رەنگا نەهاتیە ژ هندێ کو د ئەدەبی دا نابیت ئان دبیت بەلکو ژ لایێ (علمی) ڤە دئاخڤیت ، ئەز دبێم هەڤال محفوظ تویێ بکێبێت خاندن‌گە هێڤە شەیدا بوی •

برا •• دەربارێ مەعنایێ ڤە هەرئێك لدویف هزرا خو دێ ئڤیسینا خو رێسیت نەخاسمە هەکە ئڤیسینا ئەدەبی بیت ژ بەرکو ئڤیسەڤان بتر دکاریت (صورێت) شعری تێدا بەلی بکەت •

من دوێ پارچێ دا یا گوتی •
ئێڤارە درەنگە
کانیا روندکا
تژی رەنگە

ئەڤێ دبێژێ موعاناتا (ذاتی) یا جودابە ژ (موضوعیە) ڤێ ••

دێ روندکا بوەرینیت •

بشتی هێنگێ بکارئینانا بارانێ نەهەر نەغوشییە چونکە منا گوتی رەشە باران ؟ بەلکو ئەڤ بارانە هندا بقوەت بیتتا مروڤ دبێژێتێ رەشە باران •• وراستە (المعنی فی قلب الشاعر) ئانکو ئەوێ شاعر نەبیت مەعناوێ نزانیت ••

کاك محفوظ : ئەز دبێژم خو زەحمەت نەدە •• خو سەر و سەر نقور نەکە دا بێهنا گولا بهەلریی •• چنکو هەکە تو لسەر ڤێ سەلیقا بێ بناغە بچی •• تە دانینە ناڤ حەودێت نێرگزا لچیایێ (مەتینا) ج بێهن ناهینە تە ••

مەرج ژ ی نینە هەر تشتەکێ مروڤ بنڤیسیت بدلێ هەمی جیهانێ بیت •• دیسان ئەز دبێژم هەکە مروڤ یێ مەلەڤان نەبیت دەمێ مروڤ سەر و سەر خو نقور دکەت دەرکڤتنا مروڤی یا بزەحمەتە•

هیڤیدارم ببیە رەخنەگرەکێ باشتر لپاشە روژێ و سوپاس ••

● سەرفراز عەلی نەقشبندی ●

لدویفرا منا گوتی
جیهانا سور کەسکە ••

بەلکو لبەر چاڤێن خەلکێ دی یاوەسابیت •

هەکو کانیا روندگیت مـن تژی رەنگ بو •• قەت دویر نەبینە بوان رەنگا جیهان سور کەسك ببیت •• ڤێجا سوری یان کەسکی تو چەوا تەفسیر دکەی کەیفا تەیە ••

ژ لایێ فەلسەڤی ڤە د وان دێرێن چوین دا (ذاتیە) وگەل (طبیعەتی) تێك هەلدبیت •

لرێزکا دی ئەز دبێژم :

شەڤ بشکڤی
شەڤ چرمساند

هەمی دزانن شەڤبشکڤ گولە بشەڤی د بشکڤیت تژی خەمل دبیت و خەملا شەڤێ درازنیت •• بەلێ پا هەکە خەمێت شەڤبشکڤێ بونە گەلەك دێ تایێن خەمینیت • و ناخیڤ بیت و دێ خەملا شەڤێ چرمسینیت شەڤ ژی نەهەر تاریە •• نە خوشییە لدویفرا یا هاتی ••

لهەلهەلوکێ تازی و تالانە ••

چنکو دیلانا شەنگە گولا ڤەرەڤی‌و مابێ شڤان ••

دیسان **(تا لخو چەماند)**

نەکو **(تا لخو جەماند)** هەروەجکێ تە گوتی لرێزا دی :

بابە لیسکێ بهار و پاییز چەماندن •
رەشە باران رەڤاندن •
گول‌شەلیلێ
گول پازیلێ •
روندك وەراندن ••

لڤیرێ دیلانا ڤان گولا (تەشبیە) بکە بکومەکا مروڤا ماچێ نابیت وەختێ ئێك رەشە بارانێ درەڤینیت یێ

رووناك

مەسعوود جوهەر پەرێشان

کاتێ کە بەدلێکی پاك ••
ناوت دێنم •• دەلێم رووناك ••
یادی شەوگاری ، شەوەزەنگی دلداریم !
دەبێتە ئەستێرەی مەریخ ••
ئاسمانی تەمو مژاوی • •
خەوش‌و سامناك • •
دەکا • •
بەڕۆژێکی رووناك •••!

● ●

کاتێ کەوا !
یادەکانم •••
بەدەزووی یادێکی نوێ •• دەهۆنمەوە ••
وێنەی نیگات ، لەئاوێنەی بەختەوەریم ، بەدی دەکەم
لەو کاتەدا ـ مۆنالیزا ••••
کاتێ تەماشای ڤینۆسی •• جوانیت دەکات •••!
شەرم لەقەدو بالای‌و •••
خەوش لە جوانی خۆی دەکات •••!
لەشەرمی نیگاو بالای تۆ • • •
پەیکەرەکەی خۆی دەشکێنێ •••!
ـ لیۆناردۆ ـ ش ••• لەجێگایدا ••
بۆ دواجار •••
نابلۆی پەیکەری نیگای تۆ • • •
دەنەخشێنێو •••!!
بەجیهانی دلداریمان •••
دەتناسێنێ •••
نەوەك جوانێ •••
بەلکورگشت جوانێکی جیهان •• دەتاسێنێ •••!

هەرزەکۆنەك

● صدقی عبدالقار ●

چایخانە یا تژی خەلکە وەیبووریت ، نەشیا خۆ •• چایخانە وەکی ئاسن کێشەکی‌لێ هات ، هەر وەکو ئێك یێ پالا یێ دڕانیت ئیللە دێ‌چی چایخانێ ڕوینیە خارێ •• بژوورکەڤت‌و ڕوینشت ، جاڤێ خۆ لخەلکێ ڕوینشتی گێراند :

ـ وێ هەنێ نە مەجیدە ؟! بەلێ بخودێ •• هەکە چاڤ کورەبون ج بەدستانامینیت •• دێ کاتەو قومارێ چیە ؟ تۆ خودانێ وی‌عەیالێ هویر ، برایێ تە خودێ لێ خوش‌بووی بڕەکاعەیالی یێ هێلایە لبیڤیا تە تو تۆ هەڤێ خۆهە خۆووەستیاناخۆ ددەیە قومارێ •

دەنگێ شاگردەی هزرا وی‌ڕاوەستاند :

ـ دێ ج ڤەخۆی مامۆستا ؟
ـ شیر هەیە ؟
ـ بەلێ یێ هەی
ـ دێ کا بینە •• دنیاسارە •
جارەکادی دەست بهزراکرەڤە

ـ ڤەرمۆ مامۆستا ئەڤە شیرە
ـ سۆپاس •
فرەك لشیری دا ودەست هاڤیتە هزرافەو ددلێ خۆدا گوتی :

ئەرێ بوچی شوینا قومارێ‌و دۆمینێ تشتەك دی نابیت بۆ ڕۆژناماو گوفارا نەدانە چایخانا شوینا دۆمینێ‌و تاولێ‌و بڕیارێتەدان کو هەمی ڕەنگێت یارێیت بێ سوود قەدەغەبیت یا مەجید دێ چەوا خوینیت نێ نە خوینەڤانە ؟

کەرێت وی ڤەبون وڕاست ڕابووڤە دەرهەمەك هاڤیتە دسینیا چایخانێ دا ودەرکەڤت • ئەڤ هزرە وەکی عەورەکێ تاڕی لێ هات کەتە بەر چاڤێت وی دبەر دەرێ خانیێ حەمیدی ڕا بووری ، گازی کرێ :

ـ حەمید ••
ـ دەیکا حەمیدی بەرسڤا وی دا
ـ یێ دخەوە کوڕێ من ئینا ڕاست لسەر پێ خۆ زڤری وگوتی :

وەی یا من هەڤال بخۆ ژ دنیایێ گرتن ئێکێ بقوماری‌ڤەو ئێکی دخەوە •

کاروانی رۆشنبیریێ

ئەم هەمی دزانین کو روشنبیری وەکو بەحرەکا بێ‌بنە هەر چەند ڤەکۆلی و بکەڤیە دناڤدا ناگەهبە دویماهیێو هەر چەند ڤەخوینین هیشتا هەر کێمە • یافەرە کو مرۆڤ هەموو ڕوژێ روژنامەو گۆڤارا رۆژ ب رۆژ ڤەخوینیت هەر وەکی سەرۆکی (هندێ) یێ خودێ لێ خوش ببووی (غاندی) دبێژیت (یافەرە وەکو خارنا نانو ئافێ مرۆڤ هەڕۆ رۆژنامەو گوڤارا بخوینیت) چونکی ڤەخویندنا رۆژنامەو گۆڤاراو ڤەخویندنا پەرتوکێت دی پێت گشتی سامانەکا بەرفرەهە ددەتە خوینەڤانی یا ئاشکرایە کو بلند کرنا روشنبیریێ لدەڤ هەر رۆشنبیرەکی وەکی دەرەجێیە هەر چەند ڤەخوێنیت وبنڤیسیت دێ ڤەلەکا بیرو هوشێت وی دێ فرەهە بیتو دێ بەر بینشڤەچیت بو وێنە : خوێندەڤان ب تنێ پیتەی ب پەرتوکێت هوزانو هوزانڤانا بدەت بەلێ لایێت دی پێت روشنبیریێ بهیلیت باڤێتە پش‌گوهێ خو وەکو (ڤەکولینێت زانستو کۆمەلایەتی‌و سایکۆلۆجی‌و روشنبیری هونەری) لێرەدا ئەم دێ شێن بێژین کو خوێندەڤانێ بەرێز دێ روشنبیر بیت لرەخەکی ئەویش رەخێ (هوزانو هوزانڤان) یە چونکی روشنبیریێ بێ‌ویستیا ب هەموو دەرگەهێت روشنبیریێ هەی •

بەلێ ب راستی روشنبیریێت دەڤەرا بەهدینا زیدەتر پیتەی ب خویندنا ڤەکولینێت هوزانا ددەن و ڤەکولینێت دی پێت هاڤێتیە پش گوهێ خوو چ پیتەی بێ ناکەن لێرەدا ئەم نابێژین کو هوزانو هوزانڤانەنێ پێلن بەلکو ئەم دێ شێن بێژین کو دەورەکێ باش یێ هەی بۆ پێش خستنا روشنبیرا کوردی بەلێ دگەل هندێ دا یافەرە کو پیتەی ب رەخێت دی پێت روشنبیرێ ژی بدەین •

دێ راستیەکا دی ژی بێژێن ئەو ژی کێماتیا سەروکانێت ڤان ڤەکولینایە لدەڤەرا بەهدینا بەلێ دێ شێت خوێندەڤان رێیەکا دی بێختە دەست خو بو ئڤیسینا دەرگەهێت دی‌یێت روشنبیریێ ئەو ژی (وەرگێرانەڤا ڤەکولینێت بیانی) بو زمانێ کوردی خوێندەڤان دێ روشنبیربێت و دێ دسامانا روشنبیریا کوردی‌دا شەهرەزاتر بین •

ل دیماهیا ئڤیسینا مە ئەم هیڤیدارین هەموو روشنبیرێت مە کو بچنە ناڤ هەموو مەیدانێت رۆشنبیریێ دا هەموو دڤەرا ڤەگریتن بو بلند کرنا بیرو هوشێت خوێندەڤانی وپیشکەڤتنا روشنبیریا کوردی •

سەروکانی :

١ ـ یاداشتەکانی غاندی
٢ ـ ووتەکانی فروید لە زانستی سایکولوجی •

ـ مهدی طاهر ـ

بۆ وێ چاڤە شینێ

پرچاتەیە رەشمالا خەمو کسولا
هەر توی ڤیان
سەبرا دلا ••••
شیرینا من
ئەڤینی‌یاتە تلوڤێ بەفرێ‌نینە
بتیرفا هەتاڤێ بحەلیێ
ئەڤینی

ریبارەك نی‌یە گافا تەڤیاو بکەڤی‌یێ
ئەڤینی خەمو زێمارە
گرنژینە •••
تیروشکا شەنگە چاڤێت شینە
ماچو برینە •••

× × ×

هەی دلێ‌من
دێ وەرەڤە من نەهێلە
خەتیرا شەنگە گرنژینا نەنخێڤە
ئافری‌یا خۆ برژینە شوڤا دلێ‌من
وەك بارانێ
بو من بیژە سترانا خەمێت ژیانێ
تویا جوانی

سەبرا دلێ دلدارانی
قودیکا دلێ هەمیانی
دلێ من‌ژی کاروانەو هەرێ برێڤە
دافا هیڤی‌یێ نەپرچینە
عەورێ خەما نەگومینە
دێ وەرەڤە

بسەر دەڤێ گویزانکێ را نەچە
بسەر کەڤا دەریایێ‌دا نەچە

× × ×

کی دبێژی
تیروشکا هەیڤێ هندی چڤێت تە گەشە
هەکو شەڤێ ئەز بتنێمە ••
دلبەرا من
بێژەکی هندی شاعیرا بەخت رەشە

× × ×

جوانی‌یاتە
سینافکا عەشقا ڤی دلی‌یەو
توژی کانیکا زوزانا دلێ منی
شەنگە بیکا گولستانا خەوینێت منی
سێرانی‌یا لوارو میرگا دلێ منی
هەر بو منی
هەر بو منی

قاسم شیروانی
هەولێر

Institut kurde de Paris

ڤیان نەشەرەك

دلبەرا من •••
شەرم‌نینە تە ئەز بڤێم
نە کێماتیە تە بیەرێسم !!
وەرە بال من ••
تۆ گوهنەدە چیڤانۆکا ••
ژدافێت شەڤێ
دێ هۆزانا بۆ تە ڕێسم !!
ئۆسپیدەهیا • •
دێ بۆ تە بێم حەیرانۆکا ••
کێ گوتیە تە ••
بیناهیا من •• ئەڤین شەرمە ؟؟
کێ گوتیە تە تێهنا دلا
نەیا گەرمە ؟؟
کێ گوتیە دشێن •••
تە بدەنەشوی ••
ئو رۆندکێت من نەبن زاڤا !!
تە ژم دویرکەن •••
تە بەرزەکەنو
لن بگرن خر دەرافا
کێ گوتیە تە ؟؟
کێ گوتیە تە ؟؟

× × ×

دلبەرا من •••
چەندا دویربی
هندی ستێرێت ئەسمانا‌و
وێڤەتربی ••
هندبەریکێت چێرۆکا‌و
هێش دویرتربی
ژناڤ خەونێت خو
سیمەرخەکێ دێ پێك‌ئینم •••
دا بکەهمە ڕاستا خازگینا‌و
تە پێ بینم •

شیرزاد زین‌العابدین

نەخشەی کشتوکال « پاشماوە »

دەستنیشانی پانتاییەکی کشتی و پانتایی چێنراوی هەمەچەشنەی دەستنیشان کراوو بارستەی تۆوو نرخی بەکارهێنانەکانی ئەکات کەبریتیە لەهێزی ئیشکەرو خەرجی و ئاودان و قەلاچۆو بەرهەم و زەوانەکردنی بازاڕو عەمارکردنی .

بەم شێوەیە کۆتایی هەموو سەردەمێکی کشتوکال والەقەلەم ئەدرێ :

نرخی کشتی کشتوکالی، هەمو خەرجی و کرێ و خزمەتێك ئەگرێتەوە ،هەربەرهەمێك بێ پارەی دارایی سەرجەمی هەریەك لەبەرهەمێکە . چونکە سەرجەمی بەرهەمێك لەتەنیا سەردەمێکدا شوینی قازانج و زیانی وەرزمان بۆ دیاری ئەکات .

بەلای منەوە دابەشکردنی پێویستی کشتوکال لە پرۆژەیەکی کشتوکال یان لەکشتوکالدا ئەبێت وابێت :

١٠٪ پارەی پێویستی سەرجەم بۆ سپێر

٥ ٪ پارەی پێویستی سەرجەم بۆ خزمەتی کۆمەلایەتی

٥ ٪ پارەی پێویستی سەرجەم بۆ خەلان

٨ ٪ پارەی پێویستی سەرجەم بەسەر ئیشکەرەکانددا بەش بکرێ

نەخشەی چالاکوشوین گرەوەکانی

ئەم ناوە تایبەتە بەوسەردەمەی کەبەرهەمی باش ئەدات بەلام جاری واش هەیە کە نەخشەیەکی زانیاری تێر بۆ پرۆژەیەکی کشتوکال یان کێلگەیەك دانەنرێ کەچی بەهۆی کارتێکردنی زودەرەوەو کەژەوە یاخود بەهۆی دەردەوە یان بەهۆی ناتەواوی کادری نەزانی کشتوکالەوە بەرهەمەکە باش نابێ .

بەگشتی نەخشەی لێکۆڵراوەی پرۆژەیەکی کشتوکال یان کێلگەیەك ئەبێ وابێ :

١ ـ تەواوکردنی لێکۆڵینەوەو سەردانی مەیدانی ناوچەکشتوکالیەکە .

٢ ـ شارەزابونێکی باش لەجۆری زەوی و وزەی بەرهەمەکە .

٣ ـ شارەزابونێکی چاك لەشوین و کەژدا بۆ چاك بونی بەرهەمی کشتوکالی و بێستان وشتی تر .

٤ ـ دلنیابون لەو ئاوەی کەئەدرێتێ و بەراوردکردنی لەگەل ئەوزەویەی کەداگیر کردوە .

٥ ـ مسۆگەرکردنی خواستەکانی بەرهەم و پێویستیەکانی کاروکادرێك کەلەپلەی خواستابێ .

٦ ـ کشتوکالی پرلەپانتاییەکی فراوانددا ئەکرێت .

هەندی جار کاروباری تایبەت بۆ بەرهەمێك ئەهێنرێتە پێشەوە کە گوایە شوینی نەخشەی کشتوکال پرنەکاتەوە بەلام ئەمە لەگەل پێویستی کەرەسەی بەرهەم و پێویستیەکانی کاردا لە مەیدانی کشتوکالدا وەك کشتوکالێکی پێشکەوتو دورە هەروەك :

دەیان مەکینەی راکێشەرەو « ساحبة » تۆوکەر « الباذرات » بەشداری کارێکی کشتوکال ئەکەن بۆ تەواوکردنی کاری خواستراوی چوارچێوەی پەیرەوێکی وێنەکراوە) ئەم کارەش هەربەبەشوین گرەوەی

هەڵچوونی دەروونی « پاشماوە »

(ـ چەندی دەوام ماوە ؟! ـ پێنج دەقیقەیەك)

بەم جۆرە ماوەی دەوام بەسەرئەبات .

ئەنجا با بزانین نووسەرچ چارەیەکی بۆ ئەم حالەتە داناوە ، ئەوەی چیرۆکەکەی خوێندبێتەوەو لێی ورد بوبێتەوە یەکسەر هەستی ئەوە ڕای دەکێشێ کە بزانێ چارە چیە ؟!! کوا ؟!!بەلێ دێر بەدێر بخوێنەوە ..

ئەوە تۆزێکت لێ خوێندەوە .. هاتیت .. هاتیت .. نەخێر گەیشتیتەنیوەی .. کوا چارە ؟!! جارێ تەراو نەبووە بخوێنەوە.. دەی.. دەی زۆرت نەماوە .. ئەما شەش حەوت دێڕت ماوە .. ئەهە ، کۆتایی چیرۆکەکە .. ئەنجام کوا ؟!چارە چیە ؟ ئەوە بۆ وا تەواوبوو :(**وەستانی ئوتومبیلەکە لەبەر دەرگای دائیرەدا ، هێنایەوەسەرخۆی ، دابەزی .. سەرکەوت ، چووە ژوورەوە ،پاڵی دایەوە .. « ـ بۆ هاوڕێکانمی باس بکەم ،چۆن شەوان بیرت لێ نەکەمەوە ..؟! ئەك تۆ ..بەڵکو ، تۆ بڵێی ئەوانیش باوەڕبکەن .. من.. ئەوەندەمخۆش ئەوێی ؟!! »)** .

ئەمەیە کۆتایی چیرۆکەکە ،نووسەر خۆیشی و پاڵەوانی چیرۆکەکەش و خوێنەریش وێڵ و شەیدا ئەکات بەدوای چارەیەکدا بەڵام نیە !!سەری دنیای لێ دێتەوە یەك و نەخێر ووتمان ئێمە قەیناکەتەنیا چەند ساتێکی سۆزداری تایبەتی لەگەڵ پاڵەوانی چیرۆکەکەدا ئەژین و دووایی کە هەستاین وەك خۆمان لێ دێتەوە ، ئەی ئەو پاڵەوانە نەگبەتەی بۆ لەداوی ئەو هەڵچوونە دەروونیە رزگار نەکردو ئەوەندەی تری لە قووڕی خەمو هەڵچوونا چەقاند .

هەر لەمانەوە بۆمان دەرکەوت کە چیرۆکەکەی کاك عەبدوڵلا عەباس حەلەقەیەکی داخراوەو سۆزێکی کاتی هاندەری نووسینی ئەم چیرۆکەی بووە ، ئەوەندەش دووربین نەبووە ـ لەم چیرۆکەدا ـ کە عەلی خەیالی بدا لە شەقەی بڵۆچارەو کۆتایی یەکی گونجاو بۆ چیرۆکەکەی بهێنێتەوە .

باشە ئەگەر ئەمە چەندساتێکی ژیانی پاڵەوانی چیرۆکەکەی کاك عەبدوڵلا بێ هەزارە !! ئاخۆ ساتەکانی تریش هەروا بەرێتە سەر ؟!!!

لە کۆتاییدا ئەتوانم دان بەوەدا بنێم ـ لە لایەنی خۆمەوە ـ کە کاك عەبدوڵلاعەباس لە مەیدانی شیعردا زیاتر ئەسپی فکری توانای رەبازینی هەیەو وە زیاتر شیعرەکانی سەرکەوتووترەوەك لە چیرۆکەکانی .

جا هێوادارم کە برای چیرۆکنووس ئەوەم لێ رەچاو ببێ کە لە دڵێکی بێ گەردەوە ئەم چەند سەرنجە نووسراوەو هیواداریشم هەربە دڵێکی بێ گەردیشەوە لێم وەربگرێ و ئەو کاتەش خۆم بە بەختیار ئەزانم کە توانیبێتم خزمەتێکی زۆر زۆر کەمی ئەدەبەکەمانم کردبێ ، ئیتر سوپاس بۆ هەموو لایەك .

موسیقا ژەن « پاشماوە »

قادر حەسەن ، قادر زیرەك ، رزگار ئەحمەد .... هتد .

لەگەل ئەم هەموو شتانەی کە تا ئێستا لەسەری نووسراوە ، کە جێگای سوپاس و ڕێزلێ گرتنە ، بەڕای من ئێستا حەقی خۆی نەدراوەتی ، چونکە « حەسەن زیرەك » زۆر لەوە بەرز تربوە کە تا ئێستا باس دەکرێ ، چونکە ئێستاش زۆر بەرهەمی وای هەیە هەر گوێمان لێ نەبوە ، وە من وای بەباش دەزانم دەزگاو دایرەی لێ پرسراوەکانی تایبەت بە هونەر ، هەڵبستن بە نوسینەوەی هەڵبەستو نۆتەی گۆرانیەکانی وەکۆ کردنەوەی هەموو بەرهەمەکانی لەسەر تێپی تایبەتی وەلەشوێنێك هەڵگیرین بۆ ئەوەی دووربن لەفەوتان بۆ ئەوەی ببێتبە (مرجع)ێك بۆنەوەی دوارۆژ .

بەڵام ئەوەی سەرنجی ڕاکێشاوم ، لەکاتی خوێندنەوەم بۆ ئەوباسو ووتارو شتانەی تری لەسەر « حەسەن زیرەك » نووسراون، ئەم دیت کەسێك بالە سووچێکیش بێت ناوی (سەربازە ئەناسراوەکان) ببات ، ئەوانەی کەدەورێکی بالاوسەرەکیان هەبوو لە گەیشتنی « حەسەن زیرەك » بەم پلەبەرزەی هونەر چونکە یارمەتیان داوە ، باوەشیان بۆکردۆتەوە ، ئارەقەیان ڕشتوە لەگەڵ ئەودا، ئاوازیان بۆ داناوەو بۆیان ئامادەکردوە ، مۆسیقایان بۆلێ داوە .

لێرەدا بەکورتی دەمەوێ بڵێم گۆرانی بێژ زۆر جیاوازی هەیە لەگەل مۆسیقا ژەن دا (مەبەستم خەڵك پشتگیری گۆرانی بێژ ئەوانە دەکا لایان گرنگترە لە خوێنەرانی ئازیز !؟ ئایا ئێوەی بەرێز ئەم راستیانەی خوارەوە دەزانن :

(گۆرانی بێژ) : هەر گۆرانی بێژێك هونەرمەندنیە ! چونکە دەنگ خۆشی شتێکی خۆڕسکە (وراثی ، فطری) هەر کە لە دایکبوە دەنگی خۆشبوە ، بەڵام ئایا هەوڵی ئەوەی داوە بچێتە قوتابخانەیەك یاخود پەیمانگایەکی هونەری دەنگەکەی پەرەپێ بدات ؟! .. گۆرانی بێژ ئەوکاتە هونەرمەندە سەری لەم شتانە دەربکا (سۆڵفێج ، خوێندنەوەی نۆتەکانی مۆسیقا بەدەنگ ، مانای « رەزم » دمبکەکان بزانێ وەکاتەکانیان ، مەقامات بزانێ وەلەیەکتریان جیا بکاتەوە ، نەشاز نەکات ، شتێك لەئامێرێکی مۆسیقادا بزانێ ... هتد .

کەچی مۆسیقا ژەنی هونەرمەند ، « مەبەستم مۆسیقا ژەنی تەواو » جگەلەوەی کەبەهرەداره ، ماوەی چەند ساڵێك لە پەیمانگایەکی هونەری خوێندوە ، یالەبەشی مۆسیقا لە قوتابخانەیەك خوێندویەتی ، یا خولی (دورە) مۆسیقا فێربوونی دیتوە ، لە مامۆستای تایبەتی کەلکی وەرگرتوە بەپارەپێدان ، یاخود سوودی لەدەرچوانی قوتابخانە هونەریەکان وەرگرتوە ، ئەمجا پەرتووك خوێندنەوە گوێ گرتن لە جۆرەکانی مۆسیقای مللەتان هی کۆن و تازە وە پروفەکردن و خۆ گەیاندن بەهۆی خۆ حەپسکردن لەژوورێکی تەنیا ... هتد .

لەکاتێك کە ئەم مۆسیقاژەنە خەریکی پرۆفەکردنە ، برادەرانی ئەو ، لەیانەو گازینۆوسینەکان خەریکی یاری کردن و رانواردن و سەیران و .. هتد شتی ترن .

جاناپا کەسانێك لەپێناوی هونەری گەلیان وە دەرخستنی ناوی گەلیان (بەهۆی هونەرەکەیان لەناو گەلانی هەموو جیهان) هەول بدەن بەم شێوەو ماندوبون ئەوە تەگەرەکانی بەردەم هونەریان، چۆن ڕەوایە باس نەکرین وەناویان لەبیر بکرێت ، وە یاخود لەئێوەی خوێنەری بەرێز دەپرسم بۆچی ئەوانە پشتگیری « مادی ومعنوی » نەکرین .

یەکێتی ئافرەتان « پاشماوە »

لەرێگای بەستنی ئەدوەوهەڵدانی « زەشالی تەندروستی » لە لادێکانیدا ، ئەم زەشماڵەش بۆ ماوەی مانگێك لە لادێکاندا ئەسۆڕێتەوەو لەهەر گوندێکدا بۆماوەی مسێ ڕۆژ ئەمێنێتەوەو ئەدوە ئەبەستن و دەرمان دابەش ئەکەن و فلیمی تەندروستی پیشان ئەدەن .

سەبارەت بەلێپرسراوێتی خوشکە « فریال محمد فتاح » لێپرسراوی پێشخستنی ئافرەتانی لادێ وتی : ئەم لێژنەیە تەقەللائەدات گیروگرفتی ئافرەتی لادێ چارەسەر بکات وچاودێری پاکوخاوێنی لەرێگای کاری میللیەوە بکات و تەقەللاش ئەدات کە ئاووکارەبا بۆ ئەو دیهاتانە ببرێت کەوا ئاوو کارەبایان نیەو بۆهوشیار کردنەوەی دانیشتوانی لادێش فلیمی کۆمەلایەتی نیشان ئەدرێت و یارمەتی دەستکورتە کانیان ئەدات ، لەسالی رابوردوودا بازاڕێکی میللیمان لەمەلا عمر کردەوەو مەبەستیشان لەم بازارە زیاتر یارمەتیدانی لادێ ییەکان بوو لەبەرئەوە شتەکانمان بەنرخێکی یەکجار هەرزان فرۆشت ئەمسالیش ئەمانەوێ کەئەم خزمەتە بەفراوانی پێشکەش بکەین ئەوەش بەدەرچونی قافلەیەك بۆلادێکان و ئەو قافلەیەش لەیارمەتی یەکێتی ئافرەتان و ڕۆشنبیری جوتیاران و تەندروستی بەیتال و سەرۆکایەتی هەرێمی کشتوکال و هەرەوەزیەکان دەربچێت بۆ ئەوەی یارمەتی دانەکانیان کشتی و هەمودیهاتە دورەکانیش بگرێتەوە .

خوشکە پەیمان خالص رشید ـ کاروباری یاسایی

ئەم لێژنەیەش دیسان راستەو خۆیەیوەندی لەگەل خێزانەکان ئەبەستێ بو ئەوەی گیروگرفتی خێزانەکان چارە سەربکات و وەك ئەو گیروگرفتانەی کەزۆرجار توشمان دێت لەوانە ژن بەژن و مارە کردنی دەرەوەی دادگاو مارەکردنی بە منداڵیە لەگەل گیروگرفتی تەڵاقدا ، جگە لەچارە سەر کردنی گیروگرفت ئێمە هەمیشە سەر لە خێزانی بەندکراوەکان ئەدەین و یارمەتی مادیان ئەدەین و هەروەها سەریش لەدەزگا کشتوکالێکان ئەدەین وەك دەزگای چاودێری کچان و کوران و نەخۆشەکان .

خوشکە نەسرین نوری عبدالله ـ لێژنەی راهێنان و پێشخستن .

ئەم لێژنەیە دەوراتی هەمە جۆرنەکاتەوە وەکودەورەی دروەمان هەروەها ئامادەکردنی کادری باش وەکودایەنی باش بۆشیرخۆرگەو هەروەها دەورەی تایبەتی بۆ ئامادەکردنی کادری سەرکردەیی لەناو ژنانداو ئەکرەوە .

خشکە راضیة احمد واحد ـ چاکی کۆمەلایەتی

ئالێژنەیە نەدوە بۆزوکردنەوەی گیروگرفتی کۆمەلەتی ئەبەستێ و سەر بەرەکردنەوەی پیشانگا ئەکا هەروەها سەربەرشتی میهرمان و کاری میللی و مەرەنەکات .

خشکە فریدە محمد خضر ـ چۆکردنی ئەخوێندەواری

لێژنەیە تەقەللائەدات بەپەتی بەڕێوە بەرایەتی قەلاکردنی ئەخوێندەواری مەلای تازە بکەنەوە ، هەها مەلبەندی تایبەتیش بەپتی ئەکات و سەربەرشتی ئەوە لەناوچانەی کە وا قەکردنی ئەخوێندەواری ئیسزامی تیاداهەیە ئێمە تەملادانی بلاوکردنەوەی هاری لەو ناوچانەدا ئەکا .

پ. هاوکاری

چوارهەم فیستڤانی مەریەد

دایرەی کشتی ڕۆشنبیری لەوەزارەتی ڕۆشنبیری و هونەر لەدانانی پرۆگرامی فیستڤالی شیعر لەمەریەد بۆتەوە کە لە ١٥ی مانگی شوباتدا لەژیر دروشمی (لەدەب و یەکێتی ڕۆشنبیری عەرەب)دا دەکرێتەوەو ماوەی ٦ ڕۆژدەخایەنێت پرۆگرامەکە بریتیە لەسێ کۆری شیعردوانیان لەبەغداو ساز دەکرێت و سێ هەمیان لەبەسرالەنیوارەی ڕۆژی یەکشەممەی دوای تاریخی دەستپێ کردنی هەروەها دوو کۆری ڕۆشنبیریشی تێدا دەبێت یەکەمیان لەبەیانی پێنج شەممەی ١٦ـ٢ـ١٩٧٨داو دووهەمیان بەیانی شەممەی ١٨ـ٢ـ١٩٧٨دا لەگەل چەندجۆرە چالاکیەکی تردا ، پێشانگایەك بۆ کتیبی عیراقی یەکێکی تر بۆ هونەر تەشکیلیکان و نیشاندانێکی تیپی نەتەوەیی ، چەند شاعیرو نوسەرانی عەرەب و بێگانە بۆ ئەم فیستڤالە بانگ کراون لەکەل ژمارەیەك لەرۆژنامە نوساندا ، هەروەك بانگی ئەو ئەدیبە عراقیانەش کراوە کە لە دەرەوەی عیراقن نازك الملائکەلەکوێت ، غائب طعمة فرمان لەیەکێتی ی سۆفیات ، سامی مهدی پاریس وە یەکێتی نوسەرانی یەکێتی سۆفیات ،بولگاریا و یوگسلافیا و ئەلمانیای دیموکراتی و پۆلۆنیا و فەرەنسا و بەریتانیا و نیسپانیا شتلندە .

تەواوبونی دەوریەکی کرێکاران لە سلێمانی

دوێنێ لەمەلبەندی پاراستنی نەخۆشیەکان لقی ڕێ نومایی ڕۆشنبیری و تەندروستی لەسەرۆکایەتی تەندروستی پارێزگای سلێمانی کوتایی بەچواردەیەمین دەورەی کرێکارانی چێشتخانەو جێگا گشتیەکان هێنا ، ئەم دەورەیەش ڕۆژی ٢١ـ١ـ٩٧٨دوستی پێ کردوە هەفتەیەکی خایاند ، ئەوەی شایانی باسە ٥١ کرێکار هاوبەشی ئەو موحازەرەی تەندروستی مەلێك موحازەرەی تەندروستی لەلایەن دوکتۆرەکانی پارێزگاوە تێیدا پێشکەش کراوە ، بە بۆنەی کۆتایی هاتنی دەورەکەوە بەرێز نوێنەری سەرۆکی تەندروستی پارێزگای سلیمانی و نوێنەری نەقابەکان دیاری بەسەر سەرکەوتوەکاندا دابەش کراو شەش کرێکار سوودیان لێی وەرگرت .

ئەوەی شایانی باسە کاك محمد صالح بەیەکەم دەرچوو .

پ. هاوکاری

لە پارێزگای سلیمانی لیستەی کرێکارانی پێشکەوتنخوازی سۆشیالیست لە هەڵبژاردنی کرێکاراندا دەرچوە

ڕۆژی هەینی ڕابوردو هەڵبژاردنی پێنجەم دەورەی سەرکردایەتی نەقابەکانی کرێکارانی سەربە نیقابەکانی پارێزگای سلیمانی دەستی پێکرد و تیایدا لیستەی کرێکارانی پێشکەوتنخوازی سۆشیالیست لەکەرتی بەرگ درو و هەلاج و دەباغ چنینکاندا بەگشتی دەرچون .. لەم هەڵبژاردنەدا سەرۆك و ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی ی ناوخۆی کرێکاران و نوێنەری لیستەی کرێکارانی پێشکەوتنخوازو لیژنەی جاودێری کەری هەڵبژاردنەکە لە پارێزگاکەدا سەرپەرشتی ئەم هەڵبژاردنەیان کردوە .

لەسەرڕێ

ڕۆژێکی ساردی مانگی دیسامبر وارێکەوت لە شاروبوم هاوڕێکەم چاوەروانی دەکردم تا پێکەوە بچین بۆلای فیتەرێك چارەسەری رادیتەری ئۆتۆمبیلەکەی بۆ بکات چونکە لەم سەرەوە ئاوی تێدەکرد لەژێرەوە چۆڕچۆڕ دەهاتە خوارێ شوێنیکمان دیاری کردبو بەیەك بگەین لەکاتی دیاری کراوا گەیشتینە لای فیتەرەکە . ئەوەی راست بێ زۆر سەرسام بوم لەوکەسەی کەچوینەتە لای بیستسالێك لەمەوپێشم هاتەوە یاد کەکاکی فیتەر قوتابیەکی گوێ ڕاگر بو زۆریش وەرزش کاربو . لەهاویشتنی قورسیدا بلەی یەکەمینی بجری ، بەڵێ فیتەرەکە تەماشام دەکات و منیش واقم وورماوە جۆن ئەم کورە قۆزە گوێ ڕاگرە وەرزشکارەخوێندنی تەواو نەکردوە ؟ پرسیار بەدوی پرسیاردا لەخۆمی دەکەم . قوتابیەکەم خۆی روی تێ کردمو گوتی مامۆستا دیارە زۆر سەرنجم لێ دەدەیت هەرچیەك دەڵێت راستە . بەڵام ئەوە بزانە ناسۆری ژیان منی گەیاندە ئەم رادەیە هەرچەندە چەند هۆیەکی تایبەتی لە ئارادابو لەژیانمدا واسەرلێ شیواو بوم گەیشتمە ئەم رادەیە بەڵام ئەوەش بزانە ئانێستاکە کاڵەك بەئەژنۆدەشکێنم بەڵام بێ سودە نەبەواتەی باوکو دایکم کردو نەئامۆژگاریەکانی مامۆستاکانم گرتەگوێ هەرچەندەهاوڕێکانم دەبینم هیندێك بونەتە دکتورو هندێك بونەتەئەندازیارو هەندێك بەمامۆستا تەنانەت رووم نایەت تەماشایان بکەم . ئەوە تا ئێستاکە لەبەر ئەم گری موشەدەمەدا پینەی تەنەکەو بۆنی قەلاییو تیزاب ووڕی کردووم . تەنانەت هێزی چاویشم نەماوە منیش حەزم دەکرد ئانێستا وەکو هاوڕێکانم پزیشکی بومایە بهاتیتا بەلامو شانازیت پیوە بکردامایە بەڵام بروات بێت مامۆستا من هۆی ئەم بەسەرهاتە نیم !

رووم کردە قوتابیەکەمو گوتم کاکە تۆ ئێستاکە ئەندامێکی بەکەلکی ئەم کۆمەلەیت وە ئەوەش بزانە ئەگەر کەلکت نەبوایە بۆ کۆمەل ئێمە ئێستاکە رووماں

تێ نەئەکردیت ئەوەتا ئەگەرتۆنەبیت تۆتۆمبیلی هاوڕێکەم چاك نابێتەوە چونکە پلەیەکی باشت بولە خوێندەواریدا وە بنجەکەیشت بنجێکی مرۆڤایەتیە لەسەرەتاوە

لەبەرئەوە زۆر بەدڵ کاردەکەیت وە شارەزایت پەیدا کردوە هەر لەبەرئەوەیشەزۆر ناوبانگت پەیدا کردوە . جاهیوادارم دڵ رەنجانو نەبیت وە گەشەیش بدەیت بەکارەکەت و شانازیش بیت بەوەی کە ئێستاکە کریکارێکی هونەرمەندیت .

دیاربو ئەو قسانەی من هیچ کارێکی ئەوتۆی نەبو چونکە بەدەم کارەوە هەنسکی دەداو فرمێسك دەهاتە خواری بەچاویدا چونکە خۆی دەزانێ کە چ گۆرانێك بوە لەژیانیدا .

جا هەر لەبەر ئەوەبوروی تێ کردمو گوتی مامۆستا بەڵێن بێت کەکەوەکەم لەم کۆمەلەدا شوێنێکی دیاری کراوی بێت وەبەسەرهاتی من جاکترین دەرس بێت بۆ ئازادی کورم . وە ئەگەر ماینو نەمردین دەبێت ئازاد ببێتە دکتۆرێك ئێشو ئازارو نەخۆشی کۆمەل تیماربکات .

هەرچەندە من ئەوکەلکەم نەبو بۆکۆمەل بەڵام دەبێت کورەکەم کەبەگری ئەم موشەدەمەیەبەروەردەی دەکەم وەنانی بۆ پەیدادەکەم وەکو ئەوگرەسودی ببێت لەدوای کار هەرچەندەمان کرد حەق دەستی لێ نەسندین وگوتی مامۆستا دەبێت لێم ببوریت ئەگەردرامەتم باش بوایە ئەنانەت هەقی زادیترەکەیشم لەهاوڕێکەت وەرنەدەگرت بەڵام . کە ئازاد بو بە دکتۆرحەقی حەق دەستتان ئەوەرناگرین !!

عبدالقادر خلیل

سەردانی سادات « پاشماوە »

لە بیابانی سینادا .

دوێنێ بەشێوەیەکی رەسمی لەقودسی داگیرکراو راگەیەنرا کە لەهەفتەی داهاتوودا لە قاهیرە لیژنەی هاوبەشی سەربازیی رژێمی سادات و زایۆنی دوژمن دەست بە کاروباری خۆی ئەکات و عزرا وایزمان وەزیری جەنگی زایۆنی سەرۆکایەتی وەفدکەی ئەکات کە لەکۆبوونەوەکانی لیژنەی ناوبراودا بەشدار ئەبێت .

ئەم بڕیارەش دوای کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانی دوژمن دەرکەوتووە .. ئەوەبوو دوو هەفتە لەمەوبەر کاروباری لیژنەی سەربازیی ساداتی زایۆنی لەکاتی خۆیدا وەستابوو بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی زیاتر ئەندامانی ئەولیژنەیەو حکومەتی زایۆنی دوژمن و سادات راوێژکاری بکەن .

هەروەها مناحیم بیگن سەرەك وەزیرانی زایۆنی دوژمن پێرێ شەو راگەیاند کە لیژنەکە لە هەفتەی داهاتوودا لەقودسی داگیرکراو دەست بە کاروباری خۆی ئەکات .

هاوکاری و کۆمەلانی پاشماوە

عبدالله رسول عبدالله
بەکرەجۆ
نەخۆشخانەی چوارقورنە

ناحیەی چوارقورنە ، ناحیەیەکی زۆرگەورەیە لە دەشتی بیتوێنەو پێنج کیلومەتر لە قەزای رانیەوە دورە ، سەرەرای زۆری ژمارەی دانیشتوانی ، نەخۆشەکانی دێهاتی دەورو پشتیشی دێنە چوارقورنە لە کاتێکدا کە نەخۆشخانەکەی ئێستا لە (٣) سێ ژور پێکهاتووە ، هیوادارین لێ پرسراوان نەخۆشخانەیەکی فراوان لە ناحیەکەمان بکەنەوەو پزیشکی تریشی بۆ تەرخان بکەن بەتایبەتی پزیشکێکی ئافرەت .

خدر بلباس
قوتابخانەی پێگەیاندنی مامۆستایان سلێمانی

نامەکانی سەرۆك « پاشماوە »

عیراق و سوریادا بەدی ناکەین، گرنگ ئەوەیە کە چۆن وڵاتانی عەرەب پەرامبەر مەسەلە جۆرەهەریەکان رەفتار ئەکەن ، خۆ ئەگەر هەڵوێستێکی تێکۆشەرانەی ئاشکراو نەگۆڕ لەلایەن حکومەتی سوریاوە هەبێ ، ئەوە ئەتوانرێ مەسەلەکە بەرێگەیەکی ئاسایی و ئاسان چارەسەر بکرێ .

لەکاتی گەیشتنی بەرێز طارق عزیز نێرراوی سەرۆکی بەرێز احمد حسن البکر ، بەرێزان محمد بلقاسم الزوی ئەمیندار ی ڕۆشنبیری و راگەیاندن و بەرێز صباح ابراهیم باڵوێزی عیراق لە تەرابلس پێشوازیان کرد .

لە لایەکی ترەوە هەواڵی دوێنێ نیوەڕۆی شاری عەدەن ڕای گەیاند کە بەرێز محمد محجوب ئەندامی سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست دوێنێ نیوەڕۆ لە مەلبەندی سەرۆکایەتی لە عەدەن لەگەل سالم ربیع علی کۆبۆتەوەو نامەکەی بەرێز سەرۆك احمد حسن البکری داوەتەدەست .

کۆبوونەوەکە کە سەعاتێکی خایاند ، بەرێز علی سالم الاعور ئەندامی لیژنەی مەرکەزی رێکخراوی یەکگرتووی سیاسی (بەرەی نەتەوەیی)و بەرێز کار هەڵسورێنەری عیراق لەعەدەن بەشداربوون .

ئەدەبی کشتوکال « پاشماوە »

ـ صانب « پاشماوە »

هەندانەیە بۆ دەرەوەی و بۆ فراوانبوونی زانستیان لەبارەیەوە، ی هونەری کوردی بەکی پرشنگداری پێویستە پەیمانگای دابمەزرێت بۆ نی منالو مسۆگەر کۆمەڵێکی باش ئەمەندان بۆ داهاتوو . تیا

خشکە فریدە محمد خضر ـ چۆکردنی ئەخوێندەواری

لیژنەیە تەقەللائەدات بەپەتی بەڕێوە بەرایەتی قەلاکردنی ئەخوێندەواری مەلای تازە بکەنەوە ، هەها مەلبەندی تایبەتیش بەپتی ئەکات و سەربەرشتی ئەوە لەناوچانەی کە وا قەکردنی ئەخوێندەواری ئیسزامی تیاداهەیە ئێمە تەملادانی بلاوکردنەوەی هاری لەو ناوچانەدا ئەکا .

پ. هاوکاری

Institut Kurde de Paris

زلێخا

ناوێکە ئێوە نەتان بیستووە دەنگێکە چەندان ئاهەنگی شادمانی خۆش کردوە

ئەمبێکە هاوکاری خولیای دیدەنیەکی زلێخایەتی و بە پەرۆشەوە بۆ دەرفەتێک دەگەڕا بۆ ئەوەی بەخوێنەرانی بناسێنێت ... ئەوەبوو لەم چەند ڕۆژانەی پێشوودا لەگەشتێکی (هاوکاری) خۆیدا توانرا چاوی پێبکەوێت ... (زلێخا ولید اسماعیل) ئافرەتێکی کوردەو لەچوارقورنە لەمەیوانێکی بچوکو ژورێکی تەنگبەرا دەژیو دایکی چوار منالەو مێردەکەی نەماوە ..

هەر چەندە ماڵی زلێخامان نەدەزانی بەڵام ئەوەندە لەگوندەکەیا ناسراوە بەتەنها پرسیارێك چوینە ماڵەوە ... لەژورەکەیدا کۆمەڵێك وێنەی خۆیی و خێزانەکەی لەکۆنەوە تا ئەمڕۆ بەچوار دیواری ژورەکەیەوە دەبینی و هەسوویانت پێدەناسێنێت .. کاتێك لێی وورد دەبیتەوە بەئاشکرا سەربەستی ئافرەت لەچاوەکانیا دەبربسکێتەوە، زۆر بەنەرمی بەسەرهاتی خوێت ئاوا بۆ دەگێڕێتەوە :

— باوەڕ ناکەم لەم ناوچەیەدا زماوەندێك بکرێت بە خۆمو تەبلەکەمەوە .. بەبەستەو لاوکو حەیرانەوە هاوبەشی تیا نەکەم ... ئەمەش زیاتر لەبیست ساڵێك ئەیێت کردومەتە پیشەی خۆمو منالەکانمی پێدەژیەنم ...

بەختەکەم لەودایە لەم گوندەدا بە تەنها خۆم لاوکو حەیران بەچاکی دەزانم ..!

پاشان زلێخا وەك ژورەکەیەوە دەبینی و ئافرەتێکی سەربەست ووتی : لە ئاهەنگو زەماوەندەکانا ئەگەر سێ ملیۆن کەس وەستابن هیچ ناسلەممەوەو شەرمیان لێناکەم چونکە هەر لەسەرەتاوە کەسو کارم هیچ بەربەستیان نەدەکردمو زۆر هاتیان ئەدام .

ئەوەی شایانی باسە من هەر خۆم نیم چونکە ئیسماعیلی کوڕم بەنای و زورناو غازی بەگۆرانی و مەقامات و شەریف بە (تار) هاوبەشیم ئەکەن .

زلێخا کاتێك ئەم قسانەی بۆ ئەگێڕاینەوە لە گەلیا خەریکی گەرم کردنەوەی تەبلەکەی بوو دیاربوو بەتەواوی خۆی ئامادەکردبوو بۆیە بە کۆمەڵێك بەستەو لاوکو حەیران ئەوەندەی تر جۆشی یەکۆڕەکەداو لە شیعرەکانیا جارجار ناوی خۆی ئەهێنێو هەندێ جاریش وەك شایەر بەدەم بەستەو حەیرانەوە بەئارەزوی خۆی شیعر بەسەرمیوانەکانیا هەڵئەدات ..

پاشان هەر بەدەم شیعرو بەستەوە کەوتە رازو گلەیی و دەیووت : دەبوا لەپێشان بەهاتنتانمان بزانیا یە بۆ ئەوەی ئێمەش خۆمان ئامادە بکردایە بەڵام ئێوە ئەوەندە بەپلەهاتن تەنانەت فریایی چا خواردنەوەیەکیش ناکەون .

ئاواتی زلێخا ئەوەیە کە دەزگای تەلەفزیۆن لەدەرفەتێکا ئاوڕێکی لێبداتەوە بۆ ئەوەی لەرێگەی ئەوانەوە بتوانێت زیاتر خۆی بە خەڵکی بناسێنێت ...!

هاوکاریش ئێستا هەر ئەوەی بۆ ئەکرێت کە ئەو داوایە بخاتە پێش چاوی لێپرسراوانی ئیستگەو تەلەفزیۆن .

لە کۆتایدا هیوادارین کە یەکێك لە خوێنەرانی جوارقورنە لە جیاتی ئێمە ئەم ژمارەی هاوکاریە بکاتە دیاری زلێخاو خێزانەکەی .

فریا عبدالله

شەماڵ سائیب

دەربارەی هونەر و هونەرمەندی ڕەسەن ئەدوێت

مامۆستا شەماڵ صائب یەکێکە لەوهونەرمەندە تاقانانەی کە هەر لەمندالی و تاقی هەرزەکاریەوە تا ئەمڕۆ چالاکانە لەجیهانی گۆرانی و مۆسیقای کوردیدا خزمەتێکی گەورەیان کردوە .

مامۆستا شەماڵ صائب لەوەڵامو پرسیارێکمانا دەربارەی هونەری مۆسیقاو گۆرانی کوردی ئێستاو هەلویستی هونەرمەندی کورد ئەڵێ :

بزوتنەوەی هونەری نوێ بۆتە هۆی پەیدابوونی چەند تیپێکی مۆسیقی و هاتنەکایەی کۆمەڵێك لەگۆرانیبێژی ڕۆشنبیر کە ئەمەش لەبەرهەمەکانیانا ڕەنگی داوەتەوەو جێگای سوپاسە بەڵام ئەمەهەنگاوە پێویستی بە هاریکاری هەیە لەنێوان تیپە مۆسیقی یەکاندا لەڕووی هونەری و کارگێڕی یەوە وە لەبەر ئەوەی زوربەیان موچەخۆری میرین کەمتر بەکتری دەبینن جا بۆ ئەمە پێویستە گۆڤارێکی هونەری ببێت بۆدەربڕینی بیروڕایان کە ئەمەش یاریدە دەرێکە بۆ چارەسەرکردنی ئەم گیروگرفتانە بەتایبەتی ئەگەر بەرێوەبەرێتی ئیستگەو تەلەفزیۆن پەیوەندی لەگەڵ هونەرمەندە کوردەکانا ببەستێت یەکێك لەو گیروگرفتانەش ئەوەیە کە ئیستگەو تەلەفزیۆنی کوردی و تیپە مۆسیقی یەکان بایەخ ئەدەن بە چەندێتی بەرهەم نەك چۆنێتی واتە سیاستی (زۆری و بۆری) یان گرتۆتە بەر هیچ بایەخێکیش نادەن بە هونەرمەندە (ڕەسەنەکان) ، ئەمەش ئەبێتە هۆی ئەوەی بەرهەمی تازەو بەنرخ کەمبێتەو بەپێی تواناکانیان خزمەتیان بۆ نەکرێت .. یەکێکیش لە خەوشەکانی بەرهەمی کوردی تازە ئەوەیە کە مناڵی گۆرانی سۆزاوی بۆ دانەنرێت کە ڕۆشنایی وای تیایە کەلەگەڵ بیرۆزی و پاکی مناڵدا ناگونجێ .

پاشان مامۆستا شەماڵ دەربارەی پێشکەوتنی هونەری مۆسیقاو گۆرانی کوردی ئەڵێت : بەرای من باشترین هەنگاو بۆ ئەمە لەتوانای دانانی بەرێوەبەرایەتیەکدایە کە هونەرمەندە چاکەکان بگرێتە خۆی ئەمەش بە گواستنەوەیان لە مەلبەندی ئیش کردنیانەوە بۆ ئەو بەرێوەبەرایەتی یە بۆئەوەی پرۆگرامێکیان بۆ دانێ و بەپێی زەخشەیەك لەسەری بڕۆن ئەمەش پێویستی بەدامەزراندنی تۆمارگایەکی سەردەمی و دەرکردنی گۆڤارێکی هونەری هەیە . لەوشتانەی پاڵ بە هونەرمەندەوە ئەنێت ناردنە دەرەوەی هەندێ لەو

بروانە ل : ٧

لەباوەشی بەرینی نیشتمانەدا

خاکی عیراق بەزۆر شارەکۆن ناوبانگی دەرکردوە کە ئەم شارانەش جێی بایەخی تایبەتین .. ئەمە بێجگە لەو ڕەوسیاسیەی کە هەیەتی .. جا ئەگەر بین دەربارەی شاری هەولێر ـ اربیل بدوێین ئەڵێین .

هەولێر ـ اربیل

پێش (٢٠٠٠) واتە دو هەزار ساڵ ناوی هەولێر لە نوسینەکانی پاشای سۆمەردا بەناوی « ئۆربیلم » ناوبراوەو بەڵام ناوی ئێستای بەناوی دوای ئەم ناوەوە بە « ئەربائیلو » واتە چوار خوا ناو ئەبرێ .. بەڵام ناوی کوردی هەولێرە کە ئەمەش لە ناوە ڕەسەنەکەی خۆیەوە هاتوە ، ئەم گردە مەزنەی کە ماوەیەکی فراوانی زەوی داگیر کردوە کە ٦٠ هەزار مەتری چوار گۆشەییەو بەنزیکەی ٣٥ مەتر بەرز بۆتەوە ئێستا بۆی ئەڵێن قەڵای ئەربیلو شوینەواری شاری ئەربیلە لەدێر ڕۆژگارەوە .. عیراقیە کۆنەکان ئەهاتن لەسەر شارە کۆنەکان شارەکانیان بنیات ئەنا لە بەر ئەوە بنیات نان کارێکی کرد کە ئەم گردەی اربیل بەرزبێت .

اربیل سەرچاوەگەی پەرستنی عەشتاری خوا بو لەبەر ئەوە بایەخێکی ئاینی هەبو .. حەجکەرەکان هەمیشە ئەهاتن بۆ لای ، وەك میژونوسەکان ئەگێڕنەوە سەبارەت بەسەردانی سەنحاریب بەرامبەر ئەم پەرستگەیەی ساڵی ٦٩٢ی پێش زاین پێش ئەو هێرشە گەورەیەی کە بردیە سەر شاری بابل .

ئەربیل شەری زۆر بایەخداری بینوە کە یەکێك لەوانە شارە مێژوییەکەی نێوان ئەسکەندەری مەکدۆنی و شای فارسەکانی دارا ساڵی ٣٣١ پێش زاینبو .

ئەم کاتەت باش

● ناوی نوری سەعید باقی یەو ساڵی ٩٤٧ لە سلیمانی لەدایك بووە .

● وەکو خۆی باسی ئەکات هەر لەمنالیەوە تامەزرۆی سەر شانۆ بووە هەتا ساڵی ٩٧١ بە ئاواتەکەی ئێستاش ئەندامی تیپی نواندنی ڕۆشنبیری جەماوەری سلیمانیە .

● دەربارەی هونەری شانۆی کوردی ئەڵی .

★ پشتبەخواو بە سایەی هەوڵی هونەرمەندانی دڵسۆزمانەوە واچاوەڕوان ئەکرێت کە شانۆی کوردیش وەکو شانۆ پێشکەوتوەکان هەنگاوی ڕێگای پێشکەوتنی خۆی تیژەو بکاتو بگات بەکاروانی پێشکەوتوان .

مۆسیقاژەن لای ئێمە سەربازێکی نەناسراوە !

وەکو دیارە لەلای هەموو یەکێکمان ، مۆسیقا ڕۆژبەڕۆژ لە پێشکەوتن دایەوەکو هەموو لایەنێکی تری ئەم جیهانە . وەلەم ڕۆژانەی ئێستامان لەناو کۆمەڵی ئێمەش دا مۆسیقا شوێنی خۆی بەتەواوەتی کردۆتەوە وەکو هونەرێکی پیرۆز ، مرۆڤ هەرچەند کاری زۆر بێ وە دووربێت لە مۆسیقا ، ڕێك دەکەوێت لەکاتی بشوداتی یارابواردنی ، تووشی بە تووشی مۆسیقاوە بێت . ئەوەش بە هۆی سەرچاوە زۆرەکانی ئەم هونەرە .

ساغیش بودتەوە کە پێشکەوتنی مۆسیقا بەدەرادەی پێشکەوتنی گەلان ، گەلی کوردیش وەکو هەموو گەلێکیتری ئەم سەرزەمینە ، مۆسیقای بەزۆر باروزرووف تێپەڕێوە ، وە ئێستا کە دەبینین مۆسیقای کوردیمان لەپێشکەوتنە ، بەندە بە پێشکەوتنی گەلەکەمانو زۆربوونی خوێندنو خوێندەواری ، لەسەر دەستی کۆمەڵە لاوێکی بلیمەتو هونەرزان ، چونکە ئەوانە خزمەتکردنی گەلەکەیان لەڕێگای هونەرەکەیان کردووە بەهۆی تاوانو خیتوای بەرزیان .

لێرەدا دوای ئەم پێشەکیە ، دەمەوێ لەسەر هەندێ شتی هونەری بدوێم کەزیاتر بەیوەندی بەمۆسیقا ژەنی کوردەوە هەیە .

گۆرانی بێژی بەناوبانگی کورد خوالێخۆشبو « حەسەن زیرەك » تا ئێستا چەندین ئەمکاتەشدا باوك هەست بەوەشکات کە لەشانۆی ڕوداوەکانی ماڵەوەیان نزیکەو بونی لەماڵیشدا پێویستە .. تا مەلاشوی (مەلاژوی) وەتارو لێدوانو باسو ... شتیتری لەسەر نووسراوە ، وە ئەوەش جێگای شانازیە بۆ هەموان ، کە زۆربەی میللەت هەست بەبلیمەتیو بەخزمەتی ناوبراو بکات بۆ گۆرانی کوردی « با ئەم هەستە دوای کۆچ کردنیشی بێت » .

چونکە بەرای من « حەسەن زیرەك » قوتابخانەیەکی گۆرانی کوردی بوو ، وە باشترین بەڵگشم بۆ ئەم قسەم ئەوەیە : بەچاوی خۆمان دەبینین چەندین لاوی کورد نازناوی « زیرەك » یان نوساندوە بەناوی خۆیان ، وەسن بەشی ئەولاوە دەنگ خۆشانەی دێن بۆ گۆرانی گوتن لاسایی ئەو دەکەنەوە بۆ نمونە : ئیبراهیم سابیر ،

بروانە ل٧

باوکیش لەشانۆی ڕوداوەکانی ماڵەوەیان بە ئاگابێت

خێزان

زانایان ئەڵێن : ئەگەر بمانەوێ جگەر گۆشەکانمان بەچاکی پەروەردەبکەین ئەبێ هەوڵو تەقەلای بێ ئەندازەی باوکان لەیاد نەکەین ... چونکە بونی باوکیش لەماڵدا نرخی لەبونی دایك کەمتر نیە .. هەندێ دایك ئەمە بەڕاست نازانێتو بەباوکی منداڵەکانی ئەڵێت هیچ تەنگو چەلەمەو گەمیەکمان نیەو . واتا بونو نەبونی باوك لەماڵدا هەروەك یەك وایە وهیچ ناگۆڕێت ..

هەندێکیش بارگرانی ماڵو خێزانو گۆشکردنی منداڵەکانی لەئەستۆی خۆی ئەگرێتو شان وەبەر هەموو بارگرانیەکەوە ئەنێتو هەموو کارو فەرمانێکی خێزانەکەیان (مەیسەر) ئەکاتو تەقەلای پەروەردەکردنی منداڵەکانیش ئەداتو بەراستی نازانێت هیچ شتێك بۆ مێردەکەی بدرکێنێت .

ئەمەش ڕاستیە .. چونکە پەروەردەکردنی منداڵ گەلێ گرنگو هەوڵو کۆششی هەردولای ئەوێت (واتە باوکو دایك) ئەبێ دایك ڕاوێژ بەباوکی منداڵەکانی بکاتو بشزانێت لە چشتێکدا پرسی پێئەکات ئەوەش شیاوی ئەوەبێت کە باوکی منداڵەکانی لەجێبەجێکردنیدا بەشداری بکات ، بەتایبەتی ئەوکاتەی کە لە ماڵەوەیە .. مناڵەکانیان بەهەنگو گەمیەکمان نیەو . واتا بونو نەبونی باوك لەماڵدا هەروەك یەك وایە وهیچ ناگۆڕێت ..

چاپکراوی نوێ

چیرۆکی هونەری کوردی ١٩٢٥ ـ ١٩٦٠

لەچاپکراوەکانی وەززارەتی ڕۆشنبیری و هونەر ـ دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ، کتێبی « چیرۆکی هونەری کوردی ـ ١٩٢٥ ـ ١٩٦٠ » لە نووسینی چیرۆك نووسی ناسراو مامۆستا (حسین عارف) لەم دواییەدا دەرچوو .

ئەم کتێبە بریتیە لە لیکۆڵینەوەیەك لەبارەی چیرۆکی هونەری کوردی یەوە لەسەرەتاو سەرهەڵدانیەوە هەتا ئەشی نمارکردنو پێگەیشتنی ، لە (١٨٠) لاپەڕەی قەوارە گەورەداو لە سێ بەشدا (سەرەتاو سەرهەڵدان)و (نەشونما ـ کردن) (بەرەو پێگەیشتن) لەگەڵ فەهرەستی چیرۆك نووسەکانو چیرۆکەکان .

ڕێگەو

ئەوەی دڵسۆز بێ بۆ نیشتمانەکەی و گەلو کارەکەی خۆش بوێو سووربێ لە سەر باراستیانو باوەڕی بە شۆڕش هەبێ ، ئەوە بەرێگای تایبەتی خۆی بەعسیە .

هاوڕێ صدام حسین



ئەخشەی پەرەپێدانی نەتەوەیی ناوەدانیی و بەرەوپێشەوەچوونی بەردەوامی هەمرو عیراق

ضیاء أمین

پێشانگای علی حسین الوردی

لەم دواییەدا بە چاودێری بەرێز پارێزگاری سلێمانی ، بەرێوەبەرێتی ڕۆشنبیری جەماوەر لە سلێمانی پێشانگای تەشکیلی هونەرمەند علی حسین الودی بە ناونیشانی ڕۆمانسیەت لە هونەری نوێدا کردەوە . پێشانگاکە لە هۆڵی ئامادەی کوردستانی کچان کرایەوەو جەماوەرێکی زۆری شاری سلێمانی ئامادە بوبونو هەژدە تابلۆی هونەرمەندی تیا پیشاندرا بو کە بە ڕوونی ئافرەت لە تابلۆکانیا بە شێوەیەکی دووبارەبونەوە خۆی ئەنواند ، ئەمەو واقعیەت لە تابلۆکانیا بە چاکی خۆی پیشان ئەدا بەتایبەتی لە تابلۆی (مندالێك لە ئاستانی خۆشەویستیدا ئەنیشتەوە) لەگەڵ تابلۆی (دەنگی دەمژل دەچێتە دڵەوەو ئەیبزوێنێ) ئەوەی شایانی باسە ئەو دوو تابلۆیەش لەناخی کۆمەڵگای کوردەواریەوە هەڵقولابون .

● هونەرمەند لە شاری بەغدا لەدایك بوەو قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی و دانشگای تیا تەواو کردوە .

● لە دەرچوانی کۆلێجی پەروەردەی وەرزشیە .

● تا ئێستا لە (١٥) پێشانگای هونەرە تەشکیلیەکاندا هاوبەشی کردوە .

● ئێستا لە بەرێوەبەرێتی لاوانی سلێمانی مامۆستا .

ب. هاوکاری



هەرجارەی نووسینێك

نازانم بۆچی ؟

● نازانم بۆچی هەرکەسە لە ئاستی خۆی بەگوێرەی چەرخو سەردەمی بێ سپێڕراوی ڕۆژانەیو هەردەم بەگوێرەی توانای تایبەتیو جۆری ئیشەکەی هەوڵ نادات لە شوێنو جێگای خۆیدا بەجێی بهێنیو بە شێوەیەکی ڕێکو پێکو کارامەییەوە هەڵی بسورێنێ .

یان بۆچی ئەبێ هەمیشە خۆی بە لێپرسراوی ڕاستەو خۆی ئیشەکەی نەزانێو وەکو چاودێرێکی باش چاودێری ناکاتو جاری وایش هەیە بە تەمای کەسانیترە کە سوچێکی ئیشەکەی بۆ بگزن وەکو ئەم خاوەنی سەرەکی ئیشەکەی بەبێت ، ئەی کەواپوو ئەم بۆچی دانراوە لەو شوێنەداو ئەو کارەی پێ سپێراوە ئەگەر هاتو یەکێکیتر سوچی ئیشەکەی بۆ بگرێو خۆ ناشکرایشە کەسانی تریش هەر وەکو ئەو ئیشوکاریان هەیەو پێویستە خۆیان بەڵێ پرسراو بزانن . ئەم هەموو بێ موبالاتیو کەم تەرخەمیەی ئیشوکاری ڕۆژانەمان بوەتە هۆی دواکەوتنی ڕاپەڕاندنی زۆر سوچی ژیانو دواکەوتنی باری ژیانی کۆمەڵایەتیو شارستانیەتیمانو بەشی زۆری خەڵکی تەنانەت تاقەتیان نەماوە بچن بەسەردەم ئیشوکارەکانیانەوە چونکە بەشێوەی دروستو ڕەوا بۆیان بەڕێ ناکرێت ، بەتایبەتی لە دائرەو شوێنە ڕەسمیەکاندا کە زۆر کەس هەیە بەشی زۆر زۆرناسانو بێ بایەوە ئیشوکاری خۆی دوانەخاتو خەڵکی ڕانەگرێ یان ئەیان نێرێت بۆشتیوا سوکو ئاسان کەبوونو نەبوونی لە کارەکەدا وەك یەك وایە .

● تا ئەم جۆرە پیشەو کردارانە ئەبنە هۆی دواکەوتنمان لەزۆر ڕوی ژیانەوەو کاز ئەکەنە سەر ڕێ بڕین بەرەو پێشەوە ڕۆیشتمان بۆ ڕیزی گەلانی پێشکەوتو .

● نازانم بۆچی ؟ وازیان ناهێنرێو هەرکەسە لە ئاستی خۆی تۆزێك بیریان لێ ناکاتەوەو هەول نادەن بۆ نەهێشتنیان . خۆ هەموو کەسیش پێیان نازانێو هەردەم پاسیان ئەکەن .

● ئەگەر تەنها تۆزێکیش هەولیان بدایە بۆ ئەم مەبەستە ئەوا ئیتر کەس نەی ئەووت بۆچیواو .. بۆچی ئەوەو ... بۆچی .. هتد .

حمە سعید حمە کریم فرج

ڕشتەی هەڵبژاردە

کورد دەڵێت

● خوا تاکێ نەبینی بەفری تێ ناکا ..

● گۆم هەتا قوول بێت مەلەی خۆشە .

مرواریەك لە شێعری کلاسیکیەماندا

ئەمشەو خەریك بێ دڵ وەداخەوە
جەداخ ئەو شەم شەو چراخەوە
تائاما بادێ جە لە پلاخەوە
بادێ چون نەسیم ڕەوزەی ڕەوزانی
قووە بەخش ڕوح سەد ساڵەی فانی

وطی دیوانە

ئەبێ لە کوێ بووبی

ڕۆژێك « جاك لندن »ی چیرۆکنووسی بەناوبانگی ئنگلیز ، دووانەکەوێو تادرەنگی شەو ناگەڕێتەوە ماڵەوە ، خێزانەکەی بروسکەیێکی بەپەلە بۆ پێنج لە نزیکترین دۆستەکانی جاك لندن ئەنێرێ ، بۆ ئەوەی بزانێ لەکوێ بووە ..

دوای ناردنی بروسکەکان جاك لندن ئەگەڕێتەوە ماڵەوەو پاش ماوەیەکی کورت وەڵامی بروسکەکانی خێزانەکەی ئەگەن .. کە هەر پێنجیان ئەڵێن :

بەڵێ جاك لە ماڵی ئێمەیە !!

بەخوا سەیرە !!

شارون ئونکفر ژنێکی ئەمریکاییەو تەمەنی سی وحەوت ساڵانە .. ڕۆژێکیان لە گەڵ هەزارەها خەڵقدا ئامادەی ئەو ئاهەنگە بویسوکە بە یونەی تێپەڕ بوونی چل ساڵ بەسەر کردنەوەی پردی کۆڵدن لە شاری سانفرانسیسکودا ئەیانگێڕا . شارون لەبەر چاوی جەماوەرەکە خۆی لە لوتکەی پردەکەوە هاویشتە ناو ئاوەکەوەو بەم جورە بوو بەشەسەدەمین کەس کە بەم شێوەیە مردوون ..

Institut kurde de Paris

دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
مەیدانی الخلانی شەقامی « الجمهوریة »
بەغدا ـ س٠پ ١٤٠١٦ تەلەفۆن ٣/٦٨٣١١ خەت

سەرنووسەر : محمد امین محمد

● دووشەممە ٦ی شوبات ١٩٧٨ ژمارە ٤١٢ ●

هاوکاری

٨ لاپەڕە

٢٥ فلسە

سالی ١٩٧٠ دامەزراوە

شۆڕشی نەتەوەیی و سۆشیالیستی ، لە پال سەرکەوتن و نەهوەنیداو بەبێی تەبیعەتی بەگژاچونیا دژی ئیمپریالی کە هەمیشە رووبەرووی ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی ئابێ و بێویستە هەمیشە ئامادەو لەسەر پێ بێت .

سەرۆکی فەرمانده
احمد حسن البکر

● الاثنین ٦ شباط ١٩٧٨ العدد ٤١٢ ●

هيئة دور الثقافة الجماهيرية في السليمانية

جەماوەر، سلاو لە یادی ١٥ هەمینی شۆڕشی هەشتی شوبات و ٨ هەمینی دامەزراندنی سوپای میللی

پێك هێنانی لیژنەیەكی باڵا لە ناوچەی كوردستان بۆ ئاهەنگەكانی ١١ی مارت «ل٤»

لە بروسكەیەكدا بۆ سەرۆكی فەرماندەوەو بەریز صدام حسین:

لیژنەی شارەزایانی راگەیاندنی وڵاتانی خەلیجی عەرەبی ستایشی هەڵوێستی عیراق ئەكات

لیژنەی شارەزایانی راگەیاندنی وڵاتەكانی خلیجی عەرەب پێخۆشحالی وبەختیاری خۆیان بەرامبەر ئەو ریزلێگرتنو بەپیرەوەچونە دەربریوە كە لەلایەن كاربەدەستانی عیراقەوە لەكاتی كۆبونەوەیان لەبەغدا لێیانكراوە ٠

ئەمەش لەبروسكەیەكدایە كە ناردویەتی بۆ سەرۆكی فەرمانده بەریز احمد حسن البكر وە بەریز صدام حسین جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕشو دووپاتی كردۆتەوە كە بایەخدانی وڵاتی عیراق بە كۆبونەوەكانی لیژنەكە بوە هۆی ئەوەی لیژنەكە كارەكانی سەریكەوێو ئەمەش دەقی بروسكەكەیە :

بەریز سەروك مهیب احمد حسن البكر سەرۆكی كۆماری عیراق

بەریز صدام حسین جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش

ئێمە ئەندامانی لیژنەی شارەزایانی كۆنگرەی سێیەمی وەزیرەكانی راگەیاندنی وڵاتانی خلیجی عەرەب لە كۆشكی ئاشتی لە بەغدا كۆبونەتەوە ئەوبەری سوپاسو ریزی خۆمان بۆ بەریزتان رائەگەیەنین بەرامبەر ئەو چاودێری كردنە بێسنورەی دەولەتی عیراق لە كۆبونەوەكاندا بویەتیو بەرامبەر دڵفراوانی میوان داریتیو ٠ داخوازیمان بۆ عیراقی برا بە سەركردایەتی بر لەحیكمەتی بەریزتان بێشكەوتن بەرەسەندنە ٠

ئەندامانی لیژنەی شارەزایانی كۆنگرەی سێیەمی وەزیرەكانی راگەیاندنی وڵاتانی خلیجی عەرەب

شۆڕشی هەشتی شوبات زیندو كردنەوەی ناوەڕۆكی نەتەوەیی و دیموكراتیانەی شۆڕشی ١٤ تەموز بوو

رۆژی چوارشەممەی دادێ ـ دووسبەی ـ پانزە سالی تەواو بەسەر بەرپابوونی شۆڕشی نەتەوایەتی هەشتی شوباتدا تێپەڕێ هەر لە ئێستاوە جەماوەری گەلو رێكخراوەگەلیەكان خۆیان بۆ پێشوازی لەوبیرەوەریەو ئاهەنگگێران بەوبۆنە نیشتمانیەوە ئامادەئەكەن ٠

شۆڕشی چواردەی رەمەزان یەكەم تاقیكردنەوەی حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب لەعیراقدا بوو بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسیو رزگاركردنی وڵات لەدەسەڵاتی دیكتاتۆری تاكەكەسی ٠

ئەگەر چاوێك بەرۆژانی پێش شۆڕشی هەشتی شوباتدا بخشێنین دێتەوە بیرمان كە حوكمی تاكەكەسی قاسم چۆن شۆڕشی نیشتمانی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ لەرێبازی نیشتمانیو دیموكراتی خۆی لادابوو ، والەمەیدانی ناوخۆیبدا پرۆژەی لەجەماوەری گەلو هێزە پێشكەوتنخوازەكانی بریبووو لەمەیدانی نەتەوایەتیشدا پشتی كردبووە ئاواتە لەمێژینەكانی نەتەوەی عەرەب ٠ بۆیە ، وەك پێویستیەكی مێژوویی لێهاتبوو كە حیزبێكی نەتەوەیی و پێشكەوتنخوازی وەك حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب لێی راپەڕێو بەتێكدانی دامودەزگای دیكتاتۆری ناوەڕۆكی نەتەوەیی و دیموكراتیانەی شۆڕشی نیشتمانی تەموز زیندووبكاتەوەو كۆمەڵانی گەل لەچنگی حوكمی فەردی رزگاربكات ٠

شۆڕشی چواردەی رەمەزان قۆناخێكی تازەی لەمێژووی ژیانو خەباتی گەلی عیراقداكردەوە ، دەرەتانێكی لەباری بۆبەرەوپێش بردنی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی عەرەب پێكهێناو زەمینەیەكی باشی بۆ خەباتی جەماوەری نەتەوەی عەرەب لەپێناوی یەكێتیو سەربەستیو سۆشیالیزمدا ئامادەكرد ٠

شۆڕشی هەشتی شوبات سەرەڕای ئەو دۆخە نالەبارەی لەسەردەمەكانی پێشووەوە بۆی بەجێمابوو ، هەروەها بەپێچەوانەی هەڵومەرجی دژواری ناوخۆیی و عەرەبی توانی لەماوەی نزمانگ دەسەڵاتی خۆیدا هەنگاوی زۆرگەورە لەرێگای بووژاندنەوەی ئابووری وڵاتو گێرانەوەی حوكمی جەماوەری گەلو یەكخستنی هەوڵوتێكۆشانی عەرەب لەپێناوی رزگاریو یەكێتیدا بهاوێژێ ٠

هەرچەندە هێزە كۆنەپەرستو لادەرەكان بەكەلكوەرگرتن لەساوایی ئەو تاقیكردنەوە شۆڕشگێرانەیەو بەپشتیوانی ئیمپریالیزم توانیان لە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣دا بیلانە چەپەلەكەیان جێبەجێبكەنو جارێكیتر وڵات بخەنەوە دۆخی هەركەس هەركەسیو بی سەرەوبەرەیی یەوە ٠ بەڵام ئەمەلەلایەك زیاتر بوو بەهۆی دابڕانو گۆشەگیربوونی ئەوهێزانە لەلای جەماوەری گەلو لە لایەكی تریش بوو بەهۆی دەرسوەرگرتنی تێكۆشەرانی بەعسو زیاتر هانیدان بۆ خەبات لەپێناوی ئەوئامانجانەدا كەشۆڕشیان بۆ بەرپاكرابوو ٠

هەڵگەڕانەوەكەی تشرین پتر بوو بەهۆی سووربوونی تێكۆشەرانی حیزبی بەعس لەسەر درێژە پێدانی خەبات بۆ وەدیهێنانی ئامانجە دێرینەكانی نەتەوەی عەرەب ٠ ئەوە بوو لە ١٧ی تەموزی ١٩٦٨دا حیزبی سەركردە حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب بەئیرادەیەكی پتەوترو تاقیكردنەوەیەكی زۆرترە وەهاتە مەیدان تاكو بۆ

بروانە : ل : ٧

حكومەتی فێتنام نوێنەری هەمیشەیی خۆی لە كۆمەڵەی نەتەوەیەكگرتووەكاندا بانگ نەكاتەوە

حكومەتی فێتنام بڕیاری‌دا نوێنەری هەمیشەیی خۆی لە كۆمەڵەی نەتەوە یەكگرتووەكاندا بانگ بكاتەوە ، دوای ئەوەی كە ئەمەریكا وای نیشاندا كە گوایا بوونی نوێنەری ئەو وڵاتە لەوێ مەترسی بۆ سەر ئاسایشی ئەمەریكا پەیدا ئەكا ٠

ئەو هەواڵە دوێنێكە جێگری وەزیری دەرەوەی فێتنام رای‌گەیاندو وتی هەڵبەستنی ئەو جۆرە بوختانە بێمانایە دژی كۆماری سۆشیالیستی فێتنام ، كارنەكاتە سەر ئەو كۆشش و تەقەللایانەی كە بۆ دامەزراندنی پەیوەندكاری‌یەكی سروشتی ئەدرێن لەگەڵ ئەمەریكادا ٠

هەروەها وتی ئەمەریكا بەو رەفتارەی ، رێی لە نوێنەرەكەمان گرت كە بەشێوەیەكی سروشتی بە جێهێنانی ئەركی خۆیدا بەردەوام بێت ، ئەو كارەش هیچ نی‌یە تەنها هەوڵێكی سەرنەكەوتووانە نەبێ بەو نیازەی كە نەنگیو ناشیرینی بە كۆماری سۆشیالیستی فێتنام بگەیەنرێ ٠

سەركۆماری فەرەنسا سەر لە بۆن ئەدا

دوێنێ لەپاریس بڵاوكرایەوە كە سەرۆكی فەرەنسا فالیری جیسكار دیستان لەسەردانەكەی ئیمرۆكەی راوێژكاری ئەلمانیای رۆژئاوادا بۆ پاریس لەژمارەیەك لەمەسەلە ئابوورییو دەولەتیەكان ئەدوێ لەگەڵ راوێژكاری ئەلمانیادا ٠

وە وا راگەیەنرا كە مەسەلەی نزم‌بوونەوەی نرخی فرەنسایی‌و گیروگرفتە دارایی‌یەكان ، بەتایبەتی ئەوگیروگرفتانەی تووشی وڵاتانی ئەوروپای رۆژئاوا بوون لەومەسەلانەن كە لێیان ئەدوێن ٠

هەروەها سەرۆكی فەرەنسا بارو دۆخی ناوچەی عەرەبی‌و ئەومەسەلانەش كەبەلای هەردوو وڵاتیانەوە گرنگن لەگەڵ راوێژكاری ئەلمانیای رۆژئاوادا هیلموت شمیت باس ئەكا ٠

هاوڕێ دوكتور منیف الرزاز چاوی بەوەفدێكی رێكخراوی هاوكاری گەلانی ئەفرۆئاسیوی ئەكوی

دوێنێ ئێواره ، هاوڕێ دوكتور منیف الرزاز یاریدەدەری ئەمینداری گشتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست لەبارەگای سەركردایەتی نەتەوەیی چاوی‌كەوت بە وەفدی رێكخراوی هاوكاری گەلانی ئەفرۆئەسیوی بە سەرۆكایەتی دوكتور فاسوس لیساریدس جێگری سەرۆكی رێكخراوەكەو پێشەوای حزبی سۆشیالستی قبرس ٠

لەم چاوپێكەوتنەدا هاوڕێیان عزیز شریف سكرتێری گشتی ئەنجومەنی نیشتمانی ئاشتیو هاوكاریو جێگری سەروكی ئەنجومەنی ئاشتی جیهانو زهیر القادری یەریوەبەری مەكتەبی پەیوەندی دەرەوە لە سەركردایەتی نەتەوەییو چەند هاوڕێیەك لە ئەندامانی ئەنجومەن ئامادەبون ، هاوڕێ یاریدەدەری ئەمینداری گشتی حزب لەسەرەتادا بەختیر هاتنی وەفدەكەی كردو ئەهمیەتی ئەم جۆرە پێكەیشتنانەی هێزە پێشكەوتنخوازەكانی دووپات كردەوەو دەوری تێكۆشانی حزبی لە رادەی نەتەوەییو سەركردایەتی بزوتنەوەی شۆڕشی عەرەبیو دەوری لەو بەرپەچدانەوە بەدا روونكردەوە كە رووبەڕووی نەتەوەی عەرەب ئەبێ لە خەباتیا دژی ئیمپریالیو زایۆنیوو دواكەوتنو دابەشبوون ٠

هاوڕێ یاریدەدەری ئەمینداری كشتی وتی : سەركەوتن بەسەر ئیمپریالیدا لەم ناوچەیەدا سەركەوتنە بەسەر ئیمپریالیدا لە جیهاندا ئەم شەرە شەری ئێمە نیە بەتەنیا بەڵكو شەری هەموو هێزیكی دژ بە ئیمپریالیە ٠

هاوڕێ دوكتور الرزاز زیاتر وتی : لەسەرمانە وەك هێزی پێشكەوتنخواز پیشەكیەكانی تێكۆشانی داهاتومان دیاری‌بكەین‌و حزبمان حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست بایەخ بە هەموو كاروبارەكانی ئەم ناوچەیە ئەدات ٠

هەروەها وتی : ئیمپریالی نەخشەی ئەوە ئەكێشێ تا جموجوڵی هەموو جیهان بكرێتەوە بەڵام پیشەكی ئەدات بە رۆژهەڵاتی ناوەراست ٠

هاوڕێ الرزاز وتی : سەركردایەتی حزبو شۆڕش لە عیراق زۆر بایەخ بە رێكخراوی هاوكاری ئەدات‌و ئامادەكاتو بۆ ئامادەكردنی هەموو پێداویستەكانی رابەراندنی ئەركی سەرشانی ٠ ئەمەو جێگری رێكخراوی هاوكاری گەلانی ئەفرۆ ئەسیوی لە سەرەتادا باسی ئەو دەورە گەورەیەی كرد كە رێكخراوەكە لەرۆژانی بازیدا دژی ئیمپریالیزمو كۆلونیالیو زایۆنیو داردەستەكانی ئەیگێڕێو بەردەوامە لە پشتگرتنی هەموو بزوتنەوە رزگاریخوازەكانی دنیا ٠

وتارو رێپورتاجی تایبەت دەربارەی بیرەوەری شۆڕشی (٨) شوباتو دامەزراندنی سوپای میللی لە ل ٢ و ل ٤ بخوێنەرەوە ٠

ئارەزایی دەربڕین بەرامبەر كردەوە ئارەواكانی حكومەتی تونس

دوێنێ دادگای (جنائی)تونس فەرمانی بەندكردنی ١٧ قوتابی‌داوە ٠٠ حوكمەكەلە بەینی دوو ساڵو شەش مانگە ٠٠ ئەمەش لەبەرئەوەبوو كە قوتابیەكان لە خۆ پیشاندانەكانی بەشەناوخۆییەكانی قوتابیان كە ساڵی رابردوو لە ناوچەی‌باردو رووی‌دابوو بەشدار ببون ٠ ئەم خۆپیشاندانانەش‌داوای ئەوەیان ئەكرد كە بارو دۆخی ژیان لەو بەشانەباشتربكرێتو پارەی قوتابیانیش زیادبكرێت ٠

لەلایەكی ترەوە دادگای (الناحیه) لە تونس پایتەخت چەند فەرمانێكی تری داوە بۆ گرتنی ژمارەیەك لە كرێكارو قوتابیان بە تاوانی بەشداربوونیان لە رابەرینی چینی كرێكارانی تونس كە لە ٢٦ كانوونی دووەمی رابردوودا بەرپابوو و لەلایەن كەرتە میللی‌و جەماوەریەكانی تونس پشتگیری لێكرا ٠

لە هەمانكاتدا رێكخراوە سیاسیە عەرەبیەكان لە فەرەنسا بروسكەیەكی پشتگیریو یارمەتیان ناردووە بۆ یەكێتی گشتی كاری تونسو پیرۆزبایی خۆیان نواندووە بەرانبەر خەباتی جەماوەری عەرەبی تونس لە رووبەروو بوونەوەی ئیجراتاتی دەسەڵاتی تونسو راونانی چینی كرێكاران ٠ هەروەها پەیمانی خۆی ساغ كردۆتەوە بۆ

بروانە : ل : ٧

شای ئێران گەرایەوە تاران

دوێنێ شای ئێران گەرایەوە بۆ تاران دوای سەردانەكەی بۆ هیندستانو پاكستان ناوبراو لەم دوو سەردانەدا لەگەڵ سەرەك كۆمارو سەرۆك وەزیرانی هیندستانو كاربەدەستانی پاكستان سەبارەت بە دامەزراندنی بازارێكی هەرێمایەتی ناوكۆیی گفتوگوی كردبوو كە بازارەكە ئێرانو ئەفغانستانو پاكستانو بەنگلادیش بگرێتەوە ٠

سەرۆك وەزیرانی یەمەنی دیموكراتی كۆتایی بەسەردانەكەی ئەهێنی

بەریز صدام حسین جێگری‌سەرۆكی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش ، دوێنێبەیانی لەگەڵ بەریز علی ناصر محمد سەرەك وەزیرانی‌كۆماری یەمەنی دیموكراتی كۆبونەوەیەكی تری بەستوەلە چوارچێوەی ئەو گفتو گۆیانەی لە نێوان‌هەردوو وڵاتی برادا بە بۆنەی سەردانەكەی بەریزعلی ناصرموە بۆ وڵات دەستی پێكردبوو لەمكۆبونەوەیەدا دەربارەی باری ئێستای ناوچەی عەرەبیو پەیوەندی دووقۆتی عیراقو یەمەنی دیموكرات گفتوگۆكرا.

ئەوەی شایانی باسە دوێنێ نیوەڕو بەریز علی ناصر محمد سەرەك وەزیرانی یەمەنی میللی دیموكرات كۆتایی بەسەردانە رەسمیەكەی كە رۆژێكی خایاند هێناو بەرەو عەدەن كەوتە رێ ٠

بەریز علی ناصر محمد بەشێوەیەكی رەسمی لە فرۆكەخانەی بەغدا لەلایەن بەریز صدام حسین جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕشەوە بەرێكرا ٠٠ هەروەها گەلێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕشو زۆرەیەك لەوەزیرانو كارەبەدەستەكان لە بەریز علی ناصر بەمەوكبێكی رەسمی لەلایەن بەریز صدام حسینەوە بۆ فرۆكەخانەی بەغداو كاتێك گەیشتە ئەوێ خواحافیزی لەبەریزان ئەندامانی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕشو وەزیرەكانو سەرۆكی ئەركانی گشتی هێزە چەكدارەكانو ئەمینداری پایتەختو بارێزگاری بەغداو بەرێوەبەری گشتی پۆلیس كرد كە لە بەریكردنیدا بەشداریبوون ٠

لەدوایدا جێگری بەریزو سەرەك وەزیرانی یەمەنی میللی دیموكرات لەسەر تەختی سلاوكردن وەستانو ئینجا تیپی موسیقای پاسەانی شەرەف كە لەفرۆكەخانە وەستابوون تەفتیش كران ٠

لەدوای ئەوەی بەریز علی ناصر محمد وڵاتی بەجێهێشت بروسكەیەكی بۆ بەریز صدام حسین جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش لەوكاتەی كە وڵاتە براكەتان بەجێ ئەهێڵم لە كانگای دڵمەوە سوپاسی ئەو هەستە گەرمەی میوانداریتان ئەكەم كە بەرانبەرمنتان نواند لەوماوەیەدا كە لە بەغدا مابوومەوە ٠٠

هیوادارم هەمیشە لە خۆشیو شادیا بنو پەیوەندی دووقۆڵی كە هەردوو وڵاتی براو گەلەكەمان بەیەكەوە ئەبەستێت هەمیشە بەردەوام بێت ٠

براتان
علی ناصر محمد
سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانی كۆماری یەمەنی دیموكرات

وەزیری جەنگی دوژمن سەركەوتنی گفتوگۆكردنی خۆی لەگەڵ رژێمی سادات‌دا راگەیاند

وەزیری جەنگی زایۆنی دوژمن بڵاوی كردەوە كە كاروباری دووەم كۆبونەوەی لیژنەی هاوبەشی سەربازی لەگەڵ رژێمی سادات‌دا سەركەوتووبوو ٠ وایزمان لە كۆبونەوەیەكدا كە دوێنێ لە خاكی داگیركراودا بەستی ، حكومەتی زایۆنی دوژمنی لەوە ئاگاداركرد كە پێشكەوتنێكی ئاشكرای لە كۆبونەوەكانی هەفتەی پێشوودا لە قاهیرە بەدەستهێناوە ٠

هەروەها وەزیری جەنگی زایۆنی ئەوەشی ئاشكراكرد كە كە بەو زوانە گفتوگۆی لیژنەی هاوبەشی سەربازی دەستپێ ئەكاتەوە ، بەڵام هیچ وەختێكی بۆ دەستپێكردنەوەكە دیاری نەكرد ٠

سوپای میللی بەسەربەرزیەوە لەسەر زەمینەی یەكێتی نیشتمانی و یەكێتی خاك و چارەنوسی ئەوەستێت

لە هەشتی (شباط)دا پێش هەشت ساڵ یاسای سوپای میللی دەرچوو وەك یەكێك لە دەسكەوتە هەرە شۆڕشگێڕیەكان كە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لە قۆناغەكانی خەباتیدا باوەڕی پێهێناوە ، چونكە بەشداری كردنی هەموو كەرتەكانی میللەت لە رووبەروبونی هەرەشەو گۆڕەشەی ئەو لایەنانەی كە ئەیانەوێ بەرەنگاری پەرەپێدانو نەشونمای حزب بن لە كاتی خەباتی نهێنی ٠ هەروەها بەشدار بوونی تەواو لەبەرپاكردنی شۆڕشدا یەكێكن لە سیفاتە دیارەكانی شۆڕشگێڕیەتی حزبو پیرو باوەڕەكانی كە مەوقفێكی پڕ لە شانازی هەیە لە رێبازە شۆڕشگێڕیەكەی ٠ وە ئەو باوەڕانە تەنها نرخێكی تیوری یان نەبوو ، بەڵكو گۆڕەپانی خەبات شانۆیەكبوون بۆ قوربانی دان لە پێناو چەسپاندنی ئەو بیروباوەڕە ، كاتێ كە تێكۆشەرەكانی حزب لە بەرەبەیانی ١٤ی رەمەزانی ساڵی ١٩٦٣دا راپەرین بۆ ئەوەی مەوقعی ستراتیژی دیاری‌كراوی خۆیان بگرن ٠ هەروەها ئەم پێشەنگە لەبەرەبەیانی ١٧ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٦٨ لە تەك هاوڕێ سەربازەكانیان وەستان بۆ هێنانەدی ژیانێكی پڕ لە سەربەستیو كامەرانی بۆ جەماوەرو ریشەكێش كردنی سەرچاوەی خیانەتكاری ٠

ئەو شەپۆلە فراوانەی كە وڵات بە خۆیەوە ئەبینێ لە مەشق‌كردنی رۆڵەی گەل لە بەغدا پێشان ئەدرێت

بروانە ل ـ ٧

Institut kurde de Paris

لەهەشتەمین یادی دامەزراندنی سوپای میللی دا

شوباتی ١٩٧٠ بەسەرەتایی دامەزراندنی سوپای میللی دانەنرێ ، هەرچەندە زۆر لەوەپێشتر حزب باوەری چەکدارکردنی میللەتی بەیەکێك لەمەسەلە گرنگەکانی سەرخستنو پاراستنی شۆڕش داناوە ٠٠ هەروەها راپورتی هەشتەمین کۆنگرەی پارتی بەعسی عەرەبی سوشیالیست مەسەلەی دامەزراندنی سوپای میللیو مەشق کردنی زوربەی ڕۆلەکانی گەل لەسەر چەکئودروست کردنی جەنگاوەریکی بەتوانا بەیەکێك لە ئەرکەگرنگەکانی حزب دانەنی ٠٠

لەسەر ڕۆشنایی ئەم باوەڕە سەرکردایەتی حزبو شۆڕش لەماوەی ئەم هەشت ساڵەدا توانی تەشکیلاتی سوپای میللی لە هەموو پاریزگاکاندا دابمەزرێنێ ٠

سەربازانی سوپای میللی تازەترین مەشقو دەرسی سەربازی جەنگ فێردەکرێن لەلایەن ئەو پسپۆڕانەوە کە لە قوتابخانەی مەشق کردنی میللی دەرچوون ٠٠

لەم ساڵانەدا سوپایی میللی گەلێك مناوەرەی سەربازی کردوە بەسەرکەوتویی کە توانا و لێهاتووی خۆی سەلماندوە ٠٠

ئەوەی مایەی شانازیە کە ئافرەتان هاوبەشی یەکی چالاکانەیان لە دامەزراوەکانی سوپایی میللیدا هەیە بەتایبەتی لەم سێ ساڵەی دواییدا ٠٠

سوپای میللی تاقی کردنەوەیەکی بەنرخە

سەرجەمی تاقی کردنەوەی حزب هەروەکو لەراپورتی سیاسی هەشتەمین کۆنگرەی قوتری یدا هاتوە ، ئەوە دەرئەخات ئاواتی حزب لە دوارۆژی نزیك و دووردا لە عیراق و هەموو نیشتمانی عەرەبدا لە چوارچێوەی خەباتی هەموو گەلانی جیهاندا بەرەو گۆرکردنی ئیمپریالیزم و چەوساندنەوەی مرۆڤ دەروا ٠٠ لەبەرئەوە ئەم ئامانجە ستراتیژیە گرنگانە ، بەبێ دروست کردن و ئامادەکردنی گەلێکی چەکدار نایەتەدی ٠٠٠

بەبێ دانانی نەخشەیەکی زانیاری بۆ دامەزراندن و پێشخستنی سوپای میللی کە هەموو ئەوانە بگرێتەوە توانای هەڵگرتنی چەکیان هەیەو ٠٠ ئامادەنەکرێن بەوپەڕی هوشیاری نیشتمانی و نەتەوایەتی بۆ بەرگری کردن لە دەسکەوتەکانی شۆڕش لە هەموو کاتێکدا ، نایەتەدی ٠٠

بۆیە دەبێ بزانین

سوپای میللی چییە ؟

سوپای میللی ، ئەو سوپایەیە کە لەهەموو هاووڵاتییە نیرومییەکان پێك هاتوە کە توانای هەڵگرتنی چەکیان هەیە ، هەمویان یەك ئامانج و یەك بروان لە ڕێکخراوی سوپایی لەژێر یەك سەرکردەدا ئامادەن بۆ ڕاپەراندن و جێبەجێ کردنی هەموو ئەرکێك کە دەخرێتە سەرشانیان ٠٠٠

لە جیهاندا گەلێك ناویان ناوە لەسوپای میللی وەکو میلیشیا و پارتیزان و فیداکاران و پاسەوانانی سوورو پاسەوانی نیشتمانی ، بەڵام ئەمانە هەموویان بەپێی ڕێکەوتن نامەیەکی (جنیف) وەکو ئەندامانی سوپای نیزامی مامەڵە ئەکرێن ٠٠

سوپای میللی لەمێژوودا

جەنگی میللی یەکەم جار لە ٣٦٠ پێش زایینداە لەچین ڕوویدا ، بەڵام شێوە هاوچەرخەکەی لەجەنگەکانی پارتیزانە ڕووسەکان دژی نابلیون (١٨١٢) و جەنگەکانی پارتیزانەکانی ئەمەریکا دژی سوپاکانی ئیسپانیا دەرکەوت بەڵام بایەخی هەرە گرنگی سوپای میللی لە دووهەم جەنگی جیهاندا دەرکەوت دژی سوپاکانی هیتلەر لەوڵاتی سوڤیات و هەموو ئەوروپا هەروەکو لە ڕاپورتی ژەنرال یونو مارنکو فەرماندەری هێزەکانی پارتیزان دەرکەوت کە ئەم هێزانە لەماوەی دوو ساڵی جەنگی ڕزگاری دژی هیتلەر توانیان :

٣٠٠ هەزار سەربازی هیتلەرو هاوسوێندەکانی لە ناوبەن کە ٣٠ ژەنراڵو ٦٣٣٦ ئەفسەرو ١٥٢٠ فرۆکەوانیان تیادابوو ٠٠

هەروەها توانیان ٣ هەزار شەمەندەفەرو ٣٢٦٣ تانك و ١١٩١ زرێپۆش و ٤٧٦ فرۆکەو ٤٠٢٧ لۆڕیو ٨٩٥ جبەخانە ٠٠ هتد لەناوببەن ٠

وە لە یوگوسلافیا فیداکارەکانی مارشال تیتو ، هیتلەریان ناچارکردبو کە ١٧ فیرقە دەستەوستان بکەن بۆ بەرامبەرەکانی جەنگی گەلی فیداکارەکان ٠٠

هەروەها (ئایزنهاوەر) وەکو ژەنراڵێکی سوپای گوتی کردەوە بەنرخەکانی فیداکارانی فەرەنسا بە ١٥ فیرقەی سوپایی ناکرێ ٠٠

لەچین پارتی کومیونیست و ماو لە ١٩٢٠ـ١٩٥٠ جەنگی میللی کرد وە لە کوریای دیموکراتی ١٢ ملیون نفوسی هەیە توانیان ٩ ملیون کەس بخەنە ژێر چەکەوە تازەترین و بەنرخترین جەنگی میللی جەنگی گەلانی فیتنامو لاۆوس و کەمبودیا بوو دژی ئیمپریالیزم بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ ٠٠

وە لە کوبا کاستروی پاڵەوان کە بە ٨٢ فیداکار دەستی کرد بەجەنگ توانی سوپای پاتیستا کە ٥٠ هەزار کەس بوو بشکێنێ چونکە لەسەر نەخشەی شەری گەل خەباتی کرد ٠٠

لەوڵاتانی عەرەب ، جەنگی گەلی جەزایرو گەلی عەرەب لە عەدەن و یەمەنی خواردوو ، و جەنگی ئەمڕۆی گەلی فەلەستینو گەلی ئەرتیریا نموونەی بڕشنکدارن لەم چەشنە خەباتە چەکدارە کاریگەرە ٠

باوەڕی جەنگی میللی لەچی یەوە هاتوە ؟

لەبەر ئەوەی یەکەم یاسای هەموو جەنگێك وەدەست هێنانی سەرکەوتنە بەهەر چەکێك و بەهەر شێوەیەك بێت وە لەبەر ئەوەی کە جەنگ لە جیهانی ئەمڕۆماندا بۆ هەموو شتێك بەگیاندارو بێگیانەوە ، ئامانی نیە وە چەکی نۆی بە هەموو چەشنەکانیەوە ـ هەموو شتێك ئەگرێتەوە ، تەقاندنو کیمیایی و ئەتۆمی یەوە لەبەر ئەمانە ئەبێ هەموو تواناو زیرەکی کە سەرچاوەکەی (هەموو میللەتە) بخرێتە گەرمەی جەنگەوە بۆ وەدەست هێنانی سەرکەوتن وەمەرجی هەرە سەرەکی ئەمجەنگە ئەوەیە کە یەك سەرکردەی هەبێ و ئامانجێکی ڕەواو پیرۆزی وای هەبێت هەموو گەل باوەڕی پێهێنابێ ٠٠

سوپای میللی لە عیراق

سەرکردەی شۆڕش ١٧ـ٣٠ تەموزی پێشکەوتن خوازو پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست دامەزراندنی

بروانە ل ـ ٧

« شۆڕش ، لە جەنگی سەرفرازیدا ، پێویستی بە تەجنید کردنی هەموو ڕۆڵەکانی میللەتە ٠٠٠ پێویستی بە ئێوەو بە هەموو هاووڵاتییەکی بەشەرەفە بۆ بەرگری کردن لە دەسکەوتەکانی لە سەر بەخۆیی و یەکێتی نیشتمان ٠٠ لاوە چەکدارەکان دەورێکی گرنگیان هەیە ، نەك تەنها بۆ پشتگیری کردنی هێزەچەکدارەکان بەڵکو لە سەر یشیانە ئەرکی پیرۆزی خۆیان بە تەواوی جێبەجێ بکەن بۆ پاراستنی دەسکەوتە دیموکراتی و پێشکەوتنخوازەکانی شۆڕش ، کاتێك کە سوپای نیشتمانی لە دەرەوەی سنور لە جەنگی پاراستنی سەربەخۆییماندا ئەبێ » ٠

سەرۆکی فەرماندە
احمد حسن البکر

« باوەڕێکی قووڵمان بە توانای جەماوەری عەرەب هەیە بۆ بەر بەرەکانێ پەلامارداناوەی ئیمپریالیزم ، وبو خەباتکردن دژی زایۆنی دوژمنو هێنانەدی دەسکەوتی تازە لە ڕێرەوی پێشکەوتن بەرەو یەکێتی ٠

سەرۆکی فەرماندە
احمد حسن البکر

« ئەو کەسەی توانای خۆیی نەبێ بۆ بەرگری کردن لە خۆی ، کەس نیە جێگای پڕبکاتەوە لە جەنگی بەرگری کردنو خۆپاراستندا »

هاوڕێ تیکۆشەر
صدام حسین

پوختەیەك لە دەسکەوتەکانی شۆڕشی هەشتی شوبات

هەر چەندە ماوەی نۆمانگ لەژیانی گەلێك و وڵاتێکداو بۆ بەجێ گەیاندنی ئەرکە نیشتمانیەکانو پێك هێنانی ئاڵوگۆڕی ئابووریو کۆمەڵایەتی لەوڵاتدا ماوەیەکی زۆر کورتە ، بەڵام شۆڕشی هەشتی شوبات سەرەرای ئەو دۆخە شپرزەیەی لەحوکمی دیکتاتۆریو تاکە کەسی بۆی بەجێ مابوو هەر لەو ماوە کورتە داتوانی زۆر سەرکەوتنی بەرچاو لەمەیدانی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیدا بەدەست بێنێ ، کە لەخوارەوە پوختەیەکیان ئەخەینە بەرچاوی خوێنەرە بەڕێزەکان :

● ڕۆژی ١٠ی شوباتی ١٩٦٣ حکومەتی شۆڕش ڕایگەیاند کە عیراق پابەندی هەموو پەیمانو بەڵکەنامە نێو دەوڵەتیەکانەو بەتوندی بەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان جێبەجێ دەکاو هەوڵ دەدا بۆ پتەوکردنی هاوکاریو هاودەردی نێوان وڵاتانی عەرەبی ٠

● **لەسەرەتای مانگی ئازاردا ئەنجومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش لەبەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند کە شۆڕش سوورە لەسەر ناوبردنی شوێنەوارەکانی حوکمی تاکەکەسیو چەسپاندنی هاوبەشی هەموو هاووڵاتیەکان لە نیشتمانی هاوبەشیاندا و دەستبەسەر کردنی مافەکانی گەلی کوردو چاودێری کردنی چینی کرێکار بەچەشنێکی کاریگەرو تەواو ٠**

● لە نۆی ئازاردا ئەنجومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی لەبەیاننامەیەکدا **مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کوردی** لەسەر بناغەی لامەرکەزی بەسندکردو ڕایگەیاند کە ئەمە ئەخرێتە ناو دەستووری کاتی و دەستووری هەمیشەییەوە ٠

● لەحەفدەی ئازاردا قانوونی لێبوردن لەو کوردانە کە بزووتنەوەی چەکدارانەیان لە ناوچەی ژوورووداە بەرپاکردبوو ، لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاوکرایەوە ٠

● **لەبیستو چواری مانگدا لیژنەی بەرزی چاکردنی کشتوکاڵ لایحەی دەسکاری کردنی قانوونی چاکردنی کشتوکاڵو لایحەی دەسکاری کردنی قانونی دەس بەسەراگرتنی خاکی زیاد لە ڕادەی دیاری کراوی ٢٣١ خاوەن ملکی پارێزگاکانی دیالەو نەینەواو هەولێرو سلێمانیو بابلو قادسیەی پەسندکرد ٠**

● لە نۆی نیساندا ئەنجومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش لە بەیاننامەیەکدا دامەزرانی لیژنەیەکی ڕاگەیاند بۆ سەیرکردنی مەسەلەی ئەو کەسانە کە دوای شۆڕشی هەشتی شوبات لەخزمەت دەرکرابوون ٠

● **لەسێی ئەیاردا وەزیری نەخشەکێشان ڕایگەیاند کە نەخشەی ئابووری تازە زیاتر لە سەرپرۆژەکانی بەرهەم هێنان لە مەیدانی پێشەسازیو کشتوکاڵداو لەسەر دابین کردنی شتومەکی خواردەمەنی بۆ هاونشتمانیان ساخ ئەبێتەوەو پرۆژەکان بەسەر هەموو ناوچەکانی وڵاتدا دابەش دەکرێن ٠**

● لە حەوتی مانگدا وەزیری پیشەسازی پرۆژەکانی وەزارەتی بڵاوکردەوەو ڕایگەیاند کە پرۆژەکانی وەزارەت زیاتر لەسەر پیشەسازی بۆلاو پیترو کیمیاویو کاغەزو زبلی کیمیاویو کەرەستە کشتوکاڵی یەکان ساخ دەبێتەوە ٠

● لەبیستو سێی مانگدا ئەخشەیەکی تازە دانرا بۆ دابەشکردنی زەوی بەسەر جووتیاراندا کە ئەوەشی لەبەر چاو گرتبوو کە لەسەردەمی قاسمدا زەوی بەچەشنێکی خراپ دابەش کراوە ٠

● لەیەکی حوزەیراندا ئاهەنگێکی جووتیاری لە ناحیەی (فجر) بەرپاکرا کە لەودا زەوی بەسەر ١٢٠٠ جووتیاردا دابەشکراو وەزارەتی چاکردنی کشتوکاڵ ڕایگەیاند کە لە ماوەی مانگێداو تەنیا لە دوو پارێزگادا دەست بەسەر ٥٨ هەزارو ٣٧٣ دۆنم زەویدا گیراوەو ٣٤ هەزارو ٣٨ دۆنم زەوی بەکرێ دراوە بە ١٦٦١ جووتیار ٠

● لە هەشتی ئەو مانگەدا بەرێز سەرەك وەزیران (سەرۆك احمد حسن البکر) ڕایگەیاند کە وەزعی دارایی یمان جێگای دڵنیاییەو پرۆژەکان ڕێگای جێبەجێ کرانیان گرتۆتەبەر ٠

● لە حەوتی تەموردا وەزارەتی پیشەسازی ڕایگەیاند کە دەستکراوە بە دامەزراندنی کارگەیەکی ڕێسو تەنراوی لۆکەلەکوتو کارگەیەکی چاکردنەوەی میکانیکیو جیولۆجی لە بەغدا ٠

● **لە چواردەی تەموزدا کۆماری عیراق ئاهەنگی جەژنی نیشتمانیی ڕاو « سەرۆکی تێکۆشەر احمد حسن البکر » لەو تاریکی گرنگدا ڕایگەیاند کە شۆڕشی چواردەی ڕەمەزان سەقامگیر بووەو دامەزرانی سێ هەزار گوندی نموونەو چەند پرۆژەیەکی پیشەسازیو کشتوکاڵی ڕاگەیاند ٠**

هەروەها ئەنجومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش لە بەیاننامەیەکدا کە هەموو خێزانێکی هەژاری عیراقی پارچە زەوی یەکی بەخۆڕایی دەدرێتێ و کرێخانووی ٢٥٪ کەم کردەوە ٠

● لە بنجی ئابی ٩٦٣ بۆ یەکەم جار کارەبا گەیشتە لادێکانی پارێزگای کەربەلاو بابلو ٧٣٠ بیری ئیرتیوازی لە بیابانەکانی شیمالو جنوبدا لێدرا ٠

● لە سێی ئەیلولدا بڕیار لە سەر جێبەجێ کردنی پرۆژەیەکی ئاودێری تازە درا بۆ زیندووکردنەوەی ٦٠ هەزار دۆنم زەوی ٠ ئەو پرۆژەیە (پرۆژەی عەباچی) بەرێز سەرۆك احمد حسن البکر بێشنیاری کردبوو ، هەروەك پیشتریش پرۆژەی (کرزیە)ی پێشنیار کردبوو ٠

● لە پێنجی تشرینی یەکەمدا ١٦٠٠ پارچە زەوی لە قەزای شەنگار بەسەر وەرزێراندا دابەشکرا ٠

● لە هەژدەی مانگدا سەرۆك احمد حسن البکر بەبۆنەی کرانەوەی ڕێکخراوی نیشتمانیەوە نە کوت سەربەرشتی ئاهەنگێکی جەماوەری کردو لە وتاری خۆیدا ڕایگەیاند کە (تەنیا گەل هەقی هەیە کاروباری خۆی هەڵسوورێنێ و شۆڕش بروایەکی نەگۆڕاوی بەسەر کردایەتی هەرەوەزی و ڕێکخراوی گەلی هەیە) ٠

● لە نۆزدەی مانگدا کاربەدەستە نیشتمانیەکان پێلانێکی کۆنەپەرستانەیان سەرکوت کرد کە دەیویست

بروانە ل ـ ٧

لە بیرەوەری « ١٥ » مینی بەرپابوونی شۆڕشی هەشتی شوباتی نەمەر

کاتێ شۆڕشی (١٤)ی ڕەمەزانی نەمر لە ئەنجامی خەباتێکی توندوتیژ بەرپا بو کەحزب دەیەها تێکۆشەری لە سێدارە درازو خرانە بەندیخانەشۆڕش بەرەو ڕوی بارێکی زۆر ناخۆش و موعاناتێکی جەوهەری بوو وە لە دیارترین سیفەتەکانی تیژبونی کیشەوشەری سیاسی بوو لە نێوان بزوتنەوەی نیشتمانی لەوڵاتدا هەر وەها بەدرێژایی گۆڕەپانی عەرەبیو بەهاوکاری ئیمپریالیزمی جیهانی کۆنەپەرست سەری هەلدا ئامانجیش لەمە سەرەولێژ کردنی شۆڕشو هێزە پێشکەوتنخوازەکانی وەهەلوەشاندنەوەی دەستکەوتە خەباتیەکانی بوو ٠

شۆڕشی (١٤)ی ڕەمەزان ئامانجی لادانی حوکمی قاسمی دکتاتۆری بەرپا لە پێناو ڕزگارکردنی جەماوەری گەل لە ڕاوناو ناوچەگەری ئەو وەختەدا شۆڕش زۆر بەتوندی لە کۆنەپەرستی عەرەبیدا کە هاوکاری لە گەڵ کۆنەپەرستی جیهانیدا ئەکرد ٠٠ شۆڕش ڕێرەوێکی تازەو پێشکەوتوی کاری خەباتی میللی هێنایە کایەوە بەئامانجی بەکگرتنی پێشرەوە شۆڕشگێڕەکان بێگومان ئەوش پاڵی بەهێزەکانی دژ بە شۆڕشەوە تا کە بریتین لە بەکریگیراوو کۆنەپەرستو ڕاستگەریەکان کە بەگوڕ کار بکەن بۆ دواکەوتن لە سەرەو لێزکردنی شۆڕش پەیڕەوی گردبوونەوە وچونە ناوەوەیان گرتەبەر بۆ ئەوەی بەرزترین بنکەی دەسەلات بەدەستەوە بگرن ٠

وە لە ڕۆژی (١٨) تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٣ وە پاش تێپەڕبونی نۆ مانگ بەسەر شۆڕش وە لە ئەنجامی سەر هەلدانی زروفی مەوزوعیو هۆیەکانی زانی هەڵگەراوە قین لە دڵەکان توانیان پیلانە بۆ گەنەکەیان جێبەجێ بکەنو شۆڕشی چواردەی ڕەمەزان بڕوخێنن و لە ناوەڕۆکە ئەتەوایەتیو پێشکەوتنخوازەکەی و ڕێنوێنە مللیەکانی خەنەوە ، پاش ئەم هەڵگەڕانەوە ڕەشە سەردەمی پاکژ کردنی دەستکەوتەکانی میللیو هەنگاوەکانی یەکێتی کە شۆڕش سەرەڕای کورتی تەمەنی وە دەستی هێنا بو دەستیێ کرا ٠

وە هەڵگەڕاوەکان دەستیان کرد بە ڕاوناو ئازاردانی تێکۆشەرانی بەعس کە زۆر پاڵەوانانە بەرهەڵستی ئەم پیلانەیان کرد وڵات بوە بەندیخانەیەکی گەورە بۆ قارەمانانی جەماوەری عیراق ٠٠ هێزی هەڵگەڕاو سەر ئەکەوێ بەڵام بەرناگرێو سەرکەوتنیش ناپارێزی چونکە جوڵانەوەکەی دژواری بزوتنەوەی هێزوو سروشتی ئەو یاسایەی کە حوکمی ڕیبازەکەی ئەکات ٠

بۆ ئەوەی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی بەسەر ئۆچدانەکانی داکشێو سەرکەوتنی تەواوی خواستەکانی لە گەڵ هێزی هەڵگەڕاووە دەستبێنێ بەرپرسیارە لە دەربازبوونی هەڵەکانیو جارەسەرکردنی گیرۆگرفتەکانی ناوخۆ بە شێوەیێکی بنەڕەتیو مەبدەئی ئەمەش تەنیا یەکەمیان بەسوود وەرگرتنێکی تەواو لە تاقیکردنەوەکانی دووەمشیان لە تاقی کردنەوەکانی بزوتنەوەی شۆڕش گێڕی کە تۆشی بەزین بوونە ٠

حزب پاش هەڵگیرساندنی شۆڕشی گەلاوێژی ساڵی ١٩٨٦ دووپاتی تێکەیشتنی تەواوی تاقیکردنەوەی ڕەمەزانو ئاسنامەی نەتەوایەتیو سۆشیالیستیو مرۆڤایەتیو دەوری ڕابەرێتیو پێشرەوی شۆڕشو جەماوەری کردوە ٠

هەروەها لە کارکردندا بەسەر دۆخی کاری بێ نەخشەو لابەلایی دا داکشاو پرۆگرامێکی دوورو درێژی لە ڕێگای گۆڕینەکانی بنەڕەتی لە کۆمەڵو دەوڵەتدا دانا ٠٠

شۆڕشی (١٧)ی گەلاوێژ گرنگیەکی زۆری ڕزگاریو دیموکراتیو سوشیالیستی بنەڕەتی جێبەجێ کرد هەروەها کۆمەڵە سەرکەوتنێکی مێژوویی گەورەی وە دەستهێنا وەك تەواوکەرێك بوو بۆ ئەو دەستکەوتانەی کە لە ڕەمەزان ئەیویست جێبەجێ بکات ئەگەر سەرەو لێژنەکرایە کە لەمیان ئاسنامە نەتەوایەکیو سۆشیالیستکەی دووپاتی کردەوە ، ئیمڕۆش بنکەیێکی شۆڕشگێڕی لە گۆڕەپانی عەرەبی پێك ئەهێنێ کە بزوتنەوەی عەرەبی بتەوو بەهێز ئەکاتو لایەنگیری بەردەوامی خەباتی ئەکات دژی ئیمپریالیزمو سەهیۆنیزمو کۆنەپەرست ٠٠

سەلاو بۆ کیانی پاکی شەهیدانی ڕەمەزانو تشرین ٠٠ سەربەرزیو نەمری بۆ حزب کە ڕابەرێتی ڕێبازی گەلاوێژ ئەکات ٠

اکرم محمود سمین

Institut Kurde de Paris

خۆشی‌و بـــــه پیتوبەرەکەتی چـەم چوفرەکانی کوردستانو سازگاری ئاووهەوایو دلگیری دیمەنـــە جوانە رەنگینەکانیو بـــوونی‌جۆرەها رێکەوتی سروشتی تر کە خۆیان لە خۆیاندا بوونەتەهەوینو هەوتنی ئاســۆیێکی رۆشنبیری‌و خوێندەواری‌یان‌کردوە ، هەروەها بوونەتە تـا رادەیێك جۆرە بەربەستێك یاداوو دەرمانێك بۆ بەربەســت کردنی جۆرەهای ئـــــەونەخۆشیانە کە هەمیشە وەك تەمێکی رەش‌و چڵکن بوون بەسەر خـــاکی کوردستانەوەو پێزی بەرو بوومەکەی بێ هێزوکەم پیت کردوەو جـــۆرەها دەردو دژی تری ئەوتـــۆی‌خستوەتەوە کە چارەســـەر کردنیان وەختێکی زۆر دەبەنە سەر ...

خەلیل منەووەر

محەمەد ئەمین هەورامانی

یەکێ لـــــەو دەردو دژە نالەبـــــارانە ، کـــــەمی خوێندەواری‌یو بڵاو بوونەوەی نەخوێندەواری‌یو بێ سەوادیی بووە لە نێو ئـــەو جەماوەری خەڵکە کە بە هۆی نەبـــوونی مەلبـــەندی خوێندەواری‌یو خوێندنگەوە جـــگە لـــــە تـــاکو تـــەراکێ نەبێ رووی داوە . خۆ ئەگـــــەر یەکێك ئازاو بلیمەت بوایـــەو بەرگەی هەموو شـــــتێکی بکردبایەو خۆیشی هێزێـــکی تایبەتی‌ی پالێوەنەری بـــۆ خوێندەواری‌ی تیا بوایەو زۆر توانای کێشانی تەقاو رەقـای هەبوایێ ، خانەقاو مزگـــەوت بگەڕابایە بە شوێن پەیـــدا کردنی (سەواد)دا بۆ ئەوەی بە (کوێری) نەمێنێتەوە و ببێتە (سەواد)دار !!

وا ، بووە ، بۆیە خـــاوەن قاقەزێ ، دێهاتەو دێهـــاتو ئاوابی بە ئاوایی گەڕاوە بـــە شوین مەلایێك یا میرزایێكدا ، بۆ ئەوەی قاقەزەکەی بـــۆ بخوێنێتەوە !! ئەمە ئـــەبێ ئەوەش بزانین کە زوربەی ئەو میرزا و مەلایانەی ئەوســـای کوردستان خزابوونە ئـــەو دێهاتە گەورانەی کـــــە خەڵکەکەی هەمیشە نیشتەجێ بوون ، خۆ (رەوێـــل)ەکان زۆر بێ‌بەش بوون لـــــەم رووەوە !!..

جا بەم پێیە ، ئەو کەسەی کە ئەیەوێ بگەڕێ بە شوێن کەلـــەپووری نەتەوایەتی‌دا . ئەبێ بەبێ بەروا یەکسەر بروا بگەڕێ بە شوێن کەلەپووری مەلاو میرزاکانی چەرخـــەکانی پێشـــــوودواو شوێنەواریان بدۆزێتەوە بـــــە تایبەتی‌ی شوێنـــــەوارە دینی‌یەکان ، خوێندنگە دیرینەکان لە نێو توێکانی کتێبـــە دینی‌یەکانو بەیازو رازە کۆنەکانیاندا بۆ فراز کردنیان لە چنك قەپالی تۆزو خۆڵو خولی بێ‌ئامـــانی چەرخ .

ئەم ماوەی چەند ســـالە دواینە ، بە بۆنـــــەی ئەوەوە کە خوێندەواری‌ی زوربـــەی خەڵکەکەی کوردســـتانی گرتۆتەوەو ئەدەب دۆســـتان وێژە پەروەران رووبان لـــــە زیادی‌یو پەرەسەندنەو بۆتـــە هۆی جماندنی کارو گـــورج‌و گـــۆڵی دۆزینەوەو پشکنین ، بۆیە ، هەرخوێندەوارێکی کورد هەرچی شتێکی دەسکەوت کە بەیوەندی بە کەلەپوورەوە بێ دەست‌بەجێ ، بە زووترین کات دەیگەیێنێتە جێگایێکی ڕەوا بۆ بڵاوکردنـــــــــەوەی و بەرچاوخستنی !

ئا لەم ئاخرو ئۆخری ساڵی (٧٧)ەدا ، برادەری بەرنامـــەی هەورامانی ، شیعر دۆست ، هـــەردەوێل ـ (طالب نجم) هەندێ پارچە شیعری (خەلیل منەوومر)ی بۆ ناردوین ، ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی کە بیر لەو (خەلیل منەوومر)ە بکرێتەوە کە چەند ساڵێك لەمەوبەر لـــە لایەن مامۆستا (نەریمان)ەوە لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە (١٦)ی ساڵی ١٩٧٤دا کورتە باسێکی ژیانی‌و چـــــــەند نموونەیێ لە شیعرەکانی بڵاو کرابەوە کە ئەمەش بێگومـــان سوودی تایبەتی‌ی خۆی هەیـــە بۆ ئەوەی بزانرێ (خەلیـــل منەوومر) دوانن یاخود یەکێکە ئەمە لە لایێکەوە و لـــــە لایێکی‌تریشەوە زۆر ســـوود بەخشە بۆ پشکێنەرو کـــاری پشکنین‌و دۆزینەوەو توێـــژ هەڵدانەوە دەربـــــــارەی سەرگوزەشتەی ژیـــــانی و روخســـــــارو ناوەرۆکی بەرهەمەکانی رواڵەتو دیمەنو سیفەتی ئەو چەرخەی تیایـــا ژیاوەو گەردوو لوولی بووە بـــە ئەستێوە !!

ئەوەی کە (طالب نجم) دەربـــــارەی سەرگوزەشتەی ژیانی (خـــــەلیل منەوومر) ناردوویەتی ، ئەمـــــــــــــــە چەوەمەرە کەیەتی :

« مەلا خەلیل » کـــوری (ئەحمەد) کوری (خەلیل)ەو لە هۆزی کاکەیی‌یەو نازناوی (منەوومر)ەو زۆر جـــاریش شیعری بە ناوی (میـــرزا خەلیل)ەوە بە زمانی عارەبی‌و فارسی‌و تورکی وتوە ، بـــەلام شیعرە کوردی‌یەکانی بـــــە شێوەی (گۆران = هەورامانی = ماچۆ) یە ... » هەروەها لە نامەکەیا دەڵێ : « لـــــە نووسین‌و خوێندن‌دا دەستێکی باڵای هەبووەو خۆش نووسیش بووە ، لە ساڵی (١٢٧٢)ی کۆچی کە بەرامبەری (١٨٨٥)ی زایینی دەکات لە دایك بووە ، منال بووە ، باوکی کۆچـــی دوایی کردوەو دایکی بـــــە هەژاری بە خێـــوی کردوەو ناردوویەتی لای مەلا بۆ ئەوەی بخوێنێ خوێندن تـــــەواوبکات ، لە تەمەنی (١٤) ساڵی دایکیشی کـــۆچی دوایی‌دەکات . (خەلیل) بە باوان چۆڵی‌و نامرادی خوێنـــدنی‌مەلایی تەواو دەکات‌و ئیجازە وەردەگرێ .

مـــــەلا خەلیل سێ ژن‌دەهێنێ ، یەکەمیان (مەینج) کچی ئەحمەد دەبێ ، ئەم ژنەی‌سێ منالی دەبێ ، پاش ئەوەی کە سێ منالی لێی دەبـــــێ‌دەمرێ‌و ئەم منالانە بێ دایـــك دەمێننـــــەوە بەســـــەر (خەلیل)ەوە ، پاش ماوەیێك ژنی دووەمی کە نـــــاوی (نارنج) کچی (طلعت) دەبێ دەبەهێنێ ، ئەمیشی لـــە پاش (٢٠) مانگێ پاش گوێزانەوەی دەمرێ ، پاش مردنی ژنـــــی‌دووەمی بە دوو ساڵ ژنـــــی سیێەمیشی دەهێنێ‌و ناویشی (بەریخان) دەبێ ، یێـــکەوە ئەژین تاســـــالی گرانیەکەی(١٩١٧) سێ منـــــالەکەی‌و ژنەکەی کۆچی دوایی دەکەن..

مەلا خەلیل ، ماوەیێکی زۆرلە کفری بە دەرس وتنەوەی قوتابیانەوە بردوەتە ســـــەرتاوەکو ساڵی (١٣٥٩)ی کۆچی بەرامبەر بە (١٩٣٩) زایینـــی‌کۆچی دوایی دەکات .

(میرزا خەلیل) بە زاری‌گۆران شیعری وتوە و لـــــە زمان‌و ناوەڕۆکی شـــیعری‌داوەهەستو ســـــۆزو ئاوازەی‌دا سەری لەگەڵ مەلای رەنجووری‌وەلی دێوانەدا نەکردوە !!

ئەم شیعرانەی (خەلیـــــل‌منەوومر) کە ئێستا حاڵـــی حازر لەبـــــەر دەستمان‌دایە ،جیاوازیان لەگەڵ ئەوانـــــەی بەیان‌دا لە رووی زمـــــانەوەزۆرە ، بە تایبەتی‌ی ئـــەوان وشەی شێوە سۆرانی زۆریان‌تێدایە ، بەڵام ئەمانەی ئێرەی بە زاری هەورامانی گـــۆڕن ، ئەمەش نموونەیەکە لەوانە ، کە لەکاتێکدا ئەیهۆنێتەوە کـــەژنەکەی مردوەو سێ منالی بۆ بەجێ هێشتوەو زۆر دەسەباچەبووە :

بێکەس خەدەنگێ پەی یانەم‌شانا
بڕیش جەرگ حەریم منش‌هاست تەنها
حەریم کۆچش کەرد کۆچی‌یەکجاری
چەمم کەرد لێلاو هووناو بی‌جاری
یاران بەیدێوە بوینـــــدێ ئەحوال
پەرێ من هاستەن کورپەسێ (اطفال)
شەو هەتا سەبا ، سەبا تائێوار
هەر سێ ئایلـــم مەکرەوان‌وەزار
جە ماوای کفری هیچ کەسیم‌نی‌یا
بەیۆ وە فریـــــاد بکەروم‌ئەحیا
ئانە خاستەرمن نەی شارکۆچ کەری
پەی نام کاکەییان زوو هانابەری
چونکی قەومو خێش نـــەرووی تەنگانە
پەرێ لێ‌قەومان براو باوانە
یاخوا کەس وێنەم پەرێشان‌نەبۆ
یانەش وەك یانـــەم کەلاوەنەبۆ
یاخوا کەس وێنەم بێ وەتەن‌نەبۆ
بێ دۆس‌و مەحبووب وە بێ‌خێش نەبۆ
یاخوا کەس وێنەم دل بیمارنەبۆ
مەخبورنو مەلوول وە بـــێ‌بوول نەبۆ
یارەب کەس وێنەم بێ باوان‌نەبۆ
دەروەدەر شـــــاران دەس‌ئەغیار نەبۆ
یارەب کەس وێنـــەم دەس‌شکیا نەبۆ
وە دەس زالمـــان گیرۆدە‌نەبۆ
یاران بەختەکەم تاکەی لارمەبۆ
هەتا کەی جەنام زرێبـــارمەبۆ
داخۆ بەختەکەم تاکەی تارمەبۆ
بێزار جە خانە رۆ جـــــەهەرد مەبۆ
خەلیل هەتا کەی جەنام غارمەبۆ
وێڵو هەراگێل بێ رەهبەرمەبۆ
واتای هەندێ وشە

بێکەس : بە مانای خوایە
خەدەنگ : واتای (تیر)ئەدات
شانا : وەشـــــانی ،هاوشتی
حەریم : مەبەســـــتی‌خێزانەکەیەتی (ژنەکەی دایکی منالەکانی) .
کۆچش : کۆچی
چەم : چاو
لێلاو : لێل بوو ، تێکچوو ،داهات
هووناو : خوێناو
بەیدێوە : وەرنەوە
بویندێ : ببینن
ئایلم : مەبەستی سێ منالەکوربەکەیەتی کە لەپاش کۆچی دوایی ژنەکەی بە جێ ماون
مەگرەوان : دەگرین‌و زاری‌دەکەن
ماوای‌کفری : لـــــە خاکی(کفری)یا
ئەحیا : لێرەدا (هەرچەندەوشەکە عارەبی‌یە) مەبەستی کردنەوە سەرە ، سەرلێدانەوەبەتانگەوە هاتنە .
کۆچ‌کەری : کۆچ بکەی
پەی‌نام : بۆ ناو
خێش : واتای دوســـــتوخوێش دەدات
کەلاوە : بـــــە پاشماوەی‌خانوێکی رووخاو دەڵێـــــن (کەلاوە) ئەمیش مردنـــــی‌ژنەکەی وەك خانووەکەی کاول کرابێ‌وایە ، لـــــە ڕاستی‌دامالەکەی وێـــران کردوە ، چونکە (مالو ژن) و (ژن‌ومالیان) وتوە مالی بێ‌ژن وەك کاولە کۆن وایە ، بەم جۆرەباوە لە نێو کوردەواری‌دا .

ئاخ ئەم شەو چەند دڵتەنگی

بەتەنهایی دەڵێیت گۆڕی !
ئەولاشەتە لەپیرماوە ؟
ئافرەتە شێتە ئالو والاکە
تەنانەت ئەویش پێت قایيل نەبوو !
کە تیاتا بنوێت
ئاخ ئەمشەو چەن دڵتەنگی !
بخۆرەوە .. بخۆرەوە .. تا ئەمەژێیت
شەو وەکو مەرگ نەسازاوە ..
ئەم‌گۆڕەش رێی ریبوار دەگرێت
ئەم‌گۆڕە شایانە بڕمێ !
بخۆرەوە .. بخۆرەوە .. تا ئەمەژێیت
یاوەك سووتووی جیگەرەیەك ،
لەنێوان قامکی لەرزۆکی بەحەسەتێکدا
هەڵدەوەرێیت !
کەزیاتر لە ئەستێرەی شەو
لەمەیخانەدا دای دەکوتێ !!
ئاخ ئەمشەو چەن دڵتەنگی
بەڵام هەرگیز تۆ نابەزیت باوەڕت‌بێ !
شادمانی حیسابی گشت سەرخۆشێکی بڕاندەوەو ،
تۆیشی گرتە ژێر ئاڵای خۆی
وەك بەدمەستێك ، یا وەك گۆڕێك
لەسەیوانا ..
ئەوسەربەرزی‌یەت بەدڵ‌نییە ؟!
لەخۆم چاکتر تۆ دەناسم
« گاجۆتان » و ملەی « ئەزمر »
« ژاژلە »ی بووکی رازاوە ،
« قامیش » ، بەرزیی لووتکەی شاخی
بەخۆرکەییو !
لە خۆم چاکتر تۆ دەناسم
هاتیتە خەوم شەوێ
تارمایی خەڵکی ئەم ژوورەم
هەموو ئەدین
دەدوان .. شتیان لەبیردەچوو ..
رایان دەبوارد !
لەم ژوورەدا هەموویان دین « رامۆن » بوون !
من داوای لێ‌بووردن دەکەم
بەڵام شەو وەك مەرگ نەسازاوە
کەواتە من ئەم ژوورە بەشایەت دەگرم
کە لە سەیواندا بمێنێن
وەك هاوڕی یەك لەمردن
سڵ‌نەکاتەوە ..
بەم بە گۆڕێك بۆ هەموو
ئەوانەی دووچاری جادوون ..

★ شیعری عەبباس بەدری ★
● وەرگێڕانی فاتیح عەبدولکەریم ●

لەپێناوی رەخنەی شیعریداو روونکردنەوەیەك ..

لە ژمارە (٤١٠)ی رۆژنامەی‌هاوکاریدا ، کاك عباس محمد حسین چەند سەرنجێکی لـــەبارەی (لە پێناوی رەخنـــەی شیعریدا) بڵاوکردبۆوە کە لەژمـــــارە (٨)ی پاشـــــکۆ خنجیلانەکەی رۆژنامـــــەی(العراق)دا بڵاوکراوەتەوە ، لە بەر ئەوەی زۆربـــــەی سەرنجەکان ســـــەرەڕۆیی‌و سادەن والیرەدا چەنـــــدتێبینی‌یەکیان دەخەمە سەر بۆ ئەوەی مەسەلەکە بـــــەلای‌خوێنەرو ئەوانەی بە تەنگی رەخنـــــەی شیعری‌یەوەن‌رووتنرو ئاشکراتربێت :

١ ـ نووسەر لە یەکەم خاڵدا باسی چەند شتێکی هاوبەش دەکات لە نێوان وتارەکەی منو نووسینەکانی ئەم دووایيەی (یوسف الصائغ) کە لە سەر الایەڕەکانی رۆژنامەی (فکر الجدید) دا بڵاوکراوەتەوە . پێشەکی لە یەك‌چوونەکە خۆی لە خۆیدا رواڵەتێکی چـــاك‌و ئیجابیە چونکە هەردووکیان یەك بابـــەتنو دەستنیشانی هێڵە گشتی‌و ســـەرەکیەکانی رەخنەی شیعری دەکـــــەن ، ئنجاش وتارەکەی مـــــن پارچەیەکە لە دیراســـەیەکی فراوانو دوورو درێژ کە لـــــە ســـــــاڵی (١٩٧٦)دا نووسیومەتەوەو دەقی ئـــــەو وتارەی لە ژمـــــارە (٨)ی پاشـــــکۆکەی (عیراق)دا بڵاکراوەتەوە لە هەمان ساڵدا (١٩٧٦)دا بووە گۆڤـــــاری (رۆشنبیری نوێ) وانـــــە پێش پەیدابوونی دەمەتەقێ‌کەی نیوان یوسف الصائغو فاضل ثامر بە (ساڵێك) بەڵام لە بەر چەند هـــــۆیەکی چاپەمەنی دواکەوت لە بڵاوکردنەوە ، چـــــەند برادەرێکی دەزگای رۆشنبیری‌و عبدالله محمد علی کە بە دەسخەتی خـــــۆی مسودەکەی بۆ نەقل کردووم ئاگاداری مەسەلەکەن .

٢ ـ نووســـــــەر دەڵێت (ریزکردنی هەندێ ناو بـــــە رەخنەگری شیعری نـــــوێی کوردی لە دوای پشت‌بەستن بە ناوهێنانی بەرهەمەکانیان دەربارەی رەخنە جێگای سەرنج راکێشانە) مەبەستیش لێرەدا (عباس البدری)یە کـــــــە بەراوردی دەکات لە گەڵ ئەو مەرجانەی من بۆ رەخنەگـــــر دامناون (بێگومان ئـــــــەو مەرجانەیشم لـــــە گیرفانی خۆمەوە دەرنەهێناوە بەڵـــکو لە ئەنجامی خوێندنەوەی ئەو رەخنانەیە لەسەر شـــــیعری نوێ بە گشـــتی نووسراونو دووایش بەراوردکردنیان لـــە گەڵ شیعری نوێی کوردیداو تێکەڵاوکردنیان بە واقیعـــــی کوردەواریمانەوەلە راســـتیدا نووسەر نەچۆتە ناخـــــی وتارەکەوە ئەگینا دەبوایـــــە ئاگادار بێت کـــــــە پێش ریزکردنی ناوەکان وتوومە : ئەمانە دەورێکی بایەخداریـــان بینیوە لـــــە جووڵاندنەوەی رەخنەی شیعریدا بەڵام هیـــچ کامیان رەخنەگر نیـــــنو هەوڵەکانیان لە ســـــنووری پیشـــــاندان (عـــــرض) دەرنەچووە ، سەبارەت (عباس البدری)یش ئیشارەتم بـــۆ ئەو لێکۆڵینەوەیەی کردووە کە بە زنجیرە لـــــــە رۆژنامەی (العراق)دا بڵاوی کردۆتەوەو نووسیومە (هەوڵێـــــکی دڵسۆزانەی داوە بـــــۆ ناساندنی شیعری نـــــوێی کوردی بە خوێنەرانی زمانـــی عەرەبی ...) لێرەشدا هـــەر دووپاتی دەکەمەوە ئێمـــــە رەخنەگری شیعرمان نییە وەك چۆن رەخنەگری چیرۆکیشمان نییەو ئەم رێچکەیە هێشتا لە ئەدەبی کوردیدا بەگشـــتی ئێجـــگار لاوازەو لەسەرەتای گاگۆلکەکە دندایە .

٣ ـ ســـــــــــــــــەبارەت فەرامۆش‌کردنی ناوی (فؤاد قەرەداغی) و (فؤاد مجید میسری) دەمەوێ بڵێـــــم وتارەکەی من سەنگی محـــــەك نییە بۆ رەخنەی شیعری بەلکو هەوڵدانێکە بـــۆ جووڵاندنەوەو ورووژاندنی ئـــــەو ئاژاوەو شێواندنو پەتایەی خـــــۆی سەپاندۆتە سەر شیعری نوێی کوردی هەروەها لە کۆتـــایی وتارەکەشدا وتوومە : زۆری تر هـــــنەن لێرەدا باســـــم نەکردوونو هەر یەکە بە پێی بۆچوونو لێکدانەوەی خـــۆی وردە تێبینی دەربڕیوە .

٤ ـ کـــــاك عباس دەڵێت « وتارەکە دەیەوێت بە چەند مەرجێکی دانراو رەخنەگـــــر دروست بکات واتە رەخنەگر بەشێوەیـــــەکی دروست‌کراو بهێنێتە ئاراوە کە ئەمـــــــــە بەرهەمێکی ئـــــــــەدەبی‌دا راستگۆیی ئایا مانای ئەوەیە راستین بەرامبەر بـــــــــە پێویستی‌یەکانی ئەم قۆناغە ؟!

ئایا زاڵ‌کردنی خەمناکی‌و ڕەشبینی‌و ترسی بەســـــەر بابەتە ئەدەبی‌یەکان‌دا کارێکی ڕاستە ؟ بێ‌گومان نەخێر .. ساکارترین پۆزشتی ئـــــەم وەڵامە ئـــــەوەیە .. ئەدیبو هونەرمەندی بەتوانـــــاو خزمەت‌گوزار مولکی خـــــۆی نی‌یەو بۆی نی‌یە گیانبـــازی بەخۆیەوەبکا .. بەڵکـــــــە مولکی ئەو کۆمەڵە خەڵکانەیە کە لە پێناویاندا دەژی‌و بۆیان دەنووســـــێ ، ئـــــــەدیبو هونەرمەند دەبێ چەندە بـــــە ئارەزووەکانی خۆی‌دا دەچێتەوە .. چەندەها ئەوەنـــــــــدە بەویستو بەرژەوەنـــــــدی ڕاستەقینەی خەڵکی‌دا بچێتەوە .. هیچ نەبێ بەشـــــــێکەو قەترەیەکە لە دەریایێکی ئەم کۆمەڵی ئادەمزادەی ئەمـــــڕۆ حەزو ئارەزوو خەوو ویستی هاوبەشی هەیەو گەر ئەدیبو هونەرمەندەکە لەگەڵ شەپۆلی گۆڕانکاری‌یانەکەیاندا نوقـــــم دەبێ‌و بەجێ‌دەمێنێ بێ‌ئـــــەوەی لایەکی لێ‌بکرێتەوە .

بەشداری کردنەی خۆی چەندە بەهێزو چـــاك‌و بێ‌خەوش‌و دروووست بێ هێشتا ناتوانـــــێ کتومت ڕەگ‌و ڕیشـــــەی پەروەردە سەرەتایی یەکـــــەی ئەوهونەرمەندە لە ئـــــاخ‌و ناوەوەی‌دا دەربێنێ‌و پاکـــــی بکاتەوە بە شێوەیێکی‌وا کـــــە تەنیا ئەوەی لەگیـــــانی‌دا دەمێنێتەوە هەر ئەوەبێ کـــــە خۆی لەپلەی هوشیاری‌یەکەی‌دا خۆی بێ دروووست‌کردووە .

کەواتە هەر حەزو ویستو ئارەزوویێك کە لە ناوەوەمانی‌دا هەیە مانای ئەوە نی‌یە شتێکی باشە ، چونکە ئەوەمـــــان زانـــــی .. پەروەردەکەمان میتافیزیکی‌یانەیە ، خاڵێ لـــــە دیاردە هـــــەرە ئاشکراکانی پەروەردەیێکی لەو جـــــۆرە حەزکردنە لـــــــە بەزەیی‌و خەمناکی .. هەست‌کردنـــــە بەترسی بەرامبەر بە گۆشـــــە تا ئێستا نەدۆزراوەکانی ژیان‌و مەرگ .. بۆیە بەگشـــــتی‌و زۆربەمان حەز لە گۆرانـــــی خەمناك دەکەین .. هەروەهـــا شیعری خەمناك ج بە دانان ج بە گوێ لێ‌گرتن ... ئێمە لە کاتێکدا ئـــــەو هەستانەمان هەیەو دەری دەبڕین لـــــــە

شتێك دەربارەی راستگۆیی ئەدیب

دڵشاد محەمەد ئەمین

لەم رۆژانەدا ، لەناو کۆڕی‌ئەدەبی‌و گفتوگـــــۆی رۆشنبیرانو ئـــــەدەب ـدۆستان‌دا مشتومـــــڕێکی بێ‌شـــــومار دەربـــــارەی‌راستگۆیی ئەدیب لەگـــــەڵ ناوەوەی خۆی‌دا بەرپایـــــە ،ئەوەندەی ئاگادارم ئـــــەم مەسەلەیە لەئەنجـــــامدا لای‌هەمووان بەدوو ئەنجام دەگا .

یەکەم : گوایە کاتێ ئەدیب بە ڕاستگۆیی دەربـــــارەی هەستەکانی ناوەوەی دەدوێ‌و لەبەرهەمێکی ئـــــەدەبی‌دا دەری دەبڕێ ، یان باس لەخـــــەوو خەیاڵەکانی دەکا ، تەنیـــــا ڕاستگۆیی‌یەکەی لەگـــــەڵ ناوەوەی خۆی‌دا بەسە بـــــۆ ئەوەی لـــــەلای ڕەخنەگرانو خوێندەواران لێ‌ی قبوول‌بکرێ بە بەرهەمێکی پوختو جـــوانو ڕاست .

دووەم : هەندێك لـــــەومش بەولاوەتر دەڕۆن‌و دەڵێن گەر بەرهەمێکی ئەدەبی بەوجۆرەی خاڵی یەکەم هاتبووە بەرهـــەم مانای ئەوەیە ، بەرهەمەکە زۆر ڕاستو ڕەسەنەو جەوهەری ڕەسەنی ئەوەیـــــە ئاوێنەیەکی کتومتـــــــی نـــــــاوەوەی خاوەنەکەی‌یێ .

کاتێك دۆستان بەم جـــۆرە دەربارەی مەسەلەی بـــــوونی ئەدیبو ئـــــــەو بەرهەمەی وەینووسێ دەدوێن خاڵێـــکی گرنگ لەیاد دەکەن کە ئەویش ڕەچاو کردنی رۆڵی ئـــــەدەبو هونـــــــەرە لەناوکۆمەڵانی خەڵکدا .. ئەو جـــۆرە گفتوگۆیەو بەوچەشنە تەنیـــا ڕەچاوکردنی ئەدیبەکە خۆیەتی نەك ئەو خەڵکەش کە لـــــە دەوروبەری دەژین .

ڕاستگۆیی ... وەك هەر مەسەلەیێکی‌تر دەچێتە بـــــەر کاری تیووری نیســـــبی « النظریة النسبیه » ، نـــــەك ئەدیبو هونەرمەند بـــــەلکە بەگشتی هەموو ئادەمزادەکانی زۆربەی وولاتانی ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاست پەروەردەکردنیـــان میتافیزیکی‌یانە بووەو ئێمـــــە هەموومان بەو جـــــۆرە پەروەردەکراوین .. ئەمـــــە ڕاستی‌یەکی ئاشـــــکرایەو ناشاردێتەوە .. دیـــــــارە ئادەمزاد تا دەگاتە تەمەنێکی دیاری‌کراوو بلەیێکی هوشیاری دروووست وای لێ‌بێ خـــۆی بەشداری‌بکا لەدروووست‌کردنی خۆی‌دا وەك ووتم پێش ئەوەی بگاتە ئەو بلەیە بریتی‌یە لـــە دووولایەنی ، یەکەمیان جۆری پەروەردەکردنی لەناو خێزانو ماڵو گەڕەکی‌دا ، دووەمیـــان جۆری پەیوەندی کۆمەڵایەتـــی لەناو ئەو کۆمەڵەی تیـــای‌دا گەورە دەبێ‌و ڕەنگ‌دانـــەوەی ئەو پەیوەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌یانەی باوون لـــــە دروووست‌کردنی ئادەمزادەکەدا .. پاشان کە گەیشتە بلەیێکی هوشیاری دروووست ئەوســـا خۆی لە سنووری دەســـەڵاتو حەزو ئارەزوو ویستی‌دا ... بەشداری دەکا لە دروووست‌کردنی خۆی‌دا .. ئـــــەم بەرهەمێکی ئـــــەدەبی‌دا ئایا مانای ئەوەیە ئەو تەنیا رەگ‌و ڕیشـــــەی یەکـــــەی ئەوهونەرمەندە لە ئـــــاخ‌و ناوەوەی‌دا دەربێنێ‌و پاکـــــی بکاتەوە بە شێوەیێکی‌وا کـــــە تەنیا ئەوەی لەگیـــــانی‌دا دەمێنێتەوە هەر ئەوەبێ کـــــە خۆی لەبلەی هوشیاری‌یەکەی‌دا خۆی بێ دروووست‌کردووە .

کەواتە هەر حەزو ویستو ئارەزوویێك کە لە ناوەوەمانی‌دا هەیە مانای ئەوە نی‌یە شتێکی باشە ، چونکە ئەوەمـــــان زانـــــی .. پەروەردەکەمان میتافیزیکی‌یانەیە ، خاڵێ لـــــە دیاردە هـــــەرە ئاشکراکانی پەروەردەیێکی لەو جـــــۆرە حەزکردنە لـــــــە بەزەیی‌و خەمناکی .. هەست‌کردنـــــە بەترسی بەرامبەر بە گۆشـــــە تا ئێستا نەدۆزراوەکانی ژیان‌و مەرگ .. بۆیە بەگشـــــتی‌و زۆربەمان حەز لە گۆرانـــــی خەمناك دەکەین .. هەروەهـــا شیعری خەمناك ج بە دانان ج بە گوێ لێ‌گرتن ... ئێمە لە کاتێکدا ئـــــەو هەستانەمان هەیەو دەری دەبڕین لـــــــە

بڕیارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

بەپێی دەسەڵاتی برگەی(أ) لە ماددەی چلو دووی دەستوری وەختی لەکۆبونەوەی ڕۆژی ٥ـ٢ـ١٩٧٨دا ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری لەسەر ئەمانەی خوارەوەداوەیەکەم ـ دەست بەسەرداگرتنی ماڵو سامانی ئەم کەسانەی لەخوارەوە ناویان نوسراوە ٠

حامد اسماعیل ابراهیم البانی ـ پارێزەر
جاسم محمد طعمة البدری ـ پارێزەر
اسماعیل العامری ـ پارێزەر
لوی عبدالله السعیدی ـ پارێزەر
فیصل عبد نجم العبدلی ـ پارێزەر
عصام طلعت قدرت ـ پارێزەر
رحیم وهل هذر ـ پارێزەر
حسن سلمان النداوی ـ پارێزەر
فیصل حبیب الخیزران ـ پارێزەر
علی الشمیری ـ پارێزەر
محسن نور العذاری ـ پارێزەر
محمود العلی ـ پارێزەر
عبدالرزاق عبدالقادر الحدیثی ـ پارێزەر

دووهەم ـ ئەم کەسانەی لەبڕگەی « یەکەمیندا » ناویان هاتوە ڕێگایان نادرێت کە کاری پارێزەری یەکەن یا ببنە وەکیلی کۆمپانیایەکی نیشتمانی یا بێگانە ٠

سێیەمین ـ لەبەر وەزیرانی پسپۆڕبەم کارەو سەرۆکی دەستەی گشتی بەڕیوەبردنو ئەسفیەی سامانی دەست بەسەراگیراو پێویستە کە ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن ٠

احمد حسن البکر
سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

میوانداری کۆشکی کۆماری

دوێنێ بەیانی غۆنتر کلاینس جێگری سەرەك وەزیران لە ئەڵەمانیای دیموکراتی چۆتە کۆشکی کۆماریو بەبۆنەی سەردانی لەوڵات ناوی خۆی لەدەفتەری میوانداریدا تۆمار کردوە ٠

هەروەها بەڕێز طه یاسین علی بالوێزی عیراق لە کۆماری یەمەنی عەرەبی چۆتە کۆشکی کۆماریو بۆ دوعاخوازی ناوی خۆی لەدەفتەری میوانداریدا تۆمارکردوە ٠ هەروەها بەڕێز محمد زهیر عبدالرزاق بیرقدار بالوێزی عیراق لە ئەڵەمانیای دیموکراتی چۆتە کۆشکی کۆماریو بەبۆنەی هاتنەوەی بۆ نیشتمان ناوی خۆی لەدەفتەری میوانداریدا تۆمار کردوە ٠

هەروەها بەڕێزان علی هادی الجابر جێگری سەرۆکی کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی عیراقو رسمی برجی محمد بەڕیوەبەری گشتی دایەرەی بەڕیوەبەرایەتی لەکۆمپانیای نەوتی نیشتمانی عیراقو عبدالامیر تقی بەڕیوەبەری گشتیی هەلکۆلین لە کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی عیراقو دکتۆر هاشم فاضل عبدالحسین بەڕیوەبەری گشتی دەزگای گشتیی دۆزینەوەی نەوتو غاز لە کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی عیراق چونەتە کۆشکی کۆماریو بەبۆنەی گەرانەوەیان لەدەرەوەی وڵات ناوی خۆیان لەدەفتەری میوانداریدا تۆمار کردوە ٠

هەروەها بەڕێز دکتۆر طارق ابراهیم حمدی عەمیدی کۆلیجی طب لەزانکوی بەغدا چۆتە کۆشکی کۆماریو بۆ دوعاخوازی ناوی خۆی لەدەفتەری میوانداریدا تۆمار کردوە ٠

پێك هێنانی لیژنەیەکی باڵا لە ناوچەی کوردستان بۆ ئاهەنگەکانی «١١»ی مارت

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی تەنفیزی ناوچەی ئۆتۆنومی بڕیاری داوە کە لیژنەیەکی مەرکەزی پێکبهێنرێت بۆ سەرپەرشتی کردنی ئاهەنگەکانی ئادارو هەڵسوڕانو جێبەجێکردنی پێویستیکانی٠

ئەو لیژنەیەی بەڕێز احمد عبدالقادر سەرۆکی ئەنجومەنی تەنفیزی سەرۆکایەتی دەکات بڕێتیە لە هاوڕێ عدنان داود جێگری ئەمینداری نهێنی حزبی بەعس سۆشیالیستی عەرەب لقی ژوروو بەڕێزان ئەمینداری گشتیی بۆ بەڕیوەبردنی ڕۆشنبیریو لاوانو ئەمینداری گشتیی بۆ بەڕیوەبردنی کشتوکاڵو چالکردنی کشتوکاڵو بەڕیوەبەری ئەمنی ناوچەکەو ئەمینداری نهێنی ئەنجومەنی یاسادانان ٠

سەرۆکایەتی ئەنجومەن هەروەها بڕیاری داوە کە بۆ هەمان مەبەست چەند لیژنەیەکی تریش لە پارێزگاکانی هەولێرو سلیمانیو دهۆکدا بە سەرۆکایەتی پارێزگارەکانی ئەو پارێزگایانەو ئەندامێتی هاوڕێیان ئەمینداریی نهێنی حزب لەو پارێزگایانەداو شوێنەرانی ڕێکخراوە جەماوەری یەکان پێك بهێنێ ٠

کۆبونەوەی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان

لە پ٠ هاوکاریەوە لە هەولێر

دوێنێ بەیانی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان پێنجەم کۆبوونەوەی بەسەرۆکایەتی بەڕێز محمد علی امین سەرۆکی ئەنجومەنی بەست ٠

لەم کۆبوونەوەیەدا بەڕێز احمد عبدالقادر سەرۆکی ئەنجومەنی ڕابەرانەو ئەندامانی ئەنجومەنو هەموو ئەندامەکانی تری ئەنجومەنی یاسادانان ئامادەبوون ٠

ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانان ٠ لە کۆبوونەوەکەدا چەند پرسیارێکیان ئاراستەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی ڕابەراندنو ئەمینداری گشتیی کرد کە بەیەندیان هەبو بەکاروباری بەڕەپێدانی ناوچەکەوە سەرەڕای لیکولینەوەی چەند کاروباریکیتر ٠

ئەمەو بڕیاردرا کۆبونەوەی داهاتوی ئەنجومەن لە ٤ـ٣ـ١٩٧٨دا ببەستری ٠

له بڕیارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش :

چاك کردنی یاسای خزمەت کردن لەدەزگا ئاینیەکاندا

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش یاسای دووهەم دەستلێدانی یاسای خزمەتکردن لە دەزگا ئاینیو خێرێکاندا ، ژمارە ٦٧ی سالی ١٩٧١ی دەستلێدراوی دەرکردوە ، بەگوێرەی ئەم یاسایە بەرزترین پلەی موچەی ئیمامو خەتیب کە لە ماددەی هەشتەمی یاسای ناوبراودا هاتوە کردویە بە ١٥٠ دینار ٠هەروەها بەپێی ئەمە موچەی ئیمامو خەتیبی چاکردوە کەحەقی ئەوەی وەرگرتوە مانگانەکەی بەگوێرەی برگەی(١) ی ئەم ماددەیە بێتە ١٣٠ دینار ، ئەویش لە ئیعتیباری قەراری ئەنجومەنی بەرزی ئەوقافەوە کە ئەو دەرەجەیەی بدانی بە مەرجێك وەزیفەی بەتاڵ هەبێت لەو مەلاکەدا کەبۆ ئەوقاف تەسدیق کراوە ٠

ئەمەش تەواوی یاساکەیە بەناوی گەلەوە
ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش
ژمارەی بڕیارەکە ١٥٠
تاریخی بڕیارەکە ١ـ٢ـ٧٨

بەگوێرەی دەسەڵاتی برگەی (أ) ی ماددەی چلو دووی دەستوری وەختی ، لە کۆبونەوەی ١ـ٢ـ١٩٧٨دا ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئەم یاسایەی دەرکردوە ٠

یاسای
ژمارە ١٧ی سالی ١٩٧٨
دووهەم چاکردنی یاسای خزمەتکردن لە دەزگا ئاینیو خێرێکاندا ژمارە ٦٧ی سالی ١٩٧١ ٠

ماددەی یەکەم ـ پلەی بەرزی موچەی ئیمامو خەتیب کە لە ماددەی هەشتەمی یاسای خزمەتکردن لە دەزگا ئاینیو خێرێکاندا ژمارە ٦٧ی ١٩٧١ی چاکراو بە ١٥٠ دینار دادەنرێت ٠

ماددەی دووهەم ـ دەقی ماددەی سیازدەهەمی دووبارەکراوە (٢) لەم یاسایە برگەی (١) هەمان ماددە دادەنرێتو ئەمەی بۆ زیاد دەکرێت ٠ برگەی (٢) بۆ ئەو دەبێت ٠٠

٢ ـ موچەی ئیمامو خەتیب کە موستەحەقی ئەوەیە موچەکەی بکرێتبە ١٣٠ دینار بەپێی برگەی (١)ی ئەم ماددەیە لە ئیعتیباری تاریخی بڕیاری ئەنجومەنی بەرزی ئەوقافەوە بە پێدانی ئەو دەرەجەیە بەمەرجێك لە مەلاکی موسەدەق کراوی ئەوقافدا وەزیفەیەکی بەتاڵ هەبێت بەمەرجێك ئەم بڕیارە وەزیری ئەوقاف تەسدیقی کردبێت ٠

ماددەی چوارهەم ـ ئەم یاسایە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاو دەکرێتەوەو لە سەر وەزیرە پسپۆڕەکان پێویستە کە بەندەکانی جێبەجێ بکەن ٠

احمد حسن البکر
سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

وە لەبەر دەرچونی یاسای وەزارەتی ئەوقاف ژمارە ٧٨ سالی ١٩٧٦ کە وەزیری ئەوقافی بەبەر پرسیاری وەزارەتەکەی داناوە ٠٠ ئەم یاسایە دەرکراوە ٠

پیشانگای فۆتۆگرافی سوپای میللی

بەبۆنەی بیرەوەری هەشتەمساڵەی دامەزراندنی سوپای میللی ٠٠ سەرکردەی گشتیئەم سوپایە ڕۆژی هەینی پێشەنگایەکی لەساحەی(تحریر) سازکردو لەلایەن هاوڕێ طه یاسین رمضانئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش فەرماندەی گشتی سوپای میللی کرایەوە ٠٠ هەروەها هاوڕێیان حسن علیو طاهر توفیق ئەندامانی سەرکردایەتی شۆڕشو سەرکردایەتی قوتری جزبی بەعسو هاوڕێ عبدالغنی عبدالغفور جێگری وەزارەتی لاوان ئامادەبوون ٠

پێشەنگاکە حەوت ڕۆژ ئەخایەنێتو گەلێ تابلۆی تیایە کە چالاکیو هەموو جۆرەکانی مەشقکردنی ئەم سوپایە ئەنوێنێ ٠ هاوڕێ طه یاسین وتەیەکی لەدەفتەری میوانداری تۆمارکردو تیایا وتی : ئەم پێشەنگا فۆتۆگرافیە ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەقینەی توانای شەرکردنی ئەم سوپایەیە ٠٠ لە هەمانکاتدا هەوڵو تەقەلای سەرکردایەتی حزبو شۆڕش دەرئەخات بۆ هوشیارکردنی جەماوەرو ئامادەکردنیان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی حزبی سەرکردە ٠٠ سلاو لە بیرەوەری هەشتەم ساڵەی دامەزراندنی سوپای میللی کە بە قەڵغانێکی پتەوی پاراستنی نیشتمانەکەمان دائەنرێت ٠

جەنگاوەرانی سوپاس میللیلە ناوچەی ئۆتۆنومیدا لە کاتی مەشق کردندا وەك لەپێشانگاکەدا پیشاندراوە ٠

بەڕێز عدنان حسینچاوی بە وەزیری وزەی سودانو جێگری سەرۆکوەزیرانی ئەڵەمانیای دیموکرات ئەکەوێ

دوێنی بەڕێز عدنان حسین ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەزیری نەخشە چاوی بە بەڕێز مامون أبو زید وەزیری وزەوکانەکانی سودان کەوتوەو لەم چاوپێکەوتنەدا دەربارەی پتەوکردنی پەیوەندی نێوان هەردوو وڵاتی براکراوە بەوجۆرەی کە سوودی ناوکویی هەردوولای تیایە ٠

هەروەها دوێنی بەڕێز عدنان حسین چاوی کەوت بە گونتر کلابیر جێگری سەرۆکوەزیرانی کۆماری ئەڵەمانیای دیموکراتو لەم چاوپێکەوتنەداباسی پەیوەندی دوو قوڵی نێوان هەردوو وڵات کراوبەڕێز البیرقدار بالویزی عیراق لە ئەڵەمانیای دیموکراتو بالوێزی ئەڵەمانیا لە بەغدا ئامادەبوون ٠

ئەرکی سەرشانی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانمان لەقۆناغی ئێستاماندا

فائق جمیل

هەر لەسەرەتای ساڵانی نوزدەمینەوە تا ڕۆژانی ئێستامان گەلی ڕۆژنامەوگۆڤاری کوردی دەرچون ، چ بەتەنیا بەزمانی کوردی یان لەگەڵ هەندێ زمانانیتر چ لە عیراق یان لەوڵاتانی تریدوورو نزیك ٠

ئەوەی کە سەرنجڕاکێشێت زوربەی ئەم ڕۆژنامەو گۆڤارانە ڕێبازێکی نەتەوایەتی پێشکەوتنخوازانەیان گرتبوە بەر ،پەیوەندیەکی پتەویان هەبو لەگەڵ بزوتنەوەی پێشکەوتنخوازی گەلی کوردو پاڵپشتیکی بەهێزی ئەمبزوتنەوەیبون ، ئەمش وەنەبێت خۆ ڕسکاوبوبێت ،بەڵکو ئەنجامی ئەوقۆناخە سەختەبوە کە گەلی کوردلەوساڵانەدا پێیدا ئەڕۆیشتو خەباتی بێوچانی بۆهێنانەدی مافەکانی مرۆڤایەتیو ئامانجەکانی نەتەوایەتیو دیموکراسیو ڕزگاربوون لەژێر چەپۆکی ئیمپریالیستو چەوسانەوەی دەرەبەگو نۆکەرەکانیدا ئەکردشانیەشانی گشت گەلانی خەباتکەری دەوروبشتی زوربەی ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردیەکان پێشڕەوی خەباتی گەلی کوردیان خستبوە ئەستۆی خۆیان لەبارەیەوەهەرگیز دریغیان نەکردو خەباتی بێوچانی پتەوی خۆیان دژی هەمو جۆرە بیروباوەڕێکی کۆنەپەرەستورەگەزایەتی نواندوەو دەنگی ئازادیو سەربەخۆییانبەرپاکردوەو گیاندویانەتە گوێی گەلانی ڕووی زەمین ،بێئەوەی لە بزوتنەوەی پێشکەوتنخوازی گەلانی تریجیهان بپچڕێت بەتایبەتی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست٠ لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە وانا گەیەنێ کە هەمیشە

بروانە : ل : ٧

له چوارچێوەی جێبەجێکردنی‌راسپاردەکانی سەرکردایەتی سیاسیدا :

وەزیری دادبەناوچەی ئۆتۆنۆمی دائەگەڕێ

لە پ٠ هاوکاریەوە لەسلیمانی

لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی سەرکردایەتی سیاسیدا کە کاربەدەستە گەورەکان سەرلەناوچەی ئۆتۆنۆمی بدەنو ڕاستەوخۆ لە پێویستیو کاروبارەکانی هاوڕێتیەکان بکۆڵنەوەو لەبەر ڕووناکی باوەری حزبو شۆڕشدا باسترین ڕێگای بەدی هێنانی پێداویستەکانی جەماوەر زامن بکرێ ٠ بەڕێز منذر ابراهیم الشاوی وەزیری داد لەگەڵ ئیکدایە بەناوچەی ئۆتۆنومیداو دوێنێ گەیشتۆتە بارزگای سلیمانیو لەلایەن بەڕێز ارشد احمد محمد پارێزگاری سلیمانیەوە پێشوازی کراوە ٠ وەزیری بەڕێز ژمارەیەك لە کاربەدەستە گەورەکانی وەزارەتەکەی لەگەڵیدایە ٠ بەگەیشتنی بۆ سلیمانی کۆبونەوەیەکی فراوانی لەبارەگای پارێزگاکەدا بەستوەو دوایش کۆڕێکی فراوانی لەگەڵ حاکمەکانی سلیمانیدا بەستوە کەتیایدا وەزیری بەڕێز ئەوەی دووپات کردۆتەوە پێویستە ئامانجەکانی سەرکردایەتی سیاسی حزبو شۆڕش لەڕووی چەسپاندنی دادپەروەری لەناو جەماوەردا بەپێی ئەو ڕێبازە بێتە دی کە بەختەوەری داد پەروەرانە بۆ هەموو گەل زامن ئەکات ٠

هەروەها وەزیری بەڕێز بەناو دەزگاکانی وەزارەتەکەیدا لە پارێزگای سلیمانیدا گەڕاوە ٠**

کورتە هەواڵ

لە پ٠ هاوکاریەوە لە سلیمانی :

دوێنێ بەڕێز ارشد محمد احمد پارێزگاری سلیمانی چاوی بە بەڕێز نوری ڕشید بەڕیوەبەری گشتی دەزگای بازرگانی کەرەستەو شتومەکی ڕۆژانە کەوتو دەربارەی پێویستیەکانی پارێزگای سلیمانی بە کەرەستەکانی ئەو دەزگایە گفتوگویان کرد ٠ هەر ئەو ڕۆژە کۆڕێکی فراوان لە سلیمانی بۆ لیکۆڵینەوەی پێویستی هاووڵاتیانی پارێزگاکە بەکەرەستەی ڕۆژانەی ژیان بەسترا ٠ بەڕیوەبەری دەزگاکە ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە لە بەرووناکی بیروباوەری سەرکردایەتی سیاسیدا ئەو پەڕی تەقەللا ئەدرێ بۆ گەیاندنی هەموو پێویستەکی هاووڵاتیەکان بە ئاسانترین ڕێگاو کەمترین وەخت ٠

● ئیا زوایە لقەکانی بانقی کشتوکالی چەند لایەکی تری پارێزگای سلیمانیدا بکرێتەوە ئەم مەسەلەیەش لە نێوان بەڕێز پارێزگاری سلیمانیو بەڕیوەبەری گشتی بانقی کشتوکالیدا باسی کراوە ٠ ئەوەی شایانی باسە بانقی ناوبراو ئیستا دوو لقی لە سلیمانی هەیە یەکێکیان لە مەلبەندی پارێزگاکەدایەو ئەوی تریان لە هەلبجەیە ٠

بەردەوامی کاروباری دووەم کۆنگرەی یەکێتی گشتی لاوانی عیراق

دوێنی دووهەم کۆنگرەی گشتیی یەکێتی لاوانی عیراق لە چوارچێوەی هەرێمی لیژنەکەیدا بەردەوام بوە ، ئەویش بۆ گفتوگۆکردن‌لەو لیکۆڵینەوەیەی پەیوەندی هەیە بە چالاکیکانیو مەودای‌پەرسەندنیەوە لەخولی داهاتویدا ٠

گفتوگۆاکن بڕێتیبون لەو مەوزوعەکانی ئامادەکردنی دارشتنی یاسایی پێویست بۆ دیاریکردنی پەیوەندی لەنیواز یەکێتیی لەلایەکەوەو ڕێکخراوە جەماوەرێکانو ئەو دەزگا ڕەسمیانەی کە پەیوەندیان بە بزوتنەوەی لاوانەوە هەیە لەلایەکیترەوە لەگەڵ باسی پرۆگرامەکانی یەکێتیی‌و نەخشەکانیو بلاوکراوە بنچینەکانی ئەوانە سیغەی کاری لاوانو دیاری‌دەکەن لەگەڵ خەستکردنەوەی پرۆگرامی خوێندنگای پێگەیاندنی کادیری لاوان بە هاوکاری‌کردن لەگەڵ وەزارەتی لاواندا بۆ ڕێکخستنی ٠هەروەی کورتو وڕێژ ٠

هەروەها لیژنەکە لە سیغەی کۆتایی کاری هەردو ڕێکخراوی فتوەو نەوجوانانو کۆنگرە مەرکەزێکان بۆ پرۆگرامی کارکردن لە مەیدانە جۆربەجۆرەکانو ئەوبەری کەلك وەرگرتن لەتاقی کردنەوەکانی پێنج ساڵی ڕابوردوو ئامادەکردنی لیکۆڵینەوەیەکی کامڵ دەربارەی سیغەی پێکەوە بەستنی نیوان ڕێکخستنەکانی یەکێتیو چالاکیە هەمە جۆرەکانیو پەرەپێدانی پرۆگرامی چالاکی بەجۆرێکی ئەوتو مەبەست بەچاکترین شێوە بێنێتەدی گفتوگۆی ٠ ٠ ٠

وەزارەتی کشتوکاڵ وچاك کردنی دەزگای بەرهەم هێنانی ئاوەکانی ژێر زەوی

نوری حیران

گومان لەوەدانیە کە مەسەلەی کشتوکال یەکێکە لەمەسەلە گەورەکانی وڵاتوکاربەدەستان بەگشتیو سەرۆکی فەرماندە احمد حسن‌البکر بەشێوەیەکی تایبەتی ماوەیەکی زۆری بۆبەرەوپێش‌چونو گەشەکردنی کشتوکال خۆش‌کردوە لەبەر ڕوناکی ئەوباوەڕەی کە کشتوکال سامانێکی بەردەوامی بەوزەوبێ‌کۆتایە ٠٠

مەسەلەی زۆروکەمی ئاو مەسەلەیەکی گرنگە کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر کشتوکال بۆ چارەسەرکردنی کەم‌ئاوی لە هەندێ شوێنیوادا کە بۆ کشتوکال دەستدەدات وەزارەتی کشتوکال دەزگای بەرهەم‌هێنانی ئاوەکانی ژێرزەوی دامەزراندوە ، ئەم دەزگایە لقی‌خۆی لەزۆر ناوچەی عیراقدا کردۆتەوە ، لقی پارێزگای سلیمانی یەکێکە توانیویەتی دەوری‌خۆی لەو لقەچالاکانەی کە توانیویەتی دەوری خۆی بەچاکی‌ببینێتو بەشدارییەکی تەواوبکات لە جێبەجێکردنی ئەخشەکانی بەرەپێدانی ئەتەوەیدا ٠٠

ئەم دایەرە بەکاروچالاکە کە لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٥دا دامەزرا ، لە مەلبەندی بەکری‌دانی مەکینەی کشتوکالی‌ی پارێزگای سلیمانی تەنیا ژورێکی پێ‌درابو بەڵام ئەمڕۆکە بارەگایەکی تەواوی‌خۆی هەیە کەبەچاکی ئیشوکاری خۆی تیدا بەڕیوەدەبات ٠٠ لە سالی دامەزراننیدا لقی سلیمانی تەنیا جیهازێکی هەلکۆلینی هەبو ، کەوەزەی ڕۆچونو هەلکۆلینی لە ٣٠٠ مەتر تێپەڕی‌نەدەکرد ، هەر لە مانگی تشرینی دوهەمی ساڵی١٩٧٥دا جیهازێکی هەلکۆلینی‌دیکەشی بۆ ئامادەکرا ، ئەمیش دەستوبرد کەوتە مەشق پێ‌کردنی تاقمێك لە کارگیرانی خۆی بۆ ئەوەی ببنەکادیرو ئەو دوجیهازە بەڕیوەبەرن بەبێگەیاندنی ئەم کادیرە توێیانە ئەو کادیرانەیان ناردەوە کە لە لقی پارێزگای تامیمی وەرگرتبو ٠٠ ئەمڕۆکەش دەزگای بەرهەم هێنانی ئاوەکانی ژێر زەوی لقی سلیمانی ٢١٧ کارگیر لە ئەندازیارو جیولوجیو فەرمانبەرانو کرێکاران کاری تێداداەکەن‌و ٤٢ ئالیات دەبەن‌بەڕیوە ، کە ئەوانەش بریتین لە جوارجیهازی هەلکۆلینو دووجیهازی

بروانە : ل : ٧

هەردوو جێگری وەزارەتی ناوخۆ سەر لە دهۆك ئەدەن

دوێنی بەڕێزان سعدی عیاش عریمو ثابت ذاکر هەردوو جێگری وەزارەتی ناوخۆ بۆ بەڕیوەبەرایەتی گشتیی چونەتە پارێزگای دهۆك بۆ بەسەرکردنەوەی ئەو پارێزگایەو پرسیارکردن لە پێویستیو جێبەجێکردنی پرۆژە جۆربەجۆرەکانی ٠٠

بەڕێز سعدی عریم جێگری وەزارەتی ناوخۆ بۆ بەڕیوەبردنی گشتیی لەبارەگای پارێزگاکەدا کۆبونەوەیەکی کردوە لەگەڵ هەندێك لەسەرەك دایەرە پسپۆڕەکانی پارێزگاکەدا ، بەڕێز جێگری وەزارەت ئەوەی دووپاتەکردۆتەوە کە پیویستە مەسەلەی پێشکەش‌کردنی خزمەت گورای بە هاووڵاتیان بە چاوێکی گرنگەو بایەخدارەوە تەماشا بکرێت ، ئەوەش لەسەر بەگوی‌کردنی ئامۆژگاریە مەرکەزیکانو ئەوەی لەم بارەیەوە لە یاسای ارێزگاکاندا هاتوە ٠

لە کۆبونەوەکەدا باسی پێویستی پارێزگاکە کراوە بەو پرۆژە خزمەت گوزاریانەی کە هەیەتی لەگەڵ پرۆژەکانی بەروەردەکردندا ئەویش لە چوارچێوەی نەخشەی بەرەپێدانی نەمسالی پارزیگاکەداو جێبەجێ‌کردنیان ٠

کۆرنە هەواڵ

لە پ٠ هاوکاریەوە لە سلیمانی :

دوێنێ بەڕێز ارشد محمد احمد پارێزگاری سلیمانی چاوی بە بەڕێز نوری ڕشید بەڕیوەبەری گشتی دەزگای بازرگانی کەرەستەو شتومەکی ڕۆژانە کەوتو دەربارەی پێویستیەکانی پارێزگای سلیمانی بە کەرەستەکانی ئەو دەزگایە گفتوگویان کرد ٠ هەر ئەو ڕۆژە کۆڕێکی فراوان لە سلیمانی بۆ لیکۆڵینەوەی پێویستی هاووڵانیانی پارێزگاکە بەکەرەستەی ڕۆژانەی ژیان بەسترا ٠ بەڕیوەبەری دەزگاکە ئەوەی دووپات‌کردۆتەوە کە لە بەرووناکی بیروباوەری سەرکردایەتی سیاسیدا ئەو پەڕی تەقەللا ئەدرێ بۆ گەیاندنی هەموو پێویستەکی هاووڵاتیەکان بە ئاسان‌ترین ڕێگاو کەمترین وەخت ٠

● ئیا زوایە لقەکانی بانقی کشتوکالی چەند لایەکی تری پارێزگای سلیمانیدا بکرێتەوە ئەم مەسەلەیەش لە نێوان بەڕێز پارێزگاری سلیمانیو بەڕیوەبەری گشتی بانقی کشتوکالیدا باسی کراوە ٠ ئەوەی شایانی باسە بانقی ناوبراو ئیستا دوو لقی لە سلیمانی هەیە یەکێکیان لە مەلبەندی پارێزگاکەدایەو ئەوی تریان لە هەلبجەیە ٠

نەوجەوانانی کوردستان خۆزگەکانیان دەدرکێنن

ئەبوبکر قادر کریم
نامادەی کردوە

گومانی تێدانیە ، ڕۆژلەدوای ڕۆژ ناوبانگی ـ ی و دەنگ و سەدای ئافرەتی بلیمەت و لێهاتو ، دەرهەق بەدەهێنانی زانستی و ئەدەبی و وەرزشی ، هەموو کونج و گۆشەیەکی جیهان داگیردەکا ، هەر لە بەر ئەوەش ئەم جۆرە ئافرەتە داهێنەرە بلیمەتانە ، دەبنە هەوێنی ڕەنجدان و تێکۆشانی دەستەخوشکەکانی تریان ..

ئیمڕۆش جێگای سەرسوڕمان نیە ، کە کۆمەڵێ لەنەوجوانانی وەرزشەوان لە کوردستان ، هەر بەهۆی ئەو ڕێچکەیەی کە خولیای بوونە ، خەریکە خزمەتی وەرزشێکی پاک و بێگەرد بکەن ، ئێمەش لێرەدا دەمانەوێ چالاکی ئەم کچۆڵە یاریکەرانە بخەینەروو ، نیسبەت بە کۆڕەپان و مەیدانی وەرزشی ، لە شاری هەولێر ، ئەم یاریکەرانە هەر لە تەمەنی (١٣) تا (١٥) ساڵی دان ، هەموویان قوتابین . جا سەرەڕای ئەوەی کە لە قوتابخانە دەخوێنن ، لە هەموو جموجۆڵی و چالاکیەکانی دەرەوەی قوتابخانە دەوری سەرەکیان بینیوە و هۆگری ئەم بەرامبەر هاوڕێکانم لە بۆڵەکانی ناوەندی بوە بە بەشێکی زیندوی ئەم بەرەیە ...

وەڵە **سامیە محمد** مان پرسی : گوایە تۆ کەلێ جار دەوری پاڵەوانیت بینیوە و مەدالیاهان دانت پێش کەش کراوە ، جا ماوەی چەند دەبێ ئەم نازناوەت پێ بەخشراوە ؟

فاطمە قادر — ناورینگ صابر

لە بۆلی سێی ناوەندی ووتی : بەڵای من لە هەموو خێزانێك سیفەت و هەڵس و کەوتی دایك و باوك و برا ، کاردەکاتە سەر ئەوانی تر ، بە جۆرێك کە دایك و باوك خولیای چ ئارەزوێك بن ، هەر بەو جۆرەش جلەوی بەهرەی منالەکەی ڕادەکێشێ بۆ ئەو ئارەزووە . جا بۆیە منیش خۆم لە خۆمدا ، لە منالی یەوە حەزم لە یاری و وەرزش ـ ی دەکرد ، سەرەڕای هاندانی خێزانەکەم .

(**دلخواز بەهانەددین**)یش کە قوتابیەکی شەشی ئەدەبی یە ئاوا باسی لە گەڵ سەرهەڵدانم بۆ دونیای ڕووناك هەستم پەیزوا بۆ وەرزش ، بەڵام لە گەڵ هەنگاوەکانی ژیان ، سات لەدوای سات بەهرەکانم چڕۆی دەدەکرد بۆ ئەم ئارەزووە . چاوڕێکەریشم بەهرامبەر هاوڕێکانم لە بۆڵەکانی ناوەندی بوە بە بەشێکی زیندوی ئەم بەرەیە ...

وەڵە **سامیە محمد** مان پرسی : گوایە تۆ کەلێ جار دەوری پاڵەوانیت بینیوە و مەدالیاهان دانت پێش کەش کراوە ، جا ماوەی چەند دەبێ ئەم نازناوەت پێ بەخشراوە ؟

منیش یەکێکم لە کچە یاریکەرەکانی هەولێرو هیچ جیاوازیم نیە لەگەڵ کچا وەرزشەوانەکانی دەرەوەی شارەکەم .. نیسبەت بەوەی توانیومە ڕەگەڵ بەهرەی وەرزش و مەشقی بەردەوامم لە گۆڕەپان ، لەناو خەڵکی شارو دەرەوە توانای وەرزشی خۆم ساغ کردۆتەوەو . هەموو ساڵێك پاداشتو دیاریم لە لایەن مامۆستاو دام و دەزگاکانی میری و (دەزگای چالاکی یە وەرزشیەکان) وەرگرتوە ئەوەی شایانی باسە ژمارەی کاسەکانیشم گەیشتۆتە (٥٠) کاس .

● باشە چۆن دەوری ئافرەت لە وەرزشدا هەڵدەسنگێنن ، وە پەیوەندی چیە بەسەر بەستی یەوە ؟

بروانە « ل ٧ »

جا پاش کۆتایی هاتنی ، یاری یە دەوری یەکەی ئەم دوایی یەی سەبەتەکە لە هەولێر ، لەنێوان (کەرکوك و هەولێر) سازکرا ، بەهەمان زانی و لە گۆڕەپانی یاری یەکە تزیك بوینەوەو چەند پرسیاریکمان ئاراستەکردن ئەوانیش بەشادمانی یەوەو بەوپەڕی سنگ فراوانیەوە خۆزگەو تاسەکانیان درکان .

(**سەلوا ئەحمەد ئەمین**) لە قوتابخانەی سەلاحەددینەو بەهرەیەبون ، بگرە زۆربەی یاری یەکانی نێوان قوتابخانەکان و نێوان پارێزگاکان دەوری پاڵەوانیان گێراوەو بەدەیان مەدالیاو کاسیان پێش کەش کراوە .

● **ئەم کچە وەرزشەوانانە لەبەر چالاکی بەردەوامیان بە (تیپی هەلبژاردەی ـ ئافرەتان) ی ـ سەبەتەو باسکە ـ هەلبژێردراون ، لە هەولێر .**

● **لە زۆربەی یاری یەکانی دەوری ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەوریان بینیوە .**

● **لە هەموو یاری یەکانی ساڵانەی نێوان قوتابخانەکان و (گۆڕەپانا و مەیدان) بەشداریان کردوە .**

● **لە گەڵ هەموو یاری یەکانی نێوان پارێزگاکان ، بەشداریان کردوە .**

● **لەم دوایی ـ یەی ساڵی ١٩٧٧ کە یاری سەبەکە ، بەشێوەیەکی دەوری لە نێوان پارێزگاکانی (بەغدا ، بەسرە ، هەولێر ، کەرکوك ، واسیت) سازکرا ، ئەنجا بەتایبەتی چەند کچێك لەم یاری ـ کەرانە دەستنیشان کران بۆ (هەلبژاردەی عیراق) .**

جا پاش کۆتایی هاتنی ، یاری یە دەوری یەکەی ئەم دوایی یەی سەبەتەکە لە هەولێر ، لەنێوان (کەرکوك و هەولێر) سازکرا ، بەهەمان زانی و لە گۆڕەپانی یاری یەکە تزیك بوینەوەو چەند پرسیاریکمان ئاراستەکردن ئەوانیش بەشادمانی یەوەو بەوپەڕی سنگ فراوانیەوە خۆزگەو تاسەکانیان درکان .

(**سەلوا ئەحمەد ئەمین**) لە قوتابخانەی سەلاحەددینەو

فیتەروشاگردەکانیان

● ئاشکرایە کە بەشێکی زۆری منالانی سەردەممان بوون بەشاگرد فیتەرو لە گەڕاجەکاندا زۆر بە بلیمەتی و شارەزاییەوە خەریکی ئۆتۆمبێلن و لەو مەسەلەیەدا هەیانە کە گەلێ شارەزایەوشتی وا ئەزانێ کە هەر خۆی ئەیزانێ . ئێمەیش حەزمان کرد ئەم جارە چاومان بەم لاوانە بکەوێ و چەندەدقیقەیەکیان لە گەڵدا بەرینەسەرو هەندێ باسی ژیان و گیروگرفتەکانیانمان بۆ بکەن و بۆ ئەم مەبەستەیش لەشاری سلیمانی و لە شەقامی کانیسکان چوینە گەڕاجی عوسمانی فیتەر کە کەلە فیتەری شارەکەیەو لەوانەیە بتوانم بڵێم دکتۆری هەموو ئۆتۆمبیلێکەو گەلێ شاگردی هەر لە منالیەوە پێکەیاندوەو فێری وەستایی ئۆتۆمبێلی کردون و ئەم گفتوگۆیەمان لەگەڵ خۆی و شاگردەکانیدا کرد .

● **لەسەرەتادا کاك عوسمانی فیتر وتی :**

× کاکی برای ئیشەکەمان گەلێ گران و قورس بووەو ئۆتۆمبێل یەکجار زۆر بوەو . مۆدێلەکان ئەوە با هەر بوەستێ کە هەر ساڵە جۆرەمۆدێلێکی وا دێنین کە جیاوازی ئەواوی هەیە لەگەڵ ئەوەی پێشوداو جاری واهەیە سەرمان لێ تێك ئەچێت .

● **کاك عوسمان درێژەی بەقسەکەی داو وتی :**

× قورعان بەحەقت بیست ساڵە فیتەرم هەتا ئێستا نەمدی مشتەریەك بێت و بەلەی نەبێ و نەڵێ کاك عوسمان توسەری خۆت زۆرم بەلەیەو جا ئیتر وەرە وەڵامی ئەم هەموو خەلکە بدەرەوەو مەیەلە دڵگران ببین .

خۆ ئەوە ئیتر با بوەستێ کەجاری وا هەیە ئەشیاو پێویستی دەست ناکەوێ و ئەڵێن عوسمان ئەبێ هەر چۆنت کردوە بۆمان پەیدابکەیت . ئەگەر نەبێ جاری واهەیە ئەڵێن بابە بۆ زۆموشتەری خۆی داناوەو بە گرانی ئەفرۆشێ و بە ئێمەی نادات . کوڕە بابە وانیە هەر فائیدەی نیە .

● **کاك عوسمان لەناوخەڵکدا گران جانی فیتەر زۆر باوە .**

ئێمەیش بەگوێرەی بازار نرخ دانەنێین و مەسرە فیشمان زۆرە . خۆشاگردو کرێ دوکان و ئاوو گارەبا بابوەستێ کەچەندەبەرزبونەتەوە . ئەی ئەوە خەڵك بۆ هەر حساب بۆ خۆیان ئەکەن و ئیتر هەر چاویان لەو دوو فلسەوەیە کەئێمە بە ئارەقی ناو چەوانی خۆمان پەیدای ئەکەین .

● **دەربارەی شاگردەکانی ئەڵێ :**

× کاکەگیان شاگردەکانمان زۆر باشن و گەلێ یارمەتیمان ئەدەن بەڵام داخەکەم هەرلەگەڵ فێربون ئیتر بالەفڕە ئەبن و ئەچن خۆیان دوکان دائەنێین و بەجێمان ئەهێڵن و ئێمەیش گەلێکمان لاناخۆشە چونکە وەکو کوڕو کەسوکاری خۆمان لەگەلیان ڕایەین بەخوائێستا من کوری خۆم لایە لەگەڵ شاگردەکان فەرقی ناکەم وجا هەتا یەکێکی تر فێر نەکەین هیلاکی نەوێت .

● **دوای ئەوە دەربارەی گیروگرفتی شاگردەکان کاك فەرەیدون کە خەلفەی کاك عوسمانە وتی :**

× ئێمەیش لە کاتی ئیشوکاری ڕۆژانەماندا گەلێ گیروگرفتمان هەیە وەکو بەلەکردنی موشتەری کە هەمووریان پەلەیانەو هەر کەسەئەیەوێ ئیشەکەی زوو تەواو بێ و بروات خۆئێمەیش بەگوێرەی قسەی وەستامان ئیش

بروانە « ل ٧ »

● **حمە سعید حمە کریم فرج**

پارچێت هونەرێت پیشەسازی لدهوکێ

ساڵا ١٩٧٧ وەزارەتا خودانکرنێ لهمی پارێزگەهێت عیراقێ مەلبەندەکێ نمونەیی یێ فەکری بنافێ پارچێت هونەرێت پیشەسازی ئەف مەلبەندە بیت کرینە دویفەلانك بو خویندنگەها بێ گومان ئەف کارێ وەزارەتێ گەلەك یێ باش و چە بو شاگردا ئەو هێزو فەژەنا هونەری و پیشەسازی یا وان هەیی دێ بێگەهیت و بێشکەفیت . بزافەکێ دێ بەیداکەت دلفلفینا هونەریدا . بەلێ مخابن بەرپرسیارێت پارێزگەهێ لدهوکێ شوینا کو چافێ خو لێ کەن و کێماتییێت وان پرکەن و زوخینن پشتاخو یا داین و مەلبەندێ تروکری . یافەرە گەلەك پیتەپێ بهێتەکرن چمکی وەکی چێگیری هونەری مامۆستا احمد جمعە گوتی « ئەف مەلبەندە یێ نمونەیە هەکە هات سەرکەفت دێ لهمی خویندنگەهێت دی دێ فەکەن » . دیساند کاك احمد گوت ئەف مەلبەندە وەسا دێ پێش کەفیت هەکە .

ا ـ کێماتییت مە هەمیا برکەن و نەهێلن .

ب ـ پارەکێ باش مە ترخان کەن ژ هزار دینارا کێمتر نەبن یافەرە فان مەلبەندا ل هەمی فەژەنا خو بکارتینین تاکو شاگردا فێری زانستی نوی بکەین سەرەتایەکی بزانیت بەری پکەهێتە کولیێ . نامیرێت مە دکێمن هیڤیا مە ئەوە زی وەزارەتا خودانکرێ بومە فرکەن . تایبەتی دارتراشینێ هندەك مێزەییت چێکرین نوکە ئیك (٢٠) دینارا نا هێتەکرین هەمی پێدڤییت وان شوینا بکرن بخو دەستێ ییت سازکرین مەلبەت ئەفە کارێ وان جهێ سوپاسییە . ژ ئەف سەری بومە دیارو روهن بو کو ئەف مەلبەندە ژ دەمێ هاتیەفەکرن تاکو نهو چو بەرپرسیار نەهاتیە سەرەداناوی پرسیارا سەروبەرێ وان نەکریە تاکو پەیسکەکێ روژا ترخان کری بو پیشەسازی گوت . ئەم هەمی فەژەنا خو بکارتینین تاکو شاگردا فێری زانستی نوی بکەین سەرەتایەکی بزانیت بەری پکەهێتە کولیێ . نامیرێت مە دکێمن هیڤیا مە ئەوە زی وەزارەتا خودانکرێ بومە فرکەن . تایبەتی دارتراشینێ هندەك مێزەییت چێکرین نوکە ئیك (٢٠) دینارا نا هێتەکرین هەمی پێدڤییت وان شوینا بکرن بخو دەستێ ییت سازکرین مەلبەت ئەفە کارێ وان جهێ سوپاسییە . ژ ئەف سەری بومە دیارو روهن بو کو ئەف مەلبەندە ژ دەمێ هاتیەفەکرن تاکو نهو چو بەرپرسیار نەهاتیە سەرەداناوی پرسیارا سەروبەرێ وان نەکریە تاکو پەیسکەکێ روژا ترخان کری بو فەکرنا مەلبەندی کەس نەهات فەکەت نزانم ئەف بیتەپێ نەکرنە چیە هیڤدارین مەم جارەکێ بەرپرسیارەك رێکا فی مەلبەندی بگرن پرسیارا سەروبەرێ وان بکەن دامامۆستاییت وی بزانن بەرزە نە بینە نافێ وان یێ لدەفتەرکێت بەرپرسیارا یێ نفیسیە .

● **صدیق علی نامیدی** ●

کتێبی هاوکاری

صدام حسین

خەباتمان و سیاسەتی نێودەوڵەتان

گەوابوو پێویستە ، لەو باوەڕەدانەبین کە سۆفێتی یەکان یارمەتیمان ئەدەن ، ئەگەر بێتو ئەوان دۆستایەتی ئێمە بەشێوەیەك مسۆگەر نەکەن کە بەپێی بۆچوونی خۆیان ، لەرێگای کاری ناوکۆییەوە ، لەمەیدانی نێو دەوڵەتاندا خزمەتی ستراتیجیەکەیان بکات . هەروەها ئێمە لەو باوەڕەداین کە چەندین کارکردەی دیاری کراو هەن کە ئەگەر بەپێی پێویست بەکارهێنرابانایە ئەوا توانای نەتەوەی عەرەب لەبەرەنگار بوونەوەی دوژمن دا بەمێزتر ئەبو ، وە قورسایییەکەی لە پارسەنگی تەرازوی نێو دەوڵەتاندا بترنەبوو ، وە بۆ گۆڕینی مەیلەکانی تەوزمە نێو دەوڵەتیەکان جا ئەمانە ئەمەریکایی بن یاخود سۆفێتی یان هەرتەوزمێکی تربێ ، لە مەلبەندێکی بەمێزترەوە بەشداری ئەکرد .

هەندێ برا پێمان ئەڵێن :ـ لەو باوەڕەداین کە ئێوە لەسیاسەتی نێو دەوڵەتان تێ ناگەن ، چونکە ئێوە وای بۆ ئەچن کە عەرەبەکان ئێستا ئەتوانن قەوارەی زایۆنی تێك بشکێنن ، کەچی ئەوان ئەم توانایەیان نی یە ، ئەمە قسەیەکی ڕاستە ، وە ئەگەر ئێمە لەم قۆناخەدا باسی تێك شکاندنی قەوارەی زایۆنی بکەین ئەوا ئێمە لە سیاسەتی نێو دەوڵەتان تێ ناگەین ، بەڵام حەقیقەتەکە شتێکی ترە ، ئێمە ئێستا ئەم قسەیە ناکەین و سیاسەتێکی وەك ئەم سیاسەتە پەیڕەو ناکەین ، ئێمە وا ئاڵێین و عەرەبەکانیش بەوە لەخشتە نابەین کە ئێستا ئەتوانن قەوارەی زایۆنی تێك بشکێنن .. بەڵام ئێمە ئەڵێین :ـ هێز برا عەرەبەکان وەرن پێکەوە لێبکۆڵینەوەو سەرنج بدەین .. ئایا ئێمە بۆ سودو قازانجی رزگاری بۆ بەرەنگار بونەوەی زایۆنی دوژمن ، گشت ئەو کارکردانەی کە لەبەردەستدان و کە توانای خۆیی ، نەتەوەیی و نیشتمانیمان ، بتر ئەکەن بۆ ئەوەی بەقەوارەو قورساییەکی بترو لەمەیدانێکی بەرین تردا پاڵەپەستۆ بخەینە سەر سیاسەتی نێو دەوڵەتان ، بەکارمان هێناون ؟ ئائەمەیە ناکۆکی جەوهەریی لەنێوان ئێمەو ئەواندا ، کەچی لەدوایی دا ئێمە بەجۆرێك ڕووبەڕوو ئەبینەوە هەروەك ئێمە مزایدەکەر بین و خەڵکی تر لەئێکەبشتنی کاروبارەکاندا بتر واقیعی بن ، ئائەمەیە خاڵە بنەڕەتی یەکە ، بەڵام ئێمە چۆن ڕەفتار ئەکەین ؟

ئەگەر بێتو تێبینیت کردبێت ، سەرەڕای ئەوەی لەنێو خۆماندا لەباری سەرنجدا ناکۆکین ، ئێمە ماوەیەکی دوورودرێژە هەربەتەنکەوەین کە بەرامبەر بەو رێژیمانەی ئەمانەوێ پەیوەندیمان لەگەڵیاندا پەیوەندی برایانەبێت یاخود لەمەولا پەردی بەیەکگەیشتن و کاری ناوکۆییان لەگەڵدا نەبڕین بەتەنگەوەبوین کە باری سەرنجمان بەشێوەی تیروتوانج دەزانەبڕین . بەڵام ئەورێژیمانەی کەدوا باری سەرنجمان دەربارەی خۆیان و سیاسەتەکەیان هەیە ، ئەوا بەرێگایەکی تر سیاسەتمان بەرامبەریان دەزانەبڕین . بەڵام لەهەڵویستمان دا بەرامبەر بە کاروبارە مەبدەئی یەکان شتی جەوهەریی هەربە جەوهەریی ئەمێنێتەوە .. ئەوەی ئەگۆڕێ و جیاوازە تەنیا شێوەی دەربڕین و شێوەی ڕاگەیاندن و شێوەی چالاکی سیاسی یە .

بەم جۆرە نۆ ئەبینی ، ئێمە بۆ ئەوەی پتر لێمان تێ بگەن و بۆ ئەوەی پتر لێیان تێ بگەین و بۆ ئەوەی پێکەوە هەول بدەین رێگای ناوکۆیی بدۆزینەوە ئەگەرچی ئەشمانکەیەنێتە هەموو ئەوشتانەی ئەمانەوێن .. ئێمە ماوەیەکی دوورو درێژە شێوازی دەربڕینمان بەم رێگایە گرتۆتەبەر .. بەڵام لەپەیوەندی وەك ئەمەدا مەرجی بنەڕەتیمان ئەمە بووە :ـ لەپێناو گەیشتن بەگشت ئامانجە ستراتیجیە دوورەکەمان دا نابێ رێگای درێژەپێدانی خەباتمان لێ بگیرێ .

هەرکارێکی ناوکۆیی عەرەب کە رێگای بیروباوەڕەکانمان لێ بگرێ یاخود توانای کارکردنی نەتەوەی عەرەب بەك بخات یان رێگای گەیشتنە ئامانجێکی دورتر لەوەی ئێستا ئەیکەینی لەبەردەم ببەستێ ، هەرکارێك لەم جۆرەبێ هەرگیز بەشداری تێدا ناکەین . بەڵام هەر هەنگاوێکی عەرەب کە بهاوێژرێ و ئەنانەت ئەگەر بەپێی بۆچوونی ئێمە کەمتریش بێ لەپێویستو ئەگەر بە بۆچوونی برایانمان ئەوەبێ کە ئێستا ئەتوانرێ بهاوێژرێ ، ئەوا ئێمە بەپێی ئەوشتانەی دەستنیشانمان کردن ، بەشداری تێدا ئەکەین .

ئائەمانە بیرە بنەڕەتی یەکانی ئەم بابەتەن .

پ : ئایا ئەم باری سەرنجە هەمەلایەنەت خستۆتە بەرچاو برایانی دەوڵەتانی ڕووبەڕوو بونەوە بۆ ئەوەی لە هەڵویستەکە بگەن ؟ چونکە من لەو باوەڕەدام کە سەبارەت بەمەسەلەی فەلەستین یاخود سەبارەت بە ڕزگاکردنی خاك لەجەوهەردا هیچ ناکۆکی یەك نی یە ؟

هاوڕێ جێگر : ناکۆکی یە بنەڕەتیەکە دەربارەی توانا کانی نەتەوەی عەرەب و پاشەڕۆژە ، ئەم جۆرە ناکۆکی یەش زەمینەی فیکری و پەروەردەیی هەریەکێك لەئێمەی هەیە ، ئێمە لەوباوەڕەداین کە نەتەوەی عەرەب توانای هەیە و ئائێستا بەتەواوەتی بەکارنەهێنراوە ، وە هەندێك لە برایانمان لەوباوەڕەدان کە هەموو توانایەکی نەتەوەی عەرەب بەکارهێنراوە ، ئێمە لەوباوەڕەداین کە حاکمێکی نیشتیمان پەروەری عەرەب هەبێ و هەموو شتێکی لەپێناو دەستخستنەوەی خاکی زەوت کراوی عەرەبدا بۆ دابین بکرێ و بڵێ نەمن نامەوێ خاکی زەوت کراو دەست بکەمەوە ، هەروەها ئێمە لەوباوەڕەدا نین کە حاکمێکی نیشتیمان پەروەری عەرەب هەبێ و ـ ئەو حاکمە هەرچیەك بێ ـ هەموو زۆرفێکی پیویستی بۆ دابین بکرێ بەبێ ئەوەی داوای لێ بکرێ کە تەقەللایەکی ناتاسایی بدات و لێی ببرسی ئایا تۆ فەلەستینت ئەوێ یان ناتەوێ ؟ وەڵامت بداتەوەو بڵێ (ئەی من نامەوێ) .

هیچ حاکمێکی نیشتیمان پەروەری عەرەب ئەمە ناڵێ ، بگرە لە زۆرکەران بەوڵاوە ، تەنانەت خراپترین مرۆڤی عەرەب دەستخستنەوەی فەلەستین بەبێ گیروگرفت ، ڕەفز ناکات ، وە ناکۆکی دەربارەی رێگای دەستخستنەوەی فەلەستین ناکۆکی یەکی بنەڕەتی یە ، کەوابوو ئەوە رێگایە کامەیە کە فەلەستینمان دەستئەخاتەوە ؟ ئائەمە ئەو خاڵە بنەڕەتی یەیە کە موناقەشەی لەسەر ئەکرێ ، ئەم جۆرە ناکۆکی یەش ناکۆکیەك نیە کە دەربارەی رێگایەکی ساده یان دەربارەی رێگایەکی لقی ـ فرعی ـ بێ ، بەڵکو ناکۆکیە دەربارەی رێگای بنەڕەتی لەخەباتی نەتەوەییماندا کە تێیدا ئامانجی ستراتیجی تێکەل بە رێگا زیندوەکان ئەبێت .

ـ ماوەیەتی ـ

Institut Kurde de Paris

ماوەیەك لەمەوبەر کۆمەلە شیعرێکی کاك عبدالله عەباس کەونە بازاڕەوە .. بریتیە لە ـ ٦٠ ـ لاپەڕەو ـ ١٠ ـ هۆنراوەی خۆیی و ـ ٦ ـ هۆنراوەی وەرگێڕدراو .. دەربارەی چاپکراوی نوێ : سلێمانی سەردار فەتاح ئەمین

نیگایەك بەناوی ببلۆگرافیای کتێبی کوردیدا

وەك ئاشکرایە پێش کەوتنی ڕۆشنبیری ، هەرئەتەوەیەك .. بەستراوە بەفرەبوونی بلاوبوونەوەی چاپەمەنیەوە . چونکە چاپەمەنی هاندەرێکی ڕاستەوخۆیە ، بۆ گواستنەوەی شارەستانیتی و ڕۆشنبیری پێش کەوتنخوازانە ، بەناو هەموو چینو توێژەکانی گەلدا .

سەرباری ئەمانەش کۆکردنەوەو ئاشکرا کردنی ، ناوی ئەوکتێبە چاپکراوەنە ، لە کتێبێکی سەربەخۆدا ، بەشێوەیەکی زانستیانەی ئەوتۆ کە ڕۆشنبیران بتوانن بەئاسانی لەچۆنێتی و ناوەڕۆکو بابەتی ئەو کتێبانە شارەزابن وێنەی دووەمیانی لە بەرچاو نەخشە بکێشرێت . ئەوسا هەلو دەرفەتێکی ئەوتۆ بۆ خوێنەر ئەگونجێ کە بتوانێ لە هەموو بارێکی ڕۆشنبیری دا ئەسپی خوێندنەوەو هەرکارێکی ڕۆشنبیری تری تاوبدات ، بێگومان ئەمەش هۆیەکە بۆ پێش کەوتنی کتێبخانەو چاپەمەنی هەرنەتەوەیەك لەپێناوی ئەم مەبەستە پیرۆزەدا ، مامۆستای چەلەنگو هێزای کورد مستەفا ئەحمەد (ئەریمان) ، لە کتێبێکی ناوەڕۆك تێرو تەسەلا (لە بلاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد) ، لیستەیەکی زانستیانەی بۆ ئەو کتێبە کوردیانە پێك هێناوە ، کە لەماوەی ساڵانی (١٧٨٧ـ ١٩٧٥) دا لەچاپ دراون .. بەناوی (ببلیۆگرافیای کتێبی کوردی)یەوە .

ئەم کتێبە نرخێکی تایبەتیو جێگایەکی شیاوی ئەوتۆی هەیە لەکتێبخانەی کوردیدا ، کە پێویستە لە سەر ڕۆشنبیران دەستی ڕێزوستایشی بۆبەسنگەوەبگرن ..!

مامۆستای ناوبراو ، هەمان کتێبی لەساڵی (١٩٦٠) لەچاپخانەی شارەوانی کەرکوك لەچاپداوە ، بەناوی (کتێبخانەی کوردی)یەوە ، ئەم کتێبەی ئێستای (ببلیۆگرافیای کتێبی کوردی) بەنیسبەت ئەوەوە ، ئاسمانو ڕێسمانە ، بوونی ئەم جیاوازییە زۆرەش ئاشکرایە، چونکە دیارە مامۆستا هەوڵێکی زۆری داوە بۆ گەڕان بە دوای سەرچاوەو باسی ئەوتۆدا ، کەلەم بارەیەوە بدوێ .. ئەمەش وای کردووە کەبەرهەمەکەی ئێستای مامۆستا بەم جۆرە پوختو زانستیانەو لەبارو ئاشکرابێت ، سەبارەت بەزانیاری دەربارەی کتێبخانەو چاپەمەنی کوردی .

مامۆستا ئەریمان هاتووە ناوی (ببلیۆگرافیا) ڕوون ئەکاتەوەو ئاشکرای ئەکا کە لەچییەوە هاتووەو ئەفەرموێ « ئەم ووشەیە لەسەرچاوەدا ، یونانی کونەو لەدووبەش پێکهاتووە (ببلیۆف) واتە کتێب ، (گراف) واتە نوسین بەمانا (زانیاری لەسەر کتێب نوسین) » .

لێرەدا پێویستە ، ئەو ڕاستییەی بۆمان سەلماوە ، بیدرکێنین ، ئەویش ئەوەیە ، مامۆستا توانیوێتی بڕ بەپێستی ئەو مانایە ،.... کارە پیرۆزەکەی (ببلیۆگرافیای کتێبی کوردی) بەپوختی بەئەنجام بگەیەنێ . هەرچەندە ، کاری واگەورەو بەرفراوان ، بێ هەلەو کەمو کوڕی قوتارنابێ ، بەلام کارەکەی مامۆستا ئەریمان لەڕادەبەدەرو بێهاوتایەو خزمەتێکی گەورەی کتێبخانەی کوردی ئەکا .. ئێستاش بەگوێرەی توانا ، ئەو سەرنجەوردیلانەیەی لام کۆبۆتەوە لەئەنجامی خوێندنەوەی کتێبەکەدا ، پێش کەشی ئەکەم ، هەر چەندە لەوانەیە هەندێکیان هەلەی جاپبن ، بەلام هەرپێویستە بخرێنە پێش چاو، ئەمەش سەرنجەکان :ـ

١ ـ مامۆستا لەلاپەڕە ١٣١ ژمارە ٦٣٠ دانوسیۆیتی ئافرەتێکی چاوشین (کەریم باداوەیی) لەنوسینێکی گۆرگیەیەوە ، کردویەتی بە کوردی ، بەلام لەڕاستیدا ، (کەریم باراویی) کردویەتی بە کوردی .

هەر لەهەمان لاپەڕەدا ، ژمارە ٦٣١ نووسراوە (بووکی ژێردەواری ڕەش) نووسینی (ا.ب. هەوری) (بریتییە لەکۆمەلە چیرۆکێك) بەلام ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەم کتێبە بریتییە لەیەك چیرۆکی درێژ ، لەچەند بەشێکدا ..!

٢ ـ وە لەلاپەڕە ١٣٩ ژمارە ٦٦٨ دا ، مامۆستا ئەریمان وای داناوەکە (١٠ چیرۆك)ی دکتۆر کاوس قەفتان ، لەساڵی (١٩٦٥)دا لەچاپدراوە بەلام لەڕاستیدا ئەم کتێبە ، لەساڵی (١٩٦٩)دا چاپکراوە ..!

٣ ـ هەروەها لەلاپەڕە (١٦٦) ژمارەی کتێب (٦١٢)دا ، وانیشان دراوە کە دیوانی حەریق ، لە بەغدا لە دار الحریە چاپکراوە ، بەلام لەڕاستیدا لە چاپخانەی الجمهوریە لە کەرکوك ، لەسەر ئەرکی مەحمود خاکی چاپکراوە .

٤ ـ لەلاپەڕە (٢٠١) ژمارەی کتێب (١٠٠٢)دا ، گوایە (سمکۆلی ئەهریمەن)ی چیرۆك نووس کاکە مەم بۆتانی لەساڵی (١٩٧١)دا چاپکراوە بەلام لەڕاستیدا لە ساڵی (١٩٧٣) لەچاپخانەی ڕاپەڕین لەسلیمانی چاپکراوە .

٥ ـ چیرۆکی مانگازێرینە لە قورئانی پیرۆزدا ، لەلاپەڕە (٢٠٣) ژمارەی کتێب (١٠١٤) نووسراوە لەساڵی (١٩٧٢)دا چاپکراوە ، بەلام لەڕاستیدا ئەم کتێبەی مامۆستا صابرگرد عازەبانی لەساڵی (١٩٧٣)دا چاپکراوە .

٦ ـ لەلاپەڕە (٢٢٢) ژمارەی کتێب (١١٠٩) نوسراوە (شەپۆلی هەلبەست) کۆمەلە هۆنراوەیەکی (حەمە عەلی وەزیا) یە ، بەلام لەڕاستیدا ناونیشانی ئەم کۆمەلە هۆنراوەیە (شەپۆلی هەست)ە .

٧ ـ لە لاپەڕە (٢٠٣) ژمارەی کتێب (١١٥٣) ، سەرناوی کتێبەکەی مامۆستا (عمر توفیق) ، وانوسراوە (منالبوون بەبێجەب) بەلام لە ڕاستیدا (منال نەبوون بەبێجەب)ە .

ئەمەو چەند هەلەیەکو ووردیلەی ئەوتۆ کە شایانی سەرنجدانین چونکە بۆ کتێبێکی وا ، کە تای ترازووی باشەی قورس ترینێت لەتاکەی تری ، بێگومان خەوشەوردیلەکان ئەشارێتەوە لەکونایی دا ، ڕێزوستایشم پێش کەش بە مامۆستای بەڕێزو خۆشەویست ئەکەم ، هیوادارم تەمەن درێژو لەش ساغ بێت ، لە پێناوی خزمەتکردنیو پەرەپێدانی .. ئەدەبیاتو ڕۆشنبیری کوردیدا .

دەربارەی چاپکراوی نوێ

چرۆدەمی بۆماچی ڕۆژئەکاتەوە

○ لەتیف هەلمەت ○

هۆنراوەکان هەلبژاردەی ١٩٧٢ ـ تا ـ ١٩٧٦ ـ ن ..

ئەوەی بەوردی هۆنراوەکان بخوێنێتەوە بۆی دەر دەکەوێ کە کاك **عبدالله** تا چ ڕادەیەك بایەخ بە وشە سازیو ڕووالەتی شیعر دەداو تا چ ڕادەیەکیش ناوەڕۆکی شیعرەکە .. بە قوربانی یاری کردن بەو شەو تەمو مژی نا بەجێ دەکات .. ڕەنگە کاك **عبدالله** ووردە کاریو ئاڵۆزاندنی وشە شێتێکی نوێ بزانێ .. بەلام ئەوەی ڕاستی بێ هەر گۆڤارێکی وێژەیی عەرەبی بکەینەوە چەندین هەلبەستی لەم بابەتانەی کاك **عبدالله** ی تێ ترنجاوە .. خۆ باسی دیوان هەر ناکەم .. دیوانی لەو بابەتە ئەوەندە زۆرن نازمێردرین ... **بەلام ئەوەی ڕاستی بێ ئەو جۆر وردە کاریەیە ڕەسەن نیەو سەرەنا لە ئەنجامی باری نا لە باری وڵاتە سەرمایەدارە کاندا لە لایەن هەندێ هونەرمەندو نووسەرو شاعیرەوە .. کە خۆیان بڕوایان بەوە نەما مرۆڤ بتوانێ باری ئاڵۆزی ناکۆکی نێوان چینەکان بگۆڕێ هونەرو وێژەش پەیوەندییان بە هیچ گۆرانکاریەکی کۆمەلو ژیانەوە نیە .. سەری هەلداو وردە وردە وەکو هەموو نەخۆشیەك تەشەنەی کردو گەیشتە لای ئێمەش ...**

بەلام دەبێ ئەوەش بزانین کە ئەو هونەرمەندو نووسەرو شاعیرانە لە ئەنجامی ناقی کردنەوەی دەروونی خۆیانەوە ئەو ڕێبازەیان دۆزیوەتەوەو کاك عبدالله ئەنیا لاسایی ئەوانی کردۆتەوەو بەس .. من لەگەل تازە کردنەوەو گۆرانکاری هونەریو وێژەیی دام لە سەدا هەزار بەلام دەبێ ئەوە بزانین جیاوازی لە نێوان گولی نایلۆنو تەلە نێرگزێکی کێویدا زۆر زۆرە .. دەبێ ئەوە بزانین جیاوازی لە نێوانی کچێکی ڕاستەقینەو پەیکەری کچێکدا زۆر زۆرە .. جیاوازی داهێنانو لاسایی کردنەوەش ئاسمانو ڕێسمانە .. من ناڵێم ئەم کۆمەلە هۆنراوەیەی کاك **عبدالله** شیعری تیا نیەو دەبوایە چاپی نەکردایە .. نەء .. هەر وەك باخ بی درکو دال نابێ بیابانیش بێ گول نابێو گەلێ دێرو بڕگە هۆنراوەی پڕ لە تامو لەزەتی شیعر لە بێجو بەنای لاپەڕەکانی دیوانەکەدا دەدۆزرێتەوەو هەندێکیان ئەوەندەی ئەو کاژە هەنگوینە بە تامن کە لە بن شووشەیەکدا دەمێنێتەوەو بەبەنجە دەیان لیسینەوە ...

وەکو :

ویستم شیعرێکی نوێ دانێم
وشەکانی
مرواری بێ ، وەك ملوانکە بیکەیتە مل !
گیانە لە ژێر داربیەکا ماچم کردی ، گەلاکانی ،
درکەزیان لێ ئەباری ،
براکانم ، دلداری مافی هەمووانە
گۆرانیبێژ دەنگ هەلبرە ...
« شمشالەکەی « دەروێش » بینن
کە ڕووی کۆنی ، بسڕنەوە » .
خەو ناچێتە چاوی ئێمەو ..

گۆرانیەکانی پۆل ڕۆبسن
ئەم دنیایە ، بە گۆرانیە ڕووناکەکان
ڕوناك ئەبێو هەنگاو ئەنێ !
تا ئەتوانی ، ماچی کچی « سیروان » بکەو
لەگەل خورەی ئاوی « سیروان »
گۆرانیەکانی خۆت بڵێ ...
شەو سووناوە ..
پشکۆکانی بکە بە یاقووتو بیکە ملی دمزگیرانت ..
بە ئاگایە ، هۆ ذاتە گیان ، بەئاگابە
بنووسێ بە گۆرانی چەمەکانەوە ..

ئەتوانم بڵێم جگە لەو کۆبلەو دێڕانەی سەرەوە ڕەنگە زۆر زەحمەت بێ چەند دێڕێکیتر کە هەستو نەستی شیعری ڕەسەنی تیابێ لە دیوانەکەدا بدۆزرێتەوە .. ئەگەر هەشی بن زۆر کەمن .

من نازانم کاك عبدالله مەبەستی لەم وشە ڕیزکردنو تێکەلو پێکەلکردنو بۆیە کاریەی وشە چیەو ئەم کۆپلانەی کە لە خوارەوە بە نموونەی دێنمەوەو (زۆربەی زۆری دیوانەکەش هەر وەك ئەم نموونانەیە) چیە :

پەنجەی ناخی خۆشەویستی غەمی تاساو
کەوانی ئاوازێکی پەمەیی ڕەنگ
لە سەر تەلی
کەمانی حەزی « مەم » بۆ « زین » ئەبزوێنێ
« خانی » بەشانەی « خەو » پرچی
« خاتو زین »ی
بۆ « کاکە مەم » شانە ئەکرد ..
لە زستانی چاوەکانتا ، چاوەکانم ، لێلایی چاوەڕوانی
ڕەهێلەی قینی ئەڕژێتە سەر ، شانو ملی پەیکەری
مێژووی شێواو ...!!
(پەنجەکانتان
پرچی ئارەزووی ماچی من دەسکەنەی کۆن ویستی
خۆیان ئەکەن)
لە زستانی ، چاوەکانتا ، چاوەکانم
لە بەهارو لە هاوینو لە پایزی چاوەکانتا ..
چاوەکانم
ـ چ .. اوە .. کانم
بۆنی کۆتەرەی سووناوی ،
گوندێکی بچووك لە شارێکی گەورەدا
لە گیرفانی ، خۆرەتاوی هاویناندا ، هەلئەگیریو
تووڕەیی زستان ،
ئەیکات بە زوقمی سەر چیمەنو چلوورەی گونسەبانەی
شارێکی گەورە ، بە دەوری گوندێکی بچووکا ..
خانمەکەم ، من لە بیرمە ، لە سێبەرتا نەبوون لە بوونی
ئارەزووا بەلەزەت بوو ..
ئەبوو بە بوونو لە بیرمە ..

ئیتر نامەوێ لەسەر نموونە هێنانەوە بڕۆم چونکە دیوانەکە گەلێ نموونەی تیایەو لە خوێنەری ڕاستەقینە ون نابێ .. کە ئەنیا هەر قسەی بێ سەرو شوێنن و بەس ... ئەمەش کاك عبدالله زۆر لەو ڕیبازە هونەریو وێژەییە نزیك دەکاتەوە کە دەڵێن ـ هونەر بۆ هونەرەو بۆ گەل نیەو پەیوەندی بە کۆمەل یا مرۆڤ یا هیچ هەڵوێستێکەوە نیەو ژیان خۆی هیچەو هونەرو وێژەش هەر هیچن ..

ئەم ئاڵۆزکاریو لە ناوەڕۆك دوور کەوتنەوەیە کە لە شیعرەکانی کاك (عبدالله)دا هەیە لە گەلێ بەرهەمی هونەریو وێژەیی کەسانی تریشدا بەدی دەکرێنو وەکو لەپێشیشدا وتم هەمووی هەر لاسایی کردنەوەیە .. بۆ نموونە جارێکیان چاوم بە پێشانگای ڕادەرێك کەوت تابلۆیەکی تیا بوو بە ناو نیشانی ـ ژنو پشیلە ـ هەرچی چۆنی بوو توانیم وێنەی ژێنك لە تابلۆکەدا بدۆزمەوە بەلام پشیلەکەم هەر نەدۆزیەوەو نەمدۆزیەوە ..

من هەرگیز بەخۆمی ڕەوا نابینم ئامۆژگاریو ڕێنمایی هیچ شاعیرێك بکەمو بڵێم وا بنووسەو مەنووسە بەلام وەکو مامۆستا گۆران لەو تاریکیدا کە بە ناونیشانی ـ بەرهەمی وێژەیمان ئەبێ چۆن بێ ـ ووتوویەتی : (بەرهەمی وێژەیی نەتەوەیەك ئەو بەرهەمەیە شەقڵی تایبەتێتی پێوە دیاربێ ، تایبەتێتی نەتەوە لە گشت سەرچاوەکانی زیانیدا .. بە زیانی ئابوورییو سیاسیو ئایینیو یاساکانی کۆمەلایەتیو بەشکۆ مێژوویەکانیەوە لەگەل چۆنیەتی سروشتی نیشتمانەکەی ـ هەر وەها لە شوێنێکی تری هەمان وتاردا مامۆستا گۆران دەڵێ :ـ کەوابێ ئەو وێژەیەی بە نەتەوەی کورد پێویستە ئەبێ وێژەیەك بێ کە لە سەر بناغەی ڕابوردوومان دابمەزرێت ، واتا نووسەرەکانمان لە سەریانە بە درێژی تەمەنی وێژەییان لە مەلەوانیی قوولایی یەکانی زیانی گەلو نیشتمان مانو نەبن ، وە لە لێکەوتنی سەرومڕا بن لەگەل خەمو خۆشیو شیوەنو شادیو ئاواتو هیواو بیروباوەڕەکانی ناو خەلکەکانی گەلیان ، سەرەڕای ئەوەشوە بۆ ئەوەی بتوانن چاتر لە وزەی ئەم پێویستە بن لەسەریانە سامانی بیری پێشینانی کورد زۆر بە وردی بخوێننەوە ، زۆر باش بیچێژن ، بە تەواو بەهرەی داهێنەریی خۆیانی پێ گۆش کەن ـ جا من هەر ئەوەندە دەڵێم کە شیعرەکانی کاك عبدالله ئەو مەرجانەی تیا نیەو هەر چەندێ لە هەندێ هۆنراوەیدا خۆی لە هەندێ بابەتی فۆلکلوری داوە وەکو فاتەگیانو میناو یا هەندێ جار ویستوویەتی شیعرێکی خۆمالی تێهەلکێشکا بەلام نەیتوانیوە لەگەل ئەو ڕابوردووەدا ئامێتە بێتو شاکارێکی شیعریمان لە بەرگێکی تازەدا بدانێ .. بەلکو وەك لە سەرەتادا وتم هەر وشەسازیو ڕستەبازی کردوەو لە زۆربەی هۆنراوەکانی ناوەڕۆکی بە قوربانی شەقڵو فۆرم کردوە ..

دەربارەی شیعرە وەرگێڕدراوەکانی دیوانەکە ناتوانم هیچ بڵێم چونکو کاك عبدالله ئەو سەر چاوانەی دیاری نەکردوە کە ئەو شیعرانەی لێوە وەرگرتووە .. ئیتر سەلاوو ڕێزم بۆ هەموو نووسەرێکی دلسۆزی وشەی کوردی ئەو وشانەی دەبن بە نێرگزی باشە ڕۆژی زەوی ..

سۆزێکی دیلی ی خانای قوبادی

هەر دەسەلاتدراو پایەبلندو لێهاتوویەك ، هەر ئەدیبو خوێندەوارو فەیلەسووفێك ، هەر ئازاو پالەوانو چاونەترسێك .. لەوانەیە ڕۆژێ لە ڕۆژان بەر شەپلاخەو چەپۆکی گەردون بکەوێو ڕۆژی لێ بگۆڕێو تووشیو نەهاتی ڕووی تێبکاو ، بێ کەسو دەس بکەوێ ، ئەو کاتە بیر لە ڕابوردووی خۆشو پڕکامەرانی ئەکاتەوەو هەناسەی ساردی بۆ هەلئەکێشێو ئەگەر نووسەر یان شاعیریش بێت ئەو سەرکزیو زەبوونیەی خۆی بە سۆزێکی دلتەزێنی تۆمار ئەکا .

ئەوەتا ئەبینین **خانای قوبادی** پاش ئەوەی گلۆلەی کەوتووەتە لێژیو بەختی ڕەشی دووچاری دیلی دەستی دوژمنی کردووە ، ئەم پارچە هۆنراوە نایابەی بۆ تۆمار کردووین .

ئەم پارچە هۆنراوە خۆی لە گیانی خۆیدا تارماییەکی گەورەی تیا بەدی دەکرێ کە دەسنیشانی موناسەبەو ڕوداوێکی گەلێ گرنگ ئەکاو ، لەو ڕووداوەدا خاناو چەند کەسێك دوچاری دیلیو سەرکزی دەستی پاشای زەهاو بوون . خاناش بەم بۆنەیەوە بە بای شەمالدا نامەیەك بۆ بەگزادەی میران ئەنووسیو حالی خۆیو دیلەکانی هاودلی تێدا ڕوون ئەکاتەوە . ئەم پارچە شیعرە ئەگەر بەوردی لێی بکۆڵرێتەوە لایەڕەیەکی نەزانراو لە ژیانی خانا ڕوون ئەکاتەوەو پلەو ڕێزی خاناو جێگەو بنەماڵەی خانامان لە سەر زمانی خانا خۆی بۆ دیاری ئەکا . هەروەها ئەمە وێنەی هۆنراوەی پیری خانایەو .. تاد لێرەدا ئەوەش لەبیر ناکەم کە دوای خانا ، لە شاعیرانی کوردا ، ـ ئەوەی زانرابێ ـ (**ئینجە ئاغای گلاڵی**)یش دووچاری ئەم دەردەی خانا بووەو لە (کفری)دا بە دیلگیراوەو ئەویش بە (بای شەمال)دا نامەیەکی بۆ شێخ عومەری بیارە ناردووە . سەرەتاکەی بەم جۆرە دەس پێ ئەکات :

شەمالی سوب خێز ..
بادی سەحەرگا شەمالی سوب خێز
مەحرەمی ئەسرار شیرینو پەرویز
قاسیدی پەیغام قەیسی شۆڕ ئەنگێز
تا ئەگاتە مەبەستو ئەڵێ :
دەستم دامانت مدارامەکەر
عەرزەی زەلیلیم بەر بەی شا عومەر
واچە ، عەبدەکەی حەلقە نەگۆشت
بەرەی چێش بیەن وا فەرامۆشت ؟
ئەوکفری شاردا زەلیلی کافر
بێکەس نە زنجیر نە یار نە یاوەر

ئەوا لێرەدا پارچەکەی خانا بە تەواوی پێش چاوی خوێندەواران ئەخەین بە هیوای ئەوەی سوودی خۆی ببەخشێ :

بای شەمال ڕێشەن ...
سوفتەی دل بەداغ وینەتان ڕێشەن
نە یار نە یاوەر نەقەوم نە خوێشەن
کەس نەمەزانان حال من چێشەن
یە گۆنای پڕ گەرد ، زەردی جەماڵە
یە لاشەی زەردبووی پێ نازکەفتەی من
جە ناڵەی کۆسار شەونەسرەفتەی من
یە جامەی جیاز دوڕ نەو کافوورە
یە گلکۆی مەزار گەدا دەستوورە
یە کەلوەلای وەرامت ظلم ساڵانە
بە عەیشو واوەیلای میرە ماڵانە(٣)
نە شەرم ، نە سپرەت ، نە زولف ، نە خاڵە
یە پەردەی ڕەنگین تەختەی ڕەشماڵە
یە کار گەردون بینای کارانە
بەگزادان سەرکز سای تالارانە
ئەی بای شەمال فرە زەلیلم
وێنەی عارەبان بە تۆ دەختیلم
عەرضەی جەستەو حال ئێمەو ئەسیران
بەرە پەی ئوطاق بەگزادەی میران
گلەییو شکات فرەو ناپیاو
شەرع منو تۆ مەقصوود زەهاو
ماجەرای پیریم سکەی سپیەدیم
مەعلووم بی جەلای خانەی ڕەشیدیم
با چە ئەو تووڵنەمامان ناردران زامان(٤)
بە وانەی گریان تەڕبکەن دامان
نە چنان بە شاد نەنیشن بێغەم
نەماڵان سورمەی سێوەنگی لەچەم
پەلاس قەطران بسان وەگەردەن
بەو شەرط بواچان کاکەش نەمەردەن
باچە بەو جاهلان قەومو قارداشم
ئەو چاپوکسوار لە مەیدان باشم
ئەمانەت فەرضبێ فەصل بەهاران
ئەر مەچن بە سەیر قەدیم هەواران
هەر لە گەرمەسیر تابان لەیلاخبی
هەر لەڕوی کۆهسار هەرتا بوباغ بێ
هەر جەڕووی خاکن هەر جەتۆی غارە
فراوان بەکار دەسگام دیارە
چەند دەستکردی من مەندەنلەجیا
یاران یا بیان بکرەوان پیدا
چەندی کەرامات عەجایب کەردەم
یاران سەلامەت ئەوا من مەردەم

(١) ڕەنگە سەرەوای ئەم شیعرەو شیعرەکانی کە بە دوایدا دێن تا ئەگاتە « میر سەحەرگیر ... » بە (بیم) باشتربێ ، چونکە خانا لە دیلیدا ئەم شیعرانەی داناوەو کاتێك بووە هیچی بە دەستەوە نەماوە ، واتە ئەو مانای زەمانی (حالە) ی لەم شیعرانەدایە مەبەست زەمانی (ماضی)یە و ئەویش بە (بیم) تەواو ئەبێ .

(٢) ڕەنگە (ئیستا) زیاد بێ ، بەلام وەك خۆی نووسیم .

(٣) ئەم شیعرە لەنگە ، بەلام نوسخەیەکی تر نەبو بەنای بۆ ببەم .

(٤) ئەم نیوە شیعرەیش هەر لەنگەو بە ناچاری وەك خۆی هێشتمەوە .

محمد علی قەرەداغی

لە عاجز عاجز جە بیران بیر بیم
سەر لە کوتەڵان بە لە زنجیر بیم
قوباد و قوچاغ قەدیم ساڵان بیم
بابوی بەگزادان کەسەر لاڵان بیم
میرزای خاتونان شوخ شیرین بیم
کاکەی کناچان زولف عەنبەرین بیم
صاحب ئوطاق ئەقرەباو بیستم
دەستگیر دەسدار بەگەلەران گشتم(١)
عیلبەگی و ڕەشید میر جافانم
پەروەردەی سای چین زولف کلاڵانم
بەور بالا دەس بان شیرانم
نامیدەی وڵات ڕۆمو ئێرانم
قۆچ سەر نەپیچ وایی هەیهاتم
شێر صەفشکەن کۆزی زۆر و زاتم
دارای دەماغ بەرز کەرەم کۆڵاوم
ئوستادان جە طەرح جوی سیلاتاوم
تەکیەی ڕاهداران شای سەماواتم
دەفتەر دار مولك سەرجوی کاواتم
باش بالادەس بەهەلەوانانم
قەلغان لە لای شان نەوجەوانانم
تورك تەڕئەندام شیرین سوارم
تەورزین بە دۆش ڕووی نۆهەوارم
بەهار پای لەیلاخ جە کوردەماڵبیم
جە پای سەراوان چەشمەی زوڵاڵ بیم
قوباد قوچاغ کۆی نەوسوارم
تەرح جەبلەکێش باغچەو حەصارم
سولطان هارون میر سەریاسم
صاحیب ناواك تیخو ئەلماسم
میر سەرحەوگیر لای خان ئاشورم
لە طعنەی بەدان یانە خابوورم
ئیستا من وەستاخ کۆتەل باوەنانانم
بێ جەد خاین باجەلانانم
بە ڕۆژ بێ خورد بە شەو بێ خاوم
دیل بێ تاوان باشای زەهاوم
ئیفتادەو زەبوون خاطر بەشتیوم
تەشنەو زوبان لال شەوبار بە لێوم
نەوەی ئەمیرخان بەچەی بێ باکم
بێ فەرش بێ بالین ئیفتادەی خاکم
ئیستا(٢) ڕوگەردان قەصر قابی مورادم
ئەبلەی مایە پوچ خزمەت وە بادم
ئەی بادی شەمال یە جەستەو حالە

Institut Kurde de Paris

سوپای میللی « پاشماوە »

بە بۆنەی بیرەوەری هەشتەمینی دامەزراندنی بەڵگەیەکی چەسپاوە کە سوپای میللی بەسەربڵندی لەسەر زەمینەی یەکێتی نیشتمانیو یەکێتی خاکو چارەنووس ئەوەستێت لەم روانینەوە ئەبینین هەموو عیراقییەك لە خوارووە باکوور سوودن لە بەرگری کردنی کەرامەتی نیشتمانو پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆڕش ، ئەو دەسکەوتانەی کە تەنیا بۆ تاقمێك نیە بەڵکو بۆ هەموو کەرتەکانی گەلو هێزەکانی نەتەوایەتیو پێشکەوتنخوازەکانە ٠

حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست مەوقعی رابەرێتی خەباتی جەماوەرو رێبازی گۆرانکارەکانی شۆڕشگێرانەی لە ئەنجامی باوەڕی جەماوەرو گردبوونەوەی لە دەورو بەری گرتوە ٠ کە جەنگاوەری کوردیش لە گەل هاوڕێیانی جەنگاوەرەکانی سوپای میللی چەك هەڵنەگرێ ، تەنیا بە دافعێکی نیشتمانپەروەری و سوربونە بۆ پاراستنی شۆڕشو دەسکەوتە مەزنەکانی لە هەموو نیشتمانو لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی بە تایبەتی ٠

ئەم هەستە نیشتمانیەروەریە کە وای لێ ئەکات بێتە ناو سوپای میللی بەهەمان هەستی برا عەرەبەکەیتی کە بەیاننامەی یازدەی ئازارو یاسای ئۆتۆنۆمی بە دەسکەوتێکی شۆڕشگێری بۆ هەموو جەماوەر لە قەلەم ئەدات ، بەشداربوونی کوردیش لە سوپای میللی بەشێکە لە ئەرکە نیشتمانیەکانی بۆ بەرەنگاربوونی نەخشەو وبیلانەکانی ئیمپریالیزمو صەهیۆنیزمو کۆنەرەپەرستان ٠

بایەخدانی سەرکردایەتی سیاسی بە مەشق پێکردنی جەماوەری گەلەکەمان بەهەموو ئایینو نەتەوەکان بۆ بەکارهێنانی هەموو جۆرە چەکێك لە ئەنجامی پێداویستی کتوپڕ نەبوو ، بەڵکو هەروەك سەرۆکی فەرماندە احمد حسن البکر دووپاتی کردۆتەوە : بۆ هەڵسان بە ئەرکەکانی نیشتمانیو نەتەوایەتیو دوورخستنی مەترسی لە ئامانجی نەتەوەکەمان لە خەباتی لە پێناو جێبەجێکردنی کۆمەڵگایەکی سۆشیالیستی دیموکراتی یەکگرتوو ٠٠

سوپای میللی هەموو پێداویستێکی بۆ جێبەجێکراوە کە بێتە تەواوکەری هێزە چەکدارەکانو بتوانی بەدەوری خۆی هەڵسێت لە مستوای نەتەوایەتی ٠ مێژووی نزیکی لوبنانیش شایەتی قارەمانێتی ئەو سوپایە ئەدات ٠ بە تایبەتی لە گۆڕەپانی بەرگری کردنی لە شەرەفی نەتەوەی عەرەبیو وردوخاش کردنی ئەو نەخشەو پیلانانەی کە ئەیەوێت کار لە کەرامەتی بکات ٠ ئەو هێزە قەوارەیەکی وای پێك هێناوە کە لەلایەن هێزەکانی دژی شۆڕش حسابی بۆ ئەکرێ ٠ وە بەشداربوونی جەنگاوەرەکانی سوپای میللی لە گۆڕەپانی لوبنان خاڵێکی پرشتگدارە لە مێژووی خەباتی حزب ٠

هەڤال صدام حسین لە قسەکانی لەگەل جەنگاوەرانی حزب دووپاتی کردۆتەوەو ئەڵێ : هاوڕێیان ٠٠ ئەو کارەی کە بۆی هەڵسانو دەورتان لە لوبنان تەنیا کارێکی جەنگاوەری نیە بەڵکو کارێکی پیرو پاوەرە لە قوربانی دانی راستەوخۆ لە رێگای کاری نەتەوەیی ٠٠ لێرەدا کارو قوربانیدانو ئەرکتان گرنگێتیو قورساییەکی ئیستنائی هەیە سەرەرای قورسایی پالەوانێتی لە پێناو بەرگری کردنی شەرەفی پیاوان لە رۆژانی تەنگانەدا ٠٠ سەرەرای ئەمە بەرگریتان لە شەرەفی پیروباوەر کرد لە رۆژانی تەنگانەدا ٠

تاقیکردنەوەی سوپای میللی کە سەرکەوتنێکی مەزنی وەدەست هێنا لە تاقیکردنەوە دوورو درێژەکانی حزب لە کاری چەکدارکردنی گەل هەڵقولاوە ، هەروەك هاوڕێ طە یاسین رمضان سەرکردەی گشتی سوپای میللی دووپاتی ئەکاتەوەو ئەڵێ : ئیمرۆ ئەبینین کە تاقیکردنەوەی سوپای میللی لە مستوای پێگەیشتنە وەك پەیرەوو قەوارەو یاسا ٠٠ لە پاشا وەك جێبەجێکردن بەدرێژایی هەشت سال کە بەسەر تاقیکردنەوەکەی تێپەڕیوە ٠

دەوری سوپای میللی تەنها ئامادەبوونی شەڕکردن نیە ٠٠ بەڵکو لەمە زیاترە ٠٠ وە لە بارەی نیشتمانیەوە ئەرکی جێبەجێکردنی نەخشەی نەشوونمایی ئەکەوێتە سەر شان وەك تەشکیلاتێکی شۆڕشگێڕی کە پشت بە هۆشیاری ئەبەستێت ، هەوڵو تەقەلاکانی ئەبێ ئاراستەی خێزایی پرۆژەکانی نەخشەبکرێت ٠

پیرۆزبایی لە جەماوەری گەلەکەمان کە ئاهەنگ بەبۆنەی پیرەوەری هەشتەمینی دامەزراندنی سوپای میللی ئەگێڕێ ٠ ئەو سوپایەی کە بەرگری لە شۆڕشو پیروباوەڕەکانی ئەکات ٠

وەزارەتی کشتوکال پاشماوە

دامەزراندنو چاکردنەوە وجیهازێکی کۆمپریسەر بۆ پاککردنەوەو فەحس کردنی بیرەکان کەچەندەیان ئاو ئاوتێدایەو چەندە ئاویان لێهەڵدەبنجرێت لەگەل ئەم جیهازەو ئامیرانەشدا ٣٦ ئۆتۆمبیل لەولقەدا کاردەکات کەئەوانەش بریتین لە ئۆتۆمبیلی گواستنەوەو تانکەرو جۆرە ئۆتۆمبیلێك کە لەئیشوکاری ئەنجامەو دەزگایەدا بەکاردەهێنرێت ٠ دەزگای ناوبراو ئەگەر هەندی گیروگرفتو کۆسپ رێگای کارکردنو چالاکی لێنەگرێت بەتەمایە کە بەرهەمی خۆی لەو نەخشەی بەرهەم هێنانە پترکات کە هەمو ساڵی بۆ خۆی دادەنیو هەوڵی جێبەجێکردنیان ئەدات ٠٠ هەندێك لەو گیروگرفتانەش بریتیە لەنەبونی وەرشەو گەراجو عەمارێك ، بۆ چاککردنەوەو پارێزگاریو هەڵگرتنی کەرەسەکانی کارکردن ، هەروەها کەمی کادیری بەریوەبردن کە ئەمەش دەبێتەهۆی سستی بەریوەبردنی کاروباری بەریوەبردن ، هەروەها کەمی هۆی هاتوچۆکردن بۆ جیگای ئیشکردنو هاتنەوەی کارگیران لەشوێن ئیشەکانیانەوە بۆ شوێنی پشوزانو حەوانەوەیان کەمی پارچەی ئیحتیاتی جیهازو ئامیرەکانی کارکردنو ٠٠ بە جێبەجێکردنی پێویستی یەکانی ئەم دەزگا چالاکو بەرهەم هێنەرە هیوامان گەشە بەوەی دەورێکی باڵاتر ببینێ لە جێبەجێ کردنی بەشی خۆی لە نەخشەی پەرەپێدانی نەتەوەیدا ٠

ئارەزایی « پاشماوە »

پشتگیری کردنی جەماوەری عەرەبی تونس لە خەباتە بەردەوامەکەیداو رووبەڕوبوونی کردەوە نادیموکراتیانەی حوکومەتی تونس کە دژی چارەنووسی جەماوەری عەرەبی رەنجبەریی تونس ئەنوێنێ ٠ رێکخراوەکان لە بروسکەکەیاندا داوا لە کاربەدەستانی تونسیان کردووە

ئەرکی سەرشانی رۆژنامەو « پاشماوە »

رۆژنامەکان، گۆڤارەکان بەمشێوە پێشکەوتنخوازیە ئەبوون لە رێبازو بیروباوەڕیاندا ، کۆنەپەرستو نۆکەرانی ئیمپریالیزمو دوژمنانی بزوتنەوەی ئەتەوایەتی راستەقینەی کورد درێغیان نەکردوە لە هەوڵدان بۆ لەرێلادانیان لە رێبازی پێشکەوتنخوازانەیان و بۆ هێنانەدی بەرژەوەندیو مەبەستە بۆگەنەکانی خۆیان ، تەقەلایەکی زۆریان داوە کە بیانخەنە داوی رەگەزایەتیو بیروباوەڕێ کۆنەپەرستی ئەتەوایەتی تەسکو بچراندنیو دوورکردنەوەی لەخەباتی گەلانیتری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو گەلانیتری جیهان، خۆ ئەگەر لە هەندێ ماوەوکاتدا ئەمەیان بۆ چوبێتە سەر نەیانتوانیوە تا سەر رێبازی راستەقینەی کۆڤارو رۆژنامەکان بشێوێنو رووە راستیەکەی بشارنەوە ، بۆیە لەرو ڕەشیو خەجالەت چیی تریان بۆ نماوەتەوە ٠

**وا ئیمڕۆش شۆڕشی ١٧ی تەموزی ساڵی ١٩٦٨ بە سەرکردایەتی پارتی بەعسی سۆشیالیست قۆناغێکی تازەو نوێی هێنایەبەر رۆژنامەو گۆڤارەکانو جیاوازیەکی تەواوی هەیە لەهەمان قۆناغەکانی رابووردو ، پاش خەباتێکی سەختو هاوبەشی یەکگرتوی بێوچانی پر قۆچو قوربانی ، گەلی عیراقی نەبەز بەئاواتو ئەنجامە نەتەوایەتیو دیموکراسیەکانی گەیشتو سەربەخۆییو ئازادی ئابوریو رامیاری لەوڵات هاتنەدی ، عیراقی خۆشەویستمان بو بە یەکێ لە قەڵاکانی پێشکەوتنخوازانەی دژ بە کۆنەپەرستو نۆکەرانی ئیمپریالیزمو بیروباوەڕی رەگەزایەتیو زایۆنیزم لە جیهاندا ، ئەرکی ئەستۆی رۆژنامەو گۆڤارەکان بەشێوەیەکی تایبەتی لەهەمان کات قورسیو فراوانترە ، دەورێکی هەرەگرنگیو بەنرخی پێراسپێردراوە ، بۆ نواندنی بیروڕای راستەقینەی هەڵقولاو لەجەرگەو دەرونی جەماوەری گەلەکەمانەوەو چەسپاندنی دەسکەوتە دیموکراسیو نەتەوایەتیەکانی گەلی عیراقەوە گشت هەنگاوە شۆڕشگێڕیەکانی شۆڕشی ١٧ی تەموزی نەمر دژی ئیمپریالیستو نۆکەرانی پاڵپشتکردنی رێبازی پێشکەوتنخوازانەی سەرکردایەتی شۆڕشو حکومەتی نیشتمان پەروەرمانو ، پتەوکردنی بەرەی ناوخۆو بەرەی نیشتمان پەروەری نەتەوایەتی پێشکەوتنخواز ، پەرەپێدانی بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازو دیموکراسی ، گەشە پێدانی هەمو چەشنە بەشەکانی رۆشنبیریو پێشکەوتنخوازی نەتەوەیی ، ئەدەبو هونەرو فۆلکلۆرو گشت کەلەپورێکی کوردەواری تەنانەت ژیانەوەو شیکردنەوەی پەلکو توورەکردنی لەگەل هەمان ئەدەبو هونەری پێشکەوتنخوازی گەلانداو پاڵپشتکردنی خەباتی گەلانی جیهان بەتایبەتی گەلی فەلەستینی خاك داگیرکراو لە پێناو سەربەخۆیی و ئازادیو مافە نەتەوایەتیەکانیداو

رزگاربونی لەژێر چەپۆکی زایۆنیزمو ئیمپریالیزمو نۆکەرانی ، هەروەها بایەخدان بەجەسپاندنو پتەوکردنی دۆستایەتیو هاوکاری لەگەل دەوڵەتانی سۆشیالیستو تازە گەشەکردوو لەسەر بەخۆییو رێبازی پێشکەوتنخوازیدا بۆ بەربەستکردنی پیلانەکانی دەوڵەتانی ئیمپریالیستو نۆکەرانو کۆنەپەرست ، چەسپاندنی ئاسایشو ئاشتی لە جیهانداو بۆ هێنانەدی رۆژێکی پڕ ئاسودەو گامەرانی بۆ گەلانی سەرزەمین بەگشتی ٠

شۆڕشی ٨ی شوبات « پاشماوە »

هەتاهەتایە دوایی بەلەرێلادانو هەڵگەڕانەوەبێنێو عیراق بخاتەوە سەررێبازی نیشتمانیی شۆڕشی هەشتی شوبات ٠ شۆڕشی ١٧ی تەموز هەڵەو کەمو کووڕیی یەکانی سەردەمی شۆڕشی شوباتی خستەژێر لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندن بۆ ئەوەی جارێکیتر دووبات نەبنەوە ورێگای جموجول لە هێزەکانی دژ بە شۆڕش بگرێ ٠ راپۆرتی سیاسی کۆنگرەی هەرێمایەتی هەشتەم لەوبارەوە ئەڵێ :

« ئەگەر حیزبێك بۆ جاری یەکەم دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوەگرتو تێیدا سەرنەکەوتو دوچاری نوشوستی بوو ، هەروەك ساڵی ١٩٦٣ بۆ حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب هاتەپێش ، ئەوەشتێکی ئاشکرایەکە ـ ئەگەرچاریکیتر دەسەڵاتی بەدەستەوەگرت ـ هەمیشە تاقیکردنەوەکەی پێشووی لەبەرچاوبێتو هەمیشە بەوشیاریەکی زۆرەوە هەستی پێبکا ٠ حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبیش دوای ئەوەی لە ١٧ـ٣٠ تەموزی ١٩٦٨دا بۆ جاری دووەم لە عیراقدا دەسەڵاتی سیاسی گرتەوەدەست ، هەروابوو ٠

ئەمجارە حیزب دوای ئەوەی لەئەنجامی هەڵکەڕانەوەی تشرینی دووەمی ١٩٦٣دا تووشیهات سووربوو لەسەرئەوەی کەخۆی و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی عەرەب لەکارەساتی تێشکانو رووخان بپارێزێ » ٠

ئەمڕۆکە یادی پانزەهەمین ساڵی شۆڕشی هەشتی شوبات ئەکەینەوە ئەبینین کە شۆڕشی حەفدەی تەموز بەکەڵکوەرگرتن لەتاقیکردنەوەکانی خۆیو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی عەرەبیو جیهانی هەنگاوی زۆر بەنرخو کاریگەری لەرێگای گەشەپێدانی وڵاتو پتەوکردنی یەکێتی نیشتمانی داهاویشتوونو سەرەرای ئەو دۆخە نالەبارەی کەلەئەنجامی سەفەرە سەرشۆڕانەکەی سادات‌و هەوڵوتەقەلای خۆبەدەستەوە دەزانەی هێندی رژێمی عەرەبیدا بۆنەتەوەی عەرەب پێکهاتوە ، کۆماری عیراق بەسەرکردایەتی شۆڕشی حەفدەی تەموزو حیزبە فەرماندەکەی حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب وەك قەڵایەکی قایم لەبەردەم پیلانەکانی ئیمپریالیزمو زایۆنیزمو کۆنەپەرستیدا وەستاوەو بەبڕوایەکی پتەوەوە بەرگری لەمافەرەواکانی نەتەوەی عەرەبو بەتایبەتی مافەکانی گەلی عەرەبی فەلەستین ئەکا ٠

سڵاو لەبانزەهەمین بیرەوەری شۆڕشی هەشتی شوباتو سەرکەوتن بۆ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلان ٠

مردنو سەرشۆڕی بۆ ئیمپریالیزمو نۆکەرەکانی ٠

فیترو شاکرد (پاشماوە)

ئەکەینو شاگردەکان دابەش ئەکەین کەچی ئەوان وائەزانن فەرق ئەکەینو جاری وایش هەیە هەندێ مەسەلە هەیە شاگرد نایزانێو هەڤۆیستمان زۆر ناخۆشە کە رومان نایەت یان ناوترین بەوەستامان بڵێن وجار جاریش وەستا لێماتورە ئەبێو خەلکیش وردە گلەیی خۆی هەر ئەکات وگەلی شتی تریش ٠

● **حەسۆ منالی نازاو زیرەك کە لە هەموو شاگردەکان منال ترە وتی :**

× ئێمە گەلی شادمانین بەبیشەکەمانو زۆرمان لاخۆشە چونکە لەدوا رۆژا ئەبینە شارەزا لە مەسەلەکەی خۆمانداو کەلکی باشی لێوەرئەگرینو هەر بەجۆرە قوتابخانەیەکی دائەینێن ئەگەر وەستا وەکو وەستا عوسمانی ئێمەیش باش بێتو هەرچۆن بێت ئێستا خۆمان ئەژیەنین خوانەی پڕێ وەستا رۆژانەمان ئەداتیو مەسرەفمان بۆ ئەکاو شاگردانەیش وەرئەگرین وزۆریش ناچینە بازار هەتا مەسرەفی زیادە بکەینو رۆژ هەتا ئێوارە بێجگە لەرۆژانی هەینیو پشوەکان هەر واین لەم گەراجەداو لەژێر ئەم ئۆتۆمبێلو ناومەکینەی ئەو ئۆتۆمبێلدا ئەگەرێنێو هیوادارم منالانی ئێستا هەوڵ بدەن قوتابخانە تەواوبکەنو ببنە خاوەن شەهادەو ئێنجا پیشە هەڵبژێرن ٠ ئای کە خۆش ئەبوو ئەگەر من شەهادەی باڵای فیتەریم هەبوایە ئینجا ببومایە بەفیترو ئێستایش هەر شوکرینو سوپاسی وەستامان ئەکەین کە بەقەدەر قوتابخانەیەکی باش شتی لێتوە فێر ئەبینو لە کۆتاییدا ئەڵێم وەکو کاك عوسمانو کاك فەرەیدون وتیان خۆزگا هەموو کەس پەلەی نەئەبوو لە ئیشەکەیاو نەختێ سەبریان ئەکرد ٠

نەوجەوانانی (پاشماوە)

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە (فاتمە قادر) وتی :

من دەوری ئافرەت لەو قۆناغە لە رێزی براکانی دادەنێم ، بەش بە حاڵی وەرزش ، چونکە ئەوەی سروشت داویەتە پیاو کەمتری نەداوە بە ئافرەتیش بۆ هەموو مەسەلەکانی ژیان ٠

● **کاتێ لە یاریەکدا سەر دەکەون هەست بەچی دەکەن ؟**

(ئاورنگ سابیر) بەکورتی وتی :

هەڵبەتە (هونەری وەرزشی + ماندووبون = سەرکەوتن) ٠ جا کە لە یاریەکدا سەرکەوتن وە دەست دێنم ، هەست بەدڵفراوانیەکی یەکجار زۆر دەکەم ، وادەزانم کە ئەو شارەی تیایا دەژیم وەکو من سەرفرازە ، ئەوەی جیگای بەڵگەش نیە لە هەموو شوێنێ سەرکەوتن سەربڵندی لە دوایە ٠

دیسان (هناء خدر) وتی :

جگە لەوەی یاری کەرەکە هەست بەخۆشی زۆر دەکات ، لەکاتی سەرکەوتندا ، بەڵکو لە هەمانکات خەڵکی شارەکە ئەو دەورو بەرەهەست بە گوشادیەکی زۆرتر دەکەن ٠

هەرجارەی نووسینێك (پاشماوە)

هەندیکیشی هەن ئەڵێن ئێمەچیمان داوە لەوە خۆمان بۆ دووچاری گیچەل بکەین لەکاتێکدا هەموو دلسۆزی لێپرسراوە بەرامبەر سوودی گشتی ٠

هەموو هاوڵاتێکی نیشتمان پەروەر ئەبێ شتێك هەر دەربڕێت وولات هی خویەتیونیشتمان هی خۆیەتی بەچ جورێك لەتوانایدا هەبێ ئەبێ ببیاریزیت و ئاگاداری بکات ، پێویستێکی کۆمەڵایەتیەچاو لە چەوتی نەپوشین ، هەر شتێکو لەجێی خویدا ،هەر مەبەستەو لەکایەی خۆیدا ٠٠ وردە وردە دەروونخاوین ئەبێتەوە ، بشوو ئەدات تا وەك چاوی قرژاڵ‌ڕوون ئەبێتەوە ئنجا وینەی داهێنانو ئارەزووەکانی‌دەروون کە بۆ گەشەپێ کردن و پێشکەوتنی مرۆڤایەتی سەرهەڵدەن دیاری ئەکرێت و پەنجەی بزوتنەوەی لێ‌گیردەکرێتو لە دایك دەبێت ٠

هەر مروڤە بەپێی توانالێ‌وەشانەوەو بیروباوەری بەشداری بەرەپێدانی‌شارستانیەتو ئاوەدانی لەخوش گوزەرانیو کامەرانی‌وڵاتو نیشتمانەکەی دائەکات ، ئیتر پێی ناویت ئاهەکانی‌دەروون بخویننەوەو تاسە خنکاوەکان بنیژین ٠

لە هەشتەمین یادی (پاشماوە)

سوپای میللی‌یان خستبوە سەر دەستەی ئامانجەکانیانەوە چونکە دەزانن کە بەهیچ جۆری ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستیو زایۆنی چاونابڕشن لە شۆڕشی عیراقو دەسکەوتە گرنگەکانی لەهەموو رووبەکەوە ٠٠ لەبەر ئەوە سەرکردەی سیاسی بەوردی کەوتە لێکۆڵینەوەو دەرس کردنی ئەم‌باسە وە لە شوباتی ١٩٧٠ بریاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەرچو هاوری طە یاسین رمضان کرا بە فەرماندەری گشتیو هەموو سوپا بەستراوە بە فەرماندەری گشتی هێزە چەکدارەکان ٠٠

ئەرکەکانی سوپای میللی

● پاسەوانی سنوورو ئاگادارکردنی سوپا بە نزیك بوونەوەی دوژمن ٠

● پێشکەش کردنو کۆکردنەوەی هەموو چەشنە هەوالێك لەبارەی دوژمنەوە بەزووترین کات ٠

● یارمەتیدانی سوپا لە هەموو بوارێکدا بەتایبەتی : ١ ـ رێگرتن بە دوژمنو دواخستنی تاکو هێزی سوپا فریا دەکەوی ٠

٢ ـ بەربەرەکانێی هاتنە ژوورەوەی دوژمن ٠٠

٣ ـ پاراستنی دەزگاو پردو شوێنە گرنگەکان لەلایەن کرێکارانو فەرمانبەرانەوە ٠

٤ ـ بەرەنگاری کردنی هاتنەخوارەوەی ئاسمانیو دەریایی دوژمن ٠

٥ ـ پاراستنی هەموو دەسکەوتەکانی شۆڕش ٠

٦ ـ هوشیارکردنەوەی خەڵکو بەرەنگاری کردنی هەموو واتەواتو پروپاگاندەیەکی خراپ ٠٠

سوپای میللی لەعیراق ، لەماوەی ئەم هەشت ساڵەدا بۆتە بەرژێنێکی بەهێزو بەرەبەرە خەریکە دەبێتە ئەو رێگخراوە جەکدارە کە هەموو میللەت دەگرێتەوە تاکو ببێتە ئەو هێزەی کە شکاندنی بۆنیە ٠٠

خوم پێ ناگیرێ (پاشماوە)

ـ بەیەك شەو ٤٥ شیعرم بۆ ئافرەت داناوە

● **لەگەل گۆرانیدا چۆنیت**

ـ حەزی لێئەکەم بەڵام دەنگم ناخۆشە

● **شارەزای موسیقای**

ـ نەوەڵلا

● **نیازت وایە چەند هەزار شیعری تر بڵێیت**

ـ ساڵی وا هەیە هەشت هەزار شیعر دائەنیم ، ساڵی ٩٧٦ جوار هەزارم لەدەم دەرچوە ٠٠ هیچی بۆی دانەنیشتووم

● **ئەی ئەگەر بۆی دابنیشی**

ـ ئەوە هەر لەژمارە نایەت ، زیاتر لە دە هەزار شیعر دائەنیم

● **بەرودوا چەند هەزار شیعرت هەیە**

ـ ١٠٢ هەزارو ٧٦ دێڕ شیعری هەمە جۆرەو بابەتم لەهەمو وەزنو تەرزێك لەدەمم دەرچوە ٠٠

● **ئەتەوێ چەند هەزار چیرۆکیتر بڵێی**

ـ من هەر ئەنوسم

● **یەکەمجار بە چ جۆرە قەڵەمێك شیعرت نوسیوە**

ـ بەقەڵەمی قامیش

● **ئەو تەزبیحەت لە کوێبوو**

ـ ئەمە لەو بۆلە ترێیانەیە ئەیکەن بەناو ئۆتومبێلدا بۆ جوانی ، خۆم کردومە بەتەزبیح ، لەخۆر هەڵاتو خۆرنشین کەس ئەمە نازانی ، ئەیکێشم بەزەویدا ناشکێ جاریکیان لای برادەریك گیشام بەزەویدا نەشکا ٠٠ برادەرەکەم وتی : (هەتیم گەلێ سلیمانی زیرەکن) ٠٠

● **ئەلین چوارینەکانی (خەیام)ت کردوە بەمینی**

خۆت

ـ دوانی خەیامو دوانی باباتایەرو دوانی شەمسی تەبریزیم کردوە بە کوردی ٠٠ ئەوانیتر هینی خۆمە ٠٠

● **ئەو هەمو قەڵەمە چیە بەگیرفانتەوە**

ـ بەکیکیان بۆ هەڵە چاککردنەوە ، بۆراستی نوسین ، بۆ چەوتی خستنەرو ، بۆ خۆشنوسی ، ئەو دەرزەنەکەیتر یارمەتی ئەوانیتر بدەن ٠

● **بۆچی لەکاغەزی بێخەتا ئەنوسی**

ـ خەتدار بۆ ئەوانیە لارئەنوسن ، من راست ئەنوسم

● **رات بەرامبەر بە (نوسەر) چیە ؟**

ـ لەسەد هەزار کەس یەکێك نوسەرە

● **بۆچی لە شعرەکانتا (لەفو نەشر) یان تیا نیە**

ـ لەفو نەشرم زۆرە وەکو جوارینە کە لەگەل بەرمالێکدا بە دیاری پێشکەشی شیخ مەحمودم کردوە بەرمالەکە لە پارچەی (بەیت) بوو ٠

● **زۆر سوپاس**

ڕەشو سپی (پاشماوە)

ئادەمیزاد شەوەزەنگێکی تاریکی ئەکەوێتە یاد یان پۆلێ قەلەڕەش یان کۆمەڵێ ژنی عەبا بەسەر یان کیشوەری ئەفەریقاو هەموو میللەتە ڕەشو ڕووتەکانو تێکۆشانی شۆڕش گێڕی خەلکەکەی کە بۆ ئازادیو سەربەخۆیی چەلەنگانە ئەجەنگێن دژی ئیمپریالیزم یا دور نیە خەلکی هەندی کەسانی دڵڕەشو ڕووڕەشو تەلەکەبازو خائنی‌ی بێنێتەوە یاد وەکو ئەوانەی میللەتو وڵاتی خۆیان دەفرۆشن وەکو (سادات)ی ڕووڕەش وە زۆر شتیتر کە هەتا تاقەتت هەبێت ئەتوانی لابەڕەی سپی لەسەر ڕەش بکەیتەوە ٠٠! بەڵام کەوتت سپی مرۆڤ ئاواییەك بەدڵی دادێو بۆیە یەکسەر بیر لەمێمنیو ئاسایشو خێرو چاکەو دڵ پاکیو سپیەتی ئەکاتەوە وە دورنیە زۆرجار پیاو ئافرەتیکی سپی‌پێستی چاو کاڵی قژەزەردی نەیەتەیاد یازستانی کوردستان سپی پووشی کە بەفر دەشتو کێوو چیاو دڵو دێو شاری داپۆشیوە لەوانەشە زۆر جار شاعرەکان ئەم دێڕە شیعرەی پیرەمێردی نەمریان بێنێتەوە یاد ٠٠٠

بەیانیبوو لەخەو هەڵسام
روانیم بەفر باریوە
سلەیمانی ئەڵێی بەنقیسە
تارای زیوی پۆشیوە

لەوانەشە مرۆڤ ئەمانەشی بەخەیاڵدا بێت پیاوێکی پیری ڕیش‌سپی مردو کەلە کفنەکەوە پێچرابێت یان جووتێ کۆتری جوانی خنجیلانە کە گوڵە جۆیەکیان بەدەنووك هەڵگرتبێت وەیان خەیری زیندە کە ئەڵێن بەبەرگی سپی‌یەوە سەرتەنوران دەگەڕێ یان مێزەری سپی ٠ سەربۆشی زیوکەفو یان مرۆڤ بەتێکەڵی ڕەشوسپی دەبێنێت ، قەلەمونو قازو تەباشیرو تاختە ڕەش چاکەو خراپەو خێرو شەڕ شەڕو ئاشتی بەفرباران ڕۆژو شەو دەمو چاوی کیژێکی جوانی سپیکەلە کەژێکی جوانی شەوەی پەخش کردۆتەوە بەسەر شانوملیدا بێتەوە یان وەیا خەڵزو خۆڵەمیشی هەزاران چێشتی تری بەخەیاڵدا دێت کەوابو لەسەر ڕەشو سپی زۆر ئەتوانین بنوسین بۆ ئەمەو داوا ٠

پوختەیەك لە (پاشماوە)

عیراق بگێڕێتەوە بۆ سەردەمی پیش شۆڕشی پیرۆزی ١٤ی تەموز ٠

● لە سێی تشرینی دووەمدا ١٠٠ هەزار هاونیشتمانی مەسیرەیەکی گەورەیان دژی تاوانی دەرەبەگەکان رێکخست ، سەرۆك احمد حسن البکر لە وتاری خۆیدا بەو بۆنەیەوە گوتی :

« شۆڕشەکەتان بۆیە بەرپا بووە کە هەقی ئێوەو هەقی هەموو زۆر لێکراوێك بستێنێتەوەو لە مرۆ بە دواوە نەدەرەبەگو نەئەوانەی پشتیوانی لە دەرەبەگ دەکەن لە عیراقدا جێگایان نیە ٠

● لە پێنجی مانگدا ٢٨ هەزار خانوو لەبەغدا دابەشکراو لە رۆژنامەی رەسمیدا دەسکاری قانوونی چاککردنی کشتوکال راگەیەندرا ٠

ئەمە بەشێك لە دەسکەوتەکانی شۆڕشی هەشتی شوبات لە ماوەی نۆ مانگ تەمەنیدا بوون ٠ بەدم سیرەکۆنەپەرستەکان نەیانهێشت ئەو رێڕەوە بەردەوام بێتو لە هاژەی ئەو مانگەدا کودیتاشوو بەکەیان وەڕێخست ٠ بەڵام سەرکردە وەفادارەکان لە حەفدەی تەموزی ١٩٦٨دا شۆڕشێکی نوێیان تەقاندەوەو دۆخێکی تازەیان لە عیراقدا هێنایە کایەوە بۆ وەدیهێنانی کۆمەڵێکی سۆشیالیستیو دێموکراتیو یەکگرتوو ٠

Institut Kurde de Paris

ڕەشو سپی

ڕەوا

لەکاتی خۆیدا لەسەر لاپەڕەی ئەم ڕۆژنامەیە گۆشەیەکی بچکۆلانەی پڕ مەغز بلاو ئەکرایەوە بەناوی ڕەشو سپیەوە و هەموو ژمارەیەکی هاوکاری خۆشەویست بیریەشنەبوو لەخستنە پێش‌چاوی ئەم ڕەشوسپیە ...

سەردەمێکی پڕچوو نەما لەبەر هەندێ هۆی تایبەتی بەڵام لەم دوایەدا لەسەر داوای هەندێ دۆستو ناسراوو برادەران بڕیارماندا کە ڕەشوسپی بێتەوە مەیدانو بکەوێتەوە سەرلاپەڕە جوانەکەی هاوکاری تابەگوێرەی توانای خۆی بتوانێ ڕەشوسپی لەیەك چاپکاتەوە بەخوێنەری ئازیز ڕابگەیەنین کە ڕەش هەر ڕەشەو سپیش هەر سپیە ئەگەر جارجار لەکەی لێبکەوێت گەردبیگرێ ویان تێکەڵاویش بکرێت . بەڵام ئەنجام هەر ئیك جیاواز دەبن ! جابۆیە ئەم جارەش هەر باسی ڕەشو سپی دەکەین .

ئازیزەکان هەموو ئەزانین کە بیستنی وشەی ڕەشی مرۆڤچی چاو دەکەوێت یان چی بەخەیالدا تێپەڕ دەبێت زۆرجار بەبیستنی ئەم ووشەیە

بروانە « ل ٧ »

دوکتۆر شۆ لە « هاوکاری »دا ووتی :

خۆم پێ ناگیرێ ئەبێ هەموو ڕۆژێ شیعرێ بڵێم !!

مامۆستا دکتورشو ڕۆژی ٣٠-١-١٩٧٨ ڕێی‌کەوتە بارەگای هاوکاریو لەنگەرێکی‌لێگرتو ئێمەش ئەم دەمەتەقێیەمان لەگەڵاکرد ..

● دوا بەرهەمت چیەکە چاپکرابێ

— بەرگی سێیەمی (دڵداری)یە

● تۆ کە دڵداری ناکەیتبۆ چی بەرهەمەکەت ناوناوە دڵداری

— ئیستاش لەدڵداریدانەزیم ، تامردن دەستی لێ هەڵناگرم

● دڵداری لەگەڵ شیعریان ڕازاوەکانی سروشت

— لەگەڵ هەمو شتێك

● ئەو شیعرانەی کە هێشتا دات نەناوون شێوەکانیان کلاسیکی‌یەیان تازەیە

— لە هەمو جۆرە شێوەو بابەتێکن

● ئەتوانێت تاماوەی چەندرۆژ شیعردانەنێیت ،

— لە هەمو جۆرە شێوەو بابەتێکن

● ئەتوانێت تاماوەی چەندرۆژ شیعردانەنێیت ،

برهان قانع
ئامادەی کردوە

خۆت بگری

— خۆم پێناگیرێ ، ئەبێ هەمو ڕۆژ شیعر بڵێم

● چەند چیرۆکت هەیە

— نزیکەی دوو هەزار چیرۆکم هەیە

● بەرهەمی ئەدەبی ترت چیە ؟

— نوسینی من زوربەیان ئاموژگاریە

● ئەو بەرهەمانەی چابت کردوون

— شەری پشیلەو مشك ، ئاموژگاری ، پێبکەنە ، مژدە ، بنچینەی شورش ، هەمە جۆر ، دڵداری بەرگی سێیەم ..

● ئەی بەرگی یەکەمو دووەم

— لە دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردیە

● جگە لە ئەدەب چیژئەزانی ؟

— بۆ هیچ دانەماوم ، دارتاش ، پینەچێتی ، ئاسنگەری ، سەعاتچێتی ئەگەر پارچەکەی دەسکەوێ ، دەسکاری کارەبا .. ئەم جۆرەشتانە .

● چ ئاواتێکت هەیە

— خۆشی گەلە

● ئافرەت چۆن تێئەگەی

بروانە « ل ٧ »

ئەم کاتەت باش

« درەخشان عمر علی »

● لە سالی ١٩٥٧دا لە شاری سلێمانی بە ژیان شادبوە .

● قوتابی پۆلی پێنجەمی زانیاریە .

● یەکێکە لە ئەندامانی تیپی مۆسیقای قوتابخانەی ئامادەیی کچانو کەمانچە ژەنی تیپەکەیانە .

● دەربارەی کەمانچەکەی ئەڵێت : هەر لە منالیەوە زۆر هۆگری مۆسیقابووەو ئاواتم ئەوەبو کە ئامێرێکی مۆسیقام هەبێت بۆ ئەوەی لە تیپێکی مۆسیقادا بەشداری بکەم ، ئەوەی لەناو هەموو ئامێرەکانی مۆسیقادا سەرنجی ڕاکێشام کەمانچەبوو چونکە ئەمزانی بەهۆیەوە ئەتوانم بەیوەندی لەگەڵ هەموو بەرهەمە کوردیەکانا ببەستم لەم بوارەشدا مامۆستا گوزیدە قەفتانو مامۆستا خالد سەرکار زۆر یارمەتیان داوەو زۆر سوپاسیان دەکەم .

● دەربارەی گۆرانیو مۆسیقای ئیستاکەو تەلەفزیۆن ئەڵێت : لەم چەند ساڵانەی دوایدا مۆسیقاو گۆرانی کوردی پێشکەوتنێکی باشیان بەدەست هێناوەو توانیویانە لە جیهانی هونەرو مۆسیقادا کەلێنێك داگیربکەن .

● سەبارەت بە پەرەپێدانی گۆرانیو مۆسیقای کوردی خوشکە درەخشان ئەڵێت : پێش هەموو شتێك پێویستە لەسەرمان کە فۆلکلۆرو کەلەپوری ئەتەوەکەمان زیندو بکەینەوە بۆ ئەوەی لەسەر بناغەیەکی پتەو دروستبێت پاشان پلە بە پلە بۆ گەیشتنمان بەکاروانی جیهان بەرزببینەوە .

فریا عبدالله

ڕێ‌ڕەو

بایەخ بە خواستی هاوڵاتیەکانو داواو سکاڵاکانیان بدەنو هیلاکو بێزار مەبن لە بەدوادا چونی ئەو خواستو داواکارییاندا ، چونکە ، ئەگەر مرۆڤێکی زوڵم لێکراوتان ڕزگارکرد ، زۆر یان کەم ، بەوە ، خزمەتێکی گەورەی‌ئەم گەلەو بیروباوەری حزبەکەتان ئەکەن .

هاوڕێ صدام حسین

ڕاگەیاندن لە خزمەتی‌نەخشەی پەرەپێدانی نەتەوەییدا .

دەسکردی : هناء صباح بازل

● بانگەوازێك بۆ هونەرمەندانی کورد ●

دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی ، هونەرمەندە تەشکیلیەکوردەکان بانگ ئەکات بۆ درووستکردنی چوارە پۆستەر ، دوانیان بۆ دیوارو دوانیان بۆ بەرگی‌چاپکراوەکانی ، پۆستەرەکانی ناوەڕۆکی سیاسیو کۆمەڵایەتیو بیروباوەری بەیاننامەی (١١)ی مارتوچەسپاندنی ئۆتۆنۆمی لە ناوچەی کوردستان بنوێنن وەك‌دەستکەوتەیەك لە دەستکەوتە هەرە مەزنەکانی شۆڕشی١٧-٣٠ تەموزی مەزن بە ڕابەرایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ، داواکاریشین ئەم پۆستەرانەتا ناوەڕاستی ئەم مانگە بگاتە دەستمان . بەم بۆنەیەوەچاوەڕێی هیمەتی هونەرمەندان ئەکەینو ئەمدەزگایە پاداشت پیشکەش بەچاکترین چوار پۆستەرنەکات .

جیهانی منداڵ

چیرۆك بۆ منداڵان

نیشتمان

کۆترێکی جوانکیلە ، ڕووی کردە یاریگای شارو ، لەژێر بنمیچی خانووەکانیدا ، هێلانەیەکی بۆ خۆی دروستکرد .

ڕۆژێکیان ، گوێی لە هەراو هۆریایەکی زۆربوو ، سەری خۆی بەرزکردەوە ، گەلێك ترسا ویستی بزانێ ئەو هەرایە چییە ! .

ترسێکی زۆری لێنیشت ، چونکە خەڵکێکی زۆری چاوپێکەوت . بیری کردەوەو وای هەستکرد ، کە هەندێك لەو کەسانە دەیانەوێ بیگرنو هێلکەکانی ببەن ، خۆشی چاوەڕێی ئەوە دەکات ، هێلکەکان بجوقێنو بیچووی بچووکی لێ بێتە دەرەوە .

کۆترەکە جارێکی دیکەش ، ملی خۆی درێژکرد ، دیتی هەندێ لەو کەسانە زۆر بەخێرایی ڕادەکەن ، و جارنا- چاریش هەراو هۆریا بەرز دەبێتەوە . زۆر ترسا ، وای زانی بۆ ئەوە هاتوون بیگرن ، خۆی بەسەر هێلکەکانی داداو بیری کردەوە بۆ ڕاکردن . بەڵام بریاری‌دا هێلکەکانی خۆی بەجێ نەهێڵێو نەڕوا .

چونکە زۆر زەحمەتە ، یەکێك مالی خۆی جێبهێڵێو لێی دوور بکەوێتەوە ، کە بێوەی ماندووبووە . زەحمەتە دایك ، بیچوەکانی جێبهێڵێ ، دیسان بیری کردەوەو گوتی : خۆ ئەگەر من بڕۆم لەپاش من ، هێلکەکان دەجوقێنو بێچووەکانم لە برسان دەمرن .

هەرایەکی زۆرکرا ، کۆترەکە چاوە جوانەکانی خستە سەریەکو زیاتر خۆی خستە سەر هێلکەکانی .

پاشان بەربەرە هەراو هۆریایەکە کەم بووەو ، کاتێ کۆترەکە ملی درێژکرد ، دیتی یاریگاکە ، کەسی تێدانەماوە، تەنیا دووسێ کەسی دیت ، کە ئەوانیش خەریکی چوونە دەرەوە بوون .

پاش چەند ڕۆژێك هێلکەکان جوقان . بیچووەکان گەورەبوون .

دیسان هەراو هۆریا ، گەڕایەوە ، یاریگاکە پڕی خەڵك بوو .

بیچووەکان گەلێك ترسانو خۆیان خستە ژێر باڵی دایکیان . کۆترەکە پێکەنیو گووتی :

ڕۆڵەکانم مەترسێن ، ئەوانە مرۆڤی چاکنو ئازاری کەس نادەن . بیچووەکان ، دڵنیابوونو بەسەربەستی بۆ خۆیان دەسورانەوە .

ئەبو بەکر خۆشناو
کردوویەتی بەکوردی

سروودی منداڵ

مکرم رشید تاڵەبانی

ئێمە منداڵی کوردین
ژیرو زرنگو ووردین
خوێندنو قوتابخانە
تەقەڵاوو هونەرمانە
خزمەتی وڵات ئەکەین
بێووچان خەبات ئەکەین
ئێمە ئازین بۆ مردن
یان بۆکات بەسەر بردن
ئێمە ئەژین بۆ ژیان
بۆ ئاسۆی ڕوونی بەیان
ئومێدی نیشتمانین
ئاگای پشوو ئازانین
ڕووناکی شۆڕشمانە
سەرکەوتن مەبەستمانە
ئێمە پیاوی‌و دوارۆژین
بۆ وڵات تێ ئەکۆشین

لە گەڵ نامەی هاوڕێیانی گۆشە

● جەبار عمر مێوژە لە سلیمانی : هەوڵ ئەدەین خواستەکەی تۆو هەموو منداڵە خۆشەویستەکان بەجێ بهێنین .

● ئاواز مامە کەریم : سوپاس بۆ ئەو شیعرە جوانەی ناردوتە .

● کامەران مولود لە هەولێر : هەوڵ بدە شیعری وا بخوێنیتەوە لە گەڵ تەمەنتا بگونجێ .

● عبدالواحد عبدالرحمن لە سلیمانیو طلعت محمد لە هەولێر سوپاس بۆ هەستتان بەرامبەر گۆشەی جیهانی منداڵان .

● چۆن وا لە خۆت ئەکەیت خەڵکی خۆش بوێت

منالە ئازیزەکان

چەند ڕێگایەك هەیە بۆ ئەوەی بەڵێ خەڵکەکە وە خۆشەویست بێت لەمانە بایەخدان بەخەڵکیو ڕێز لێ گرتنیان .

ئێمە ئەگەر بمانەوێ برادەران بەلای خۆمانەوە ڕاکێشین بە جۆرێك ڕەفتار بکەین خزمەتی خەڵکەکەی تیا بێت واتە بەدڵو بەگیان خزمەتیان بکەینو بەدەستی پاکو دڵسوزیان بۆ درێژ بکەین ، دەست درێژ کردنێك دوور بێت لە خۆ پەرەستی .

هەروەها ئەگەر بێتو بەرووبەکی خۆشو دەم بە پێکەنینەوە پێشوازی برادەرێك یا کەسێك بکەیت ئەو برادەرە دڵی خۆش ئەبێت وەکو بڵێ زەردەخەنە لە دەمی خاوەنەکەیەوە بێت دەکەم .

● دەربارەی گۆرانیو مۆسیقای ئیستاکەو تەلەفزیۆن ئەڵێت : لەم چەند ساڵانەی دوایدا مۆسیقاو گۆرانی کوردی پێشکەوتنێکی باشیان بەدەست هێناوەو توانیویانە لە جیهانی هونەرو مۆسیقادا کەلێنێك داگیربکەن .

● سەبارەت بە پەرەپێدانی گۆرانیو مۆسیقای کوردی خوشکە درەخشان ئەڵێت : پێش هەموو شتێك پێویستە لەسەرمان کە فۆلکلۆرو کەلەپوری ئەتەوەکەمان زیندو بکەینەوە بۆ ئەوەی لەسەر بناغەیەکی پتەو دروستبێت پاشان پلە بە پلە بۆ گەیشتنمان بەکاروانی جیهان بەرزببینەوە .

فریا عبدالله

بۆ زاخاوی مێشك

مناڵە خۆشەویستەکان :

لەم خشتەیەدا وشەیەکت بۆ دەرئەکەوێ کە لە چوار بێت پێك هاتوە ئەوەش پاش ئەوەی خەت بەسەر ئەم وشانەی لای خوارەوەدا دێنی ، لەپاشان تەماشاکە ئەو وشەیەی کە ئەیدۆزیتەوە ، چەندە پەیوەندی لەگەڵ وشەکانی تردا هەیە ، بۆ ئاسانی دۆزینەوەی کارەکە بەم شێوەیە دەست پێبکە ، یەکە یەکە سەیری وشەکان بکە پاشان لە خشتەکەدا بیدۆزەرەوە کە لە چەبەوە بۆ ڕاستو لە ڕاستەوە بۆ چەپ بە ئەستونیو ئاسویی دانراون ، پاشان هەر وشەیەکت دۆزیەوە لای خۆت دەست نیشانی کەو لە خشتەکەشدا خەت بێنە بەسەریا :

وشەکان : ڕێ ، ژێ ، ران ، مەڕ ، بزن ، شاخ ، سەگ ، دۆڵ ، چەپەر ، کابان ، دۆشین ، بلوێر ، لەوەڕ ، بەستەك ، فەرەنجی ، ڕانەبێر .

نازاد مەحمود

ق	ڕ	گ	خ	ا	ش	ڕ	ێ
ج	ه	ه	ن	ا	ڕ	ا	ڕ
ن	م	س	د	ۆ	ڵ	ن	و
ه	ن	ا	ب	ا	ك	ه	پ
ر	د	ل	ن	ر	ر	ب	ه
ه	ۆ	ه	ز	ێ	ه	ی	س
ف	ش	و	ب	و	پ	ر	ت
ا	ی	ه	ڕ	ل	ه	ه	ه
ش	ن	ڕ	ێ	ب	ج	ح	ك

ئەوەی نایزانی بیزانە

ئەو گیاندارەی ئاو ناخواتەوە :

● هاوڕێ خۆشەویستەکان : باوەڕ ئەکەن گیان لەبەر هەبێ بتوانی بەبێ ئاو خواردنەوە بژی ؟ ئەگەر باوەڕ ناکەن ، ئەوا بزانن ژمارەیەکی زۆر گیان لەبەر هەن بەبێ ئاو خواردنەوە ئەژین . بۆ نمونە جۆرە مشکێ لە بیاباکانی ئەمەریکا ئەژین کە دانەویلە « کەنەو جۆ » ئەخۆن کەنیسبەتی ئاوی تیایدا لەسەدا ، یان ئەو بڕەکەی ١٠ یە . تاقیکردنەوەش دەری خستوە ئەم مشکە هەتا دانەوێلەی وشك بخوات جاکتر قەڵەو ئەبێ . باشە ئەمە چۆن ؟ گوایە ئەو جۆرە مشکە ئاوی باشەکەوتی لە لەشدایە ؟ بیکرمان نەء ، بەڵام هەر لە خۆیدایە جۆزە « تەڕاییە » ئەوی کە لە دانەویلەدا هەیە .

بۆچی پایز دەنگی گەلا ئەگۆڕی ؟

لە دیاردەکانی پایزو نزیك بوونەوەی زستان زەردبوونی گەلای دارەکانە . ئەمە بۆچی ؟ هوی ئەمە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ڕەگەکانی درەختەکان لەم وەرزەدا زیاتر ماددەی « کروفیل » هەڵئەمژن کە ماددەیەکی بەهێزە لە گەڵاکاندا ، جاکە ئەم ماددەیە لە ڕەگەکانەوە هەڵئەمژرێن بەرە بەرە ڕەنگی ماددەکانی تر وەك ماددەی زنثوفیل کە زەردباوەو کاروتین کە سووربێاوە ... دەر ئەکەوێتو گەڵاکان لە سەوزەوە ... زەردو سووری تێکەڵ ئەنوێنن .

چیناز ئامادەی کردوە

ئەم کاتەت باش

« درەخشان عمر علی »

● لە سالی ١٩٥٧دا لە شاری سلێمانی بە ژیان شادبوە .

● قوتابی پۆلی پێنجەمی زانیاریە .

● یەکێکە لە ئەندامانی تیپی مۆسیقای قوتابخانەی ئامادەیی کچانو کەمانچە ژەنی تیپەکەیانە .

● دەربارەی کەمانچەکەی ئەڵێت : هەر لە منالیەوە زۆر هۆگری مۆسیقابووەو ئاواتم ئەوەبو کە ئامێرێکی مۆسیقام هەبێت بۆ ئەوەی لە تیپێکی مۆسیقادا بەشداری بکەم ، ئەوەی لەناو هەموو ئامێرەکانی مۆسیقادا سەرنجی ڕاکێشام کەمانچەبوو چونکە ئەمزانی بەهۆیەوە ئەتوانم بەیوەندی لەگەڵ هەموو بەرهەمە کوردیەکانا ببەستم لەم بوارەشدا مامۆستا گوزیدە قەفتانو مامۆستا خالد سەرکار زۆر یارمەتیان داوەو زۆر سوپاسیان دەکەم .

● دەربارەی گۆرانیو مۆسیقای ئیستاکەو تەلەفزیۆن ئەڵێت : لەم چەند ساڵانەی دوایدا مۆسیقاو گۆرانی کوردی پێشکەوتنێکی باشیان بەدەست هێناوەو توانیویانە لە جیهانی هونەرو مۆسیقادا کەلێنێك داگیربکەن .

● سەبارەت بە پەرەپێدانی گۆرانیو مۆسیقای کوردی خوشکە درەخشان ئەڵێت : پێش هەموو شتێك پێویستە لەسەرمان کە فۆلکلۆرو کەلەپوری ئەتەوەکەمان زیندو بکەینەوە بۆ ئەوەی لەسەر بناغەیەکی پتەو دروستبێت پاشان پلە بە پلە بۆ گەیشتنمان بەکاروانی جیهان بەرزببینەوە .

فریا عبدالله

هەرچارەی نروسینێك

« ئاهە تاساوەکان »

نووسینی
نەجات رەفیق حیلمی

لەو کاتەی کە مرۆڤ چاوی‌لە بەیاندا ئەکاتەوە ، تیشکی خۆر نەخشی سپی لە نەخشی‌ڕەش جیانەکاتەوە ، مرۆڤ ئاهێکی‌تر هەڵئەکێشیتو گەلێك‌جیاوازیو گەلێکیش لێ‌چوونی تیدا ئەبینرێت لەگەڵ ئاهەکانی‌ڕۆژێکی لەسەو بەردا ، مرۆڤ هەر ئاهێکی‌لەدەورندا بێت دەری ئەبڕێت یاخود دەری نابڕێت .

کە ئاهێك لە دەروندا بووجموجۆڵ پیدا ئەکات کە بوو بە دووناسرەوێت کە لە دوو زیاتر بوو تەنگی پێهەڵئەچنێت کەلە پێنج شەشێك پێکهات وەك شەمامەی لێدێت تا ماوەیەك‌ئەسرەوێت ئنجا لە پڕ ئەتەقێتەوە ج تەقینەوەیەك ئەودەروونو خاوەن دەروونە ئەتوێنێتەوە .

کێ لە ئێمە ئاهێکی ووردی‌ساکاری هەڵرشتوە ؟

کێ ئەڵێت ئاکاکەی شوفێرلەسەرخۆ ئۆتۆمبیلەکەت لێبخۆرە ؟

کێ‌ئەڵێت برام لەڕوێشتندا ئاگات لەخۆت بێ خۆت لە کەس مەدە ، ئەوەی‌بەدەستیەوەیە هەلی مەدە ، بەرشو بڵاوی مەکەرەوە ؟

کێ ئەڵێت فەرموو تۆبیش من بکەوە ؟ چونکە تۆ لە پیش منا ڕاوەستا بویت بادوا نەکەویت بۆ نزرە مافی خۆتە ؟!

کێ ئەڵێت وڵات وڵاتی‌خۆتە پیسی مەکە شت فڕێ مەدە ؟

کێ ئەڵێت « منداڵ لەشەقامەکە مەپەڕێنەوە ؟ وەرن دەستان بگرم بتانبەرینمەوە » ؟!

کێ دەستی پیرێك یاکوێرێك ئەگرێتو ڕێی پیشان ئەدات ؟!

کێ ئەڵێت تۆ بەهەلەچوویت ؟!

کەم کەس هەیە بڵێت‌ئەوەندەم لە بارا هەیەو بەس هیچی ترم پێ ناکرێت ؟ ئەمئاهەیان لە هەموو ئاهەکانی‌تر لای دڵسۆزان گرانترە ئەویش‌ئەوەیەکەم کەس هەیە کە دەست ئەداتە کارێکو ئایاتەسەرو پێی تەواو ناکریت « دانیش بەوەدا نانێت کەلە توانایانیەو ئەوە ئیشی ئەونیە » بەڵکوو بە پێچەوانەلە سەری ئەڕواو زوریش لەوە ئەوێ کە ئەو ئیشەگرنگە هەر بەو ئەکرێتو کەس لەو باشتری پێناکرێت .

کێ ئەو هەمو ئاهەتاساوانەی دەروونی دەرئەبڕێتو ڕوبەڕو یەخەی‌بێتواناو لێنەهاتوەکان ئەگرێو ڕوو بەڕوو بێ‌ی‌ئەڵێت تۆ بەهەلە چویت ، ڕەفتارت بگۆڕەو جێ پێی‌خۆت چاك بڕوانە .. باخوت وکەسێکی تریش نەرەنجێنێت .

بروانە ل٧

ابراهیم فرید — رەوا پێنجوینی — ژیان علی — ئەزهار علی — هەژار سامی — سامیە سامی — رەحمەو فاطمە محمد — ئەمیر عمر — سەردار عمر — خالد ولید

رەوەند انور — ژیلا انور — زردیشت عثمان — دلشاد حکیم — شەهلا فاتح — سالار سعید — عادل سعدالله — شیرین شیرزاد — عبیر علی — سها عصام — جمال سلمان

Institut kurde de paris